مەسرور بارزانی: سەقامگیریی هیچ حکوومەتێک پارێزراو نابێت ئەگەر خەڵکەکەی ژیانێکی ئازاد و سەربەخۆ و ڕێزلێگیراویان نەبێت

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5841) پێنج شەممە 3ی تشرینی یەکەم 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

گەشەپێدانی سامانە سروشتییەکانمان دەبێتە هۆی ئەوەی لە ڕووی وزەوە سەربەخۆ بین



دوێنێ چوارشەممە 2019/10/2ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان گوتارێکی بە زمانی ئینگلیزی لە کۆنفرانسێکی زانکۆی کوردستان لە هەولێر پێشکەش کرد کە تایبەت بوو بە ڕوانگە و ستراتیجی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ سەقامگیریی لە عێراق و ناوچەکەدا.

دەقی وتارەکە لەلاپەرە سێ بخوێنەوە



2

ئەنجوومەنی وەزیران کۆبوونەوە

فەرمانبەران دەبێ پێشەیانە مامەڵە لەگەڵ نووسراو و بەڵگەنامە فەرمییەکان بکەن

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە باڵیۆزی کۆماری ئیسلامی ئێران لە عێراق دەکات

ئیرەج مەسجدی: بە گەشبینییەوە لە کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەڕوانین

2



دامەزراندنی حکوومەتی پەرەسەندنگەرا و ڕێچاری بەهێزبوونی باشووری کوردستان

ڕاچلەکینی ولاتانی بەجێماوی جیهانی سێیەم و هەوڵدانیان بۆ گەیشتن بە هەواری پەرەسەندن، بۆتە بابەتێکی گەرمی ئەوڕۆیی لە نێو بژاردەکانی زانکۆیی و دەوڵەتی،بە جۆرێک کە هەر وڵاتەی بەپێی توانا و قەبارەی خۆی کاری سیاسەت دانان بۆ ئامانجکەی پەرەسەندن دەکات. باشووری کوردستان لە دوای هەوراز و نشێوێکی زۆر، هەست بە کەلێنی دواکەوتوویی دەکات و کەڵکەڵی پەرەسەندن بۆ بژاردە ئەکادیمییەکانی بۆتە پرس. هەروەها بژاردە دەوڵەتییەکانیشی لەم بابەتە بێئاگا نین و کەم و زۆر نموونەی کاری پەرەسەندن لە ئاسۆی وتار و دروشمی دامەزراوەکانی حکوومەت دەبینرێ. یەکێک لەو نیشانانە بڕیاری بەهێز بوونە.

(زیاتر لە ل9 بخوێنەوە)



7

لە کارگەی مافووری سلێمانی 50 ئافرەت سەرقاڵی ڕستن و چنینن



عێراق... جارێکی دیکەش خۆپیشاندان دەستپێکردەوە

4

ژمارەی قوربانییەکان بەرزبوونەوە و دەیان کارمەندی هێزە ئەمنییەکانیش بریندار بوونە

● د. ڤیان سەبری: پشتگیری لە خۆپیشاندانی ئاشتییانە دەکەین و لەگەڵ توندوتیژیدا نین ●



15

ڕۆنالدۆ بیر لە وازهێنان دەکاتەوە



6

دهۆک... تیمەکێ نۆشدارێن ئەمریکی دێ ژمارەکا نشتەرگەریان بۆ وەلاتیان ئەنجامدەن

یەکەی نیشتەجێبوون بۆ خەڵکی کەمدەرامەت دروست دەکرێت

6



هەفتەی داهاتوو کۆنگرەی هەنگەوانانی جیهان لە کوردستان بەڕێوەدەچێت

ئەمساڵ 23 هەزار مێشەوان هەن و خاوەنی زیاتر لە 80 هەزار پوورەهەنگن، بەرهەمی هەنگ بۆ پێنج بەرابەر زیاد بووە. پار کۆی بەرهەمی هەنگوینی هەرێمی کوردستان کەمتر لە 100 تۆن بوو، ئەمساڵ 500 تۆن هەنگوین لە هەرێمی کوردستان بەرهەم هێنراوە. سەرۆکی تۆڕی کۆمەڵەی هەنگەوانانی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، هەفتەی داهاتوو کۆنگرەی هەنگەوانانی جیهان لە کوردستان بەڕێوە دەچێت و باشترین جۆری هەنگ و هەنگەوان دەستنیشان دەکرێت.

(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)

ئەنجوومەنی وەزیران کۆبووەوە

فەرمانبەران دەبێ پیشەییانە مامەڵە لەگەڵ نووسراو و بەڵگەنامە فەرمییەکان بکەن



دوێنێ چوارشەمە 2019/10/2 نووسراو و بەڵگەنامە فەرمییەکان بن سالّی 1991 هەموارکراودا وەک ئەرکێکی فەرمانبەرایەتی هاتووە.

بڕگەی دووەمی کۆبوونەوەکە خستنەڕووی قەرز و پابەندە دارایەکانی ئەستۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بوو کە سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران د.ئامانج رەحیم ڕاپۆرتێکی وردی پڕ ژانیاری و داتای پێشکەش کرد و لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە گفتوگۆی پێویستی لەبارەوە کرا. ئەنجوومەنی وەزیران سوپاسی سکرتێری ئەنجوومەنی کرد بۆ ئەرک و ماندووبوونی لە ئامادەکردنی ئەو ڕاپۆرتەدا. کە گفتوگۆ دەربارەی چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئەو قەرزانە و میکانیزمی پاکتاوکردنیان کرا کە هەندێک لەو قەرزانە دەکەوێتە ئەستۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و نابێت فەرمانبەران لە دەرەوەی مەبەستی وەزیفی بۆ بەرژەوەندی خۆیان یان کەسانی دیکە مامەڵەیان پێ بکەن یان لە ئینتەرنێت و بەتایبەتی سۆشیال میدیا بڵاوبکرێنەوە، ئەمەش لە ماددەی 5ی یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە 14ی چوارچێوەی گفتوگۆ و دانوستانی نێوان هەردوولا یەکلادەکرێنەوە.

ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و ئامادەبوونی قوباد تالەبانی جێگری سەرۆک وەزیران کۆبووەوە.

لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا، جەختکرایەوە لە سەر ئەوەی فەرمانبەران دەبێ پابەندی پاراستنی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و ئامادەبوونی قوباد تالەبانی جێگری سەرۆک وەزیران کۆبووەوە.

لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا، جەختکرایەوە لە سەر ئەوەی فەرمانبەران دەبێ پابەندی پاراستنی

شاندێکی باڵای حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا دەکات

شاندێکی باڵای حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدای پایتەختی عێراق دەکات و چەند پرسێکی گرنگ تاوتوێ دەکات. فارس عیسا، نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدای پایتەختی عێراق بە خەباتی ڕاگەیاند، سێشەممەی داهاتوو، شاندێکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا دەکات. ڕوونیشی کردەوە کە شاندەکە لە هەرێک لە د. ئومێد سەباح، سەرۆکی دیوان لە سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران، خالید شوانی، وەزیری هەرێم و دارا ڕەشید مەحمود، وەزیری پلاندانانی هەرێمی کوردستان پێک دێت. ئەوەشی ئاشکرا کرد کە لە کۆبوونەوەکانیدا شاندەکە لەگەڵ بەرپرسانی عێراقی، پرسی بودجەی 2020ی عێراق و ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتی تاوتوێ دەکات.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە باڵیۆزی کۆماری ئیسلامی ئێران لە عێراق دەکات

ئیرەج مەسجدی: بە گەشبینییەوە لە کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەڕوانین



دوێنێ چوارشەمە/2019 10/2 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە ئیرەج مەسجدی باڵیۆزی کۆماری ئیسلامی ئێران لە عێراق و شاندێکی یاوەری کرد. لە دیدارەکەدا گفتوگۆ دەربارەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران و گۆڕانکارییەکانی عێراق و ناوچەکە کرا.

باڵیۆزی کۆماری ئیسلامی ئێران ڕایگەیاند کە ئێمە بە گەشبینییەوە لە کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەڕوانین کە پەرە بە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی بدات و ئامادەیی ولاتەکەشی بۆ هەر هاوکارییەک لەمبارەیەوە دەربڕی.

هەرێمی کوردستان و کۆریای باشوور پەیوەندییەکان پتەو دەکەن

ئومێد خۆشناو: لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمانی کۆریای باشوور باسمان لە هەماهەنگی پەرلەمانیی کرد

شاندێکی پەرلەمانی کوردستان سەردانی سیئۆڵی پایتەختی کۆریای باشووریان کردووە، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتیش لە پەرلەمانی کوردستان رایدەگەیەنێت، ئەم سەردانە بە بانگهێشتی فەرمیی پەرلەمانی کۆریای باشووریە و بۆ پێتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولایە.

ئومێد خۆشناو، لە لێدوانێکی تایبەتدا لەبارەی سەردانەکەیانەوە، بە ماڵپەڕی پارتی ڕاگەیاندووە: لە چوارچێوەی سەردانەکەی شاندی پەرلەمانی کوردستاندا، لەگەڵ مون هیسانک، سەرۆکی پەرلەمانی کۆریای باشوور کۆبوونەوە و باس لە گرنگیی پەیوەندیی نێوان هەردوولا کرا و تیشک خرایە سەر هەماهەنگیی نێوان هەردوو پەرلەمان، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانیش، سوپاس و ستایشی پەرلەمان و گەلی کوردستانی لەمەڕ هاوکارییەکانی تیپی زەیتوون و ڕێکخراوەکانی کۆریا بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەکانیان لە کوردستان گەیاندە سەرۆکی پەرلەمانی کۆریا و داوای لە سەرۆکی پەرلەمان کرد کە، هانی حکوومەتی کۆریا بدات بۆ بەهێزترکردنی پەیوەندیی نێوان هەردوولا و بەهێزترکردنی هاوکاریی نێوان هەردوو وەزیری دارایی و ئابووری و خوێندنی بالا و توێژینەوەی زانستی ڕاسپارد کە بۆ کۆبوونەوەی داهاتووی ئەنجوومەنی وەزیران بە خشتەیەک پۆلێنکردنی یەکەمەکان بە پێی پسپۆڕی و پێویستی ئامادە بکەن بۆ ئەوەی بڕیاری کۆتاییان لە بارەوە بدرێت.

شێرین ئامێدی بۆ خەبات: هاوپەیمانیی کوردستانی ئومێد بۆ خەڵکی ناوچە کوردستانییەکان دەگەڕێنێتەوە

ئەندامێکی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان رایدەگەیەنێت، کە بە دروستکردنی هاوپەیمانیی کوردستانی، ئومید بۆ خەڵکی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان گەڕاوەتەوە. شیرین ئامێدی، ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی بە خەباتی ڕاگەیاند، بەهۆی یەک لیستیی لایەنە کوردستانییەکان، خەڵکی کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان دڵخۆش دەبن و ئومێدیان بۆ دەگەڕێتەوە. شیرین ئامێدی ئاماژەشی بە گرنگیی ناوچەکانی دەشتی نەینەوا و کەرکووک بۆ گەلی کوردستان کرد و ڕایگەیاند: کورد جارێکی دیکە بەیەک دەنگی گەڕایەوە و "ئەمەش باشترین دەسکەوت و سەرکەوتنە.ئەو ئەندامەی سەرکردایەتیی پارتی ئاماژەی بە دڵنیایی خۆی لە سەرکەوتنی لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق کرد و ڕایگەیاند، ئەگەر "دوژمنان" پیلانێکی دیکە دژی کورد دانەڕێژن، ئەوا ئەو لیستە سەرکەوتوو دەبێت.

هەروەک شیرین ئامێدی ڕایگەیاند، لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی عێراق لەگفتوگۆدان تا پرسی ئاوارەکان چارەسەر بکرێت، بەتایبەت ژمارەیەکی زۆری ئاوارە هەن، کە مافی دەنگدانیان نەماوە و ناتوانن بگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانیان، بۆیە دەبێت کارئاسانییان بۆ بکرێت. ئامێدی ئاماژەی بە تانەی حزبەکەی لە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق کرد و ڕایگەیاند، حزبە کوردستانییەکانی دیکەش وەک پشتیوانییەک بۆ تانەی پارتی، تانەیان لە یاساکە داوە. جێی باسە ڕۆژی 2019/9/28 نۆ حزب و لایەنی کوردستانی پێکهێنانی هاوپەیمانیی کوردستانییان بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق، کە بڕیارە لە مانگی نیسانی 2020 ئەنجام بدرێ، ڕاگەیاند .

شاندێکی پارتی بەشداری کۆنفرانسی پارتی پارێزگارانی بەریتانیا دەکات

شاندێکی پارتی دیموکراتی کوردستان کە پێکهاتبوو لە شێرکۆحەبیب بەرپرسی مەکتەبی پارتی لە قاهیرەو دارا باراوی ئەندامی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی بەشداری لە کۆنفرانسی سالانەی پارتی پارێزگارانی بەریتانیایان کرد. بە بەشداری دەیان شاندی پارتە جیهانییەکان، پارتی پارێزگاران (کۆنزیرڤەتیف پارتی) بەریتانی دەسەڵاتدار لەشاری مانچستەر لەڕۆژانی 9/29 تاوەکو 10/2 کۆنفرانسی سالانەی خۆی ئەنجامدا.

لەماوەی ڕۆژانی کۆنفرانسەکە شاندی پارتی چاویان بە کۆمەڵێک کەسایەتی و سیاسەتمەداری بەشداربوو کەوت، لەمیانەی ئەو دیدارانە شاندی پارتی باسی ڕەوشی ئەمڕۆی کوردستان و پەیوەندی نێوان هەولێر و بەغدایان کرد، لەدیدارێک لەگەڵ سەرۆکی پارتی پێشوازی لە شاندەکە کرد کە بە داوەتێکی فەرمی بەشداری لە ئاهەنگی پێشوازی پارتە دەستەخوشکەکان ڕێکخرابوو، سلاوی جەنابی سەرۆک بارزانی و سەرکردایەتی پارتیان پێڕاگەیاند و هیوای سەرکەوتنی کۆنفرانسەکەیان بۆ خواست. لەلای خۆیەوە سوپاسی سەرۆک بارزانی کرد و دووپاتی بەردەوامی هاوکاری گەلی کوردی کردەوە. هەر لەمیانەی ئەو ئێوارە ئاهەنگە شاندی پارتی چەندین دیداری لەگەڵ شاندە جیاجیاکان ئەنجامدا کە ڕەوشی ئەمڕۆی کوردستان وپێکەی پارتی لەچەسپاندنی ئاشتی و چەسپاندنی دیموکراسی باسی لێوەکرا، هەروەهاپێتەوکردنی پەیوەندی نێوان پارتی وئەوحزبانە بیرورایان لەسەرئالۆگۆرکرا.

هەرلەمیانەی ڕۆژانی کۆنفرانس ئێوارەی ڕۆژی ئەم مانگە ئێوارەئاهەنگێک بۆ دیلۆماتکار و سەرۆکی شاندە بەشداربووەکان سازکرا، کەشاندی پارتی بەفەرمی بانگهێشت کرابوو، و کۆمەڵێک دیداری ئەنجامدا لەگەڵ چەندین دیپلۆماتکار و ئەندامانی پەرلەمان و لەگفتوگۆیەک لەگەڵ داواکاری گشتی بەریتانیا و ئەندام پەرلەمان (جیفری کۆکس) باس لەپشتیوانی حکوومەت و پەرلەمانی بەریتانیاکرا، لەلای خۆیەوە خۆشحالی خۆی بۆ ئامادەبوونی پارتی دەربڕی و دووپاتی پشتیوانی لەمافەکانی کورد کردەوە. جێی باسە لەو کۆنفرانسەدا شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان وەک تاکە پارت لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستان داوەتی ئەو کۆنفرانسە کرابوو.

مەسرور بارزانی: سەقامگیریی هیچ حکوومەتێک پارێزراو نابێت ئەگەر خەڵکەکەی ژیانێکی ئازاد و سەربەخۆ و ڕێزلێگیراویان نەبێت

دەبێ مافەکانمان وەک هەرێمێکی دانپێدانراوی فیدراڵی پارێزراو و ڕێزلێگیراو بن



گەشەپێدانی سامانە سروشتییەکانمان دەبێتە هۆی ئەوەی لە ڕووی وزەوە سەربەخۆ بین

بەیانیتان باش

زۆر سوپاس بۆ زانکۆی کوردستان بۆ ڕەخساندنی ئەم دەرفەتە بۆ قسەکردن لەبارەی ڕوانگە و ستراتیجیەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەربارەی سەقامگیریی لە عێراق و ناوچەکەدا.

بێگومان چەند بنەمایەک هەن بۆ ئەوەی سەقامگیریی و ئارامی لە هەر وڵاتێ و دەڤەر و ناوچەیەک هەبێت. هیچ حکوومەت و هەرێمێک ناتوانێت بە بێ کۆنترۆڵکردنی سنوورەکانی سەقامگیریی خۆی مسۆگەر بکات و خۆی لە هێرش و دەستدرێژی بپارێزێت. هەروەها سەقامگیریی هیچ حکوومەتێکیش پارێزراو نابێت ئەگەر خەڵکەکەی ژیانێکی ئازاد و سەربەخۆ و ڕێزلێگیراویان نەبێت. یان پارتە سیاسییەکان لە پێناو بەرژەوەندی گشتی، کێشە و ناکۆکییەکانیان بەلاوە نەنێن. ئەمانە بەشێکی گرنگن لەبنەماکانی چەسپاندنی سەقامگیریی کە ڕەنگە ئەمڕۆ بەشدارانی ئەم کۆنفرانسە بە درێژی گفتوگۆی لەبارەوە بکەن.

من ئەمڕۆ لێرەدا قسە دەربارەی بنەمایەکی گرنگی چەسپاندنی سەقامگیریی لە هەرێمی کوردستان دەکەم کە ئەویش پەیوەندی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵییە لە بەغدا.

ئێمە لە کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کارنامەیەکی ئومێدبەخشمان ڕاگەیاندووە بەڵام بێگومان جێبەجێکردنی ئەو کارنامەیە، بەندە بە بوونی پەیوەندییەکی بنیاتنەر و هاوبەشانە لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی لە بەغدا.

ئەو پەیوەندییەی ئێمە بە عێراق دەبەستێتەوە، چەند لایەنەیە: چ لە بواری بەرگریکردن بێت لە ژیان و گوزەرانی خەڵک و دۆخی دارایی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و ئەو یاسا و ڕێسایانەی پێویستە جێبەجێ بکرێن، تا پاراستنی ئەو سنوورانەی پێویستە کۆنترۆڵ بکرێن وبپارێزرێن.

هەبوونی پەیوەندییەکی باش لەگەڵ بەغدا یارمەتیدەرێکی سەرەکی هەبوونی ئارامی وسەقامگیرییە کە زۆر گرنگە بۆ هاندانی وەبەرهێنەران بەتایبەتی وەبەرهێنەرانی بیانی بۆ سەرمایەگوزاری کردن لە هەرێمی کوردستاندا و پەرەپێدانی هەموو کەرتەکانی ئابووری بە شێوەیەک کە تەنیا پشت بە یەک سەرچاوەی داهات نەبەسترێت.

هەر بۆ نمونە پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ و بەرووبوومی کشتوکاڵی، ئاسایشی خۆراکمان بۆ دابین دەکات. گەشەپێدانی سامانە سروشتییەکانمان دەبێتە هۆی ئەوەی لە ڕووی وزەوە سەربەخۆ بین. هەروەها پاراستنی ژینگە و سروشتی دڵفێنی کوردستان، زیاتر هانی گەشتیاران دەدات بۆ ئەوەی زیاتر ڕوو لە هەرێمی کوردستان بکەن بە تایبەتی لە شار و ناوچەکانی عێراقدا. بۆیە هەبوونی پەیوەندییەکی باش و بەهێز لەگەڵ بەغدا، کاریگەرییەکی ئەرێنی لە سەر ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی هەرێمی کوردستان و هەموو عێراق دەبێت .

لێرەدا پێمخۆشە ڕاشکاوانە باس لەوە بکەم کە ئێمە لە هەرێمی کوردستان دەمانەوێت پەیوەندییەکی باشی بنیاتنەرانە و جێگیرمان لەگەڵ بەغدا هەبێت. پێمواییە بەغداش هەمان ئامانجی هەیە. لەم چوارچێوەیەدا دەتوانم بڵێم کە بە درێژایی ساڵی ڕابردوو پەیوەندییەکی ئەرێنی و دۆستانەمان لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕێزدار عادل عەبدولمەهدی و تیمەکەی بنیاتناوە. ئاشکرایە هەردوولامان بەرژەوەندی هاوبەش بەیەکەوەمان دەبەستێتەوە ، هەردوولامان سەقامگیریی و گەشەپێدانی ئابووری وخۆشگوزەرانیمان دەوێت و دەشزانین بۆ هاتنەدی ئەو ئامانجانە پێویستە هاوکاری یەکتر بین.

بێگومان لە ساڵانی ڕابردوودا کێشە و گرفت وناکۆکی لە نێوان هەردوولامان دروست بووە، بەڵام ئامانجی لەپێشینەی ئێمە ئەوەیە کێشەکان لە سەر بنەمای دەستوور و بە لە یەکتێگەیشتن چارەسەر بکەین. ئەمەش لە بەرژەوەندی هاوولاتیانی هەرێمی کوردستان و هەموو عێراقدایە.

ئێمە دەمانەوێ لە ڕێگەی هەبوونی پەیوەندییەکی باشی بنیاتنەرانە لەگەڵ بەغدا، دواڕۆژێکی گەش بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان دابین بکەین.

چارەسەرکردنی بنەڕەتی کێشەکان پێویستە لە سەر بنەمای ڕێز لە یەکترگرتن و ڕێزگرتن بێت لە مافە دەستوورییەکانمان. چونکە لەبەرچاوگرتن و ڕێزگرتن لە مافی لایەنێک و پێشێلکردنی مافەکانی لایەنەکەی تر ، کێشەکان ئاڵۆزتر دەکات و هەرگیز دەبێت بۆ سەر تەناهی و سەقامگیریی.

بودجە:

– لێرەدا پێمخۆشە ئاماژە بەوە بکەم کە گفتوگۆکانمان لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی بەردەوامن و بە ئاراستەیەکی باشدا دەڕۆن. بەتایبەتی گفتوگۆکانی تایبەت بە بودجەی 2019-2020و ماف و شایستە دارایییەکانی هەرێمی کوردستان. بە پێویستی دەزانین بگەینە ڕێککەوتنێکی ماوە درێژی دادپەروەرانە لە سەر بنەمای دەستوور .

نەوت وگاز:

– سەبارەت بە ناکۆکییەکانی نەوت و گاز، ئێمە دووپاتی دەکەینەوە کە دەبێ بە پێی دەستوور کێشەکان یەکلابکرێنەوە و چارەسەر بکرێن و مافەکانمان وەک هەرێمێکی دانپێدانراوی فیدراڵی پارێزراو و ڕێزلێگیراو بن.

داهاتی نەوت لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا ڕۆڵێکی گرنگ و سەرەکی هەیە لە دەستنیشانکردنی بودجەدا. بۆیە ئێمە زۆر بەگرنگ و پێویستی دەزانین سەرچاوەکانی داهات هەمەچەشن و جۆراوجۆر بکرێن و تەنیا پشت بە یەک سەرچاوەی داهات نەبەسترێت. بۆ ئەوەی لەماوەی مەودا درێژدا پلانی باشتر بۆ گەشەپێدانی ئابووری دابنێین.

ناوچە کێشە لەسەرەکان:

– دەربارەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و کێشە لەسەر، کەرکووک چەق و سەنتەری گفتوگۆکانمانە لەگەڵ بەغدا کە پێویستە کێشەی ئەو ناوچانە بەپێی نەخشەڕێگایەک چارەسەر بکەین بە گوێرەی ماددەی 140ی دەستوور. ئەو ناوچانە کە بە (ناکۆکی لە سەر) ناودەبرێن خۆی لە خۆیدا مانای ئەوەیە نابێت هیچ لایەنێک بە تەنیا کۆنترۆڵیان بکات و بەڕێوەیان ببات هەتا دەگەینە چارەسەرێکی بنەڕەتی. ئەمەش هۆکارێک دەبێت بۆ چەسپاندنی سەقامگیریی لەو ناوچانەدا. بە پێچەوانەوە هەر بڕیارێکی تاکلایەنە یان سەپاندنی فۆرمۆڵەیەکی دیاریکراو و دوور لە خواست و ئارەزووی دانیشتووان و پێچەوانەی دەستوور، هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ سەر ئاسایشی ناوچەکە.

لەمبارەیەوە ئێمە داوای هەماهەنگی ئەمنی و سەربازی دەکەین لەو ناوچانەدا کە یارمەتیی حکوومەتی خۆجێی بدات. هەروەها لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکانیش کاردەکەین لە پێناو دۆزینەوەی میکانیزمێکی هاوبەش بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ناوچانە هەتا دەگەینە چارەسەری کۆتایی و بنەڕەتی کێشەکان.

پێشمەرگە:

– خاڵێکی گرنگی تری گفتوگۆکانمان تایبەتە بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە داوا دەکەین پێشمەرگە بەشێک بێت لە سیستەمی بەرگری عێراق . من خۆم لە تەمەنی شازدە ساڵییەوە بووم بە پێشمەرگە و لە نزیکەوە فیداکاری و قارەمانێتی و دیسپلینی پێشمەرگەم بینیوە. هەموتان دەزانن کە هێزی پێشمەرگە چۆن لە شەڕی بەرگریکردن لە هەرێمی کوردستان و عێراق ئەفسانەی تیرۆریستانی داعشیان تێکشکاند و لەجیاتی لە هەموو جیهان ڕووبەڕوویان بوونەوە. پێشمەرگە هێزی پاڵەوان و قارەمانی گەلی کوردستانن و، جیهانیش ئەمە دەزانێت. بۆیە بە هیچ شێوەیەک دەستبەرداری ماف و داخوازییەکانیان نابین و داوا دەکەین ڕۆڵێکی گرنگییان هەبێت لە سیستەمی بەرگری عێراقدا. بە تایبەتیش کە ماوەیەکە لەگەڵ برای بەڕێزم کاک قوباد تاڵەبانی و بەڕێز کاک شۆڕش ئیسماعیل وەزیری پێشمەرگە خەریکی ئەنجامدانی چەند چاکسازییەکین لە ناو پێشمەرگە بۆ ئەوەی پێشمەرگە بتوانێت بە شێوەیەکی باشتر خزمەتی چەسپاندنی سەقامگیریی لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا بکات.

ئامادەبوونی بەڕێز :

وەک لە سەرەتاوە ئاماژەم پێدا، ئێمە زۆر بەجیددی کار لە سەر باشترکردنی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی دەکەین. چارەسەرکردنی کێشەکانیشمان لە بەرژەوەندی هاوولاتیانی هەموو عێراقە و لە بەرژەوەندی سەقامگیریشە لە ناوچەکەدا. بۆیە پێمانوایە ئێستا دەرفەتێکی باش هاتووەتە پێش بۆ چارەسەرکردنێکی بنەڕەتیانەی کێشەکان لە سەر بنەمای دەستوور.

هیوادارم ئەم دەرفەتە لە دەست نەدەین و هەردوولامان کاربکەین لە پێناو خزمەتکردنی هاوولاتییەکانمان و بنیاتنانی کوردستانێکی بەهێز و عێراقێکی بەهێزدا.

زۆر سوپاس

سەفین دزەیی: حکوومەتی هەرێم پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و جیهان فراوانتر دەکات



بەڕێز سەفین دزەیی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت، حکوومەتی هەرێم ئاستی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و جیهان فراوانتر و بەهێزتر دەکات، لە ئایندەیەکی نزیکیشدا وڵاتی یۆنانیش کۆنسوڵگەری لە هەولێر دەکاتەوە و ژمارەی کۆنسوڵخانەکانیش لە زیادبوونداید.

سەفین دزەیی، لە لێدوانێکدا بە مالپەڕی پارتی ڕاگەیاندووە: لە هەوڵداین پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی جیهان بە شێوەیەکی فراوانتر و بەهێزتر بنیات بنێینەوە، سەقامگیریی هەرێمی کوردستانیش پاڵنەرێکە بۆ ئەوەی وڵاتان نوێنەرایەتیان لە هەرێمدا بکەنەوە و پەیوەندی دیپلۆماسی ببەستن، سەرجەم ئەو وڵاتانەش کە باڵیۆزیان لە عێراق هەبێت، نوێنەرایەتییان لە هەرێمی کوردستان دەکەنەوە.

بەڕێز سەفین دزەیی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت، حکوومەتی هەرێم ئاستی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و جیهان فراوانتر و بەهێزتر دەکات، لە ئایندەیەکی نزیکیشدا وڵاتی یۆنانیش کۆنسوڵگەری لە هەولێر دەکاتەوە و ژمارەی کۆنسوڵخانەکانیش لە زیادبوونداید.

سەفین دزەیی، لە لێدوانێکدا بە مالپەڕی پارتی ڕاگەیاندووە: لە هەوڵداین پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و جیهان فراوانتر و بەهێزتر دەکات، لە ئایندەیەکی نزیکیشدا وڵاتی یۆنانیش کۆنسوڵگەری لە هەولێر دەکاتەوە و ژمارەی کۆنسوڵخانەکانیش لە زیادبوونداید.

سەفین دزەیی، لە لێدوانێکدا بە مالپەڕی پارتی ڕاگەیاندووە: لە هەوڵداین پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و جیهان فراوانتر و بەهێزتر دەکات، لە ئایندەیەکی نزیکیشدا وڵاتی یۆنانیش کۆنسوڵگەری لە هەولێر دەکاتەوە و ژمارەی کۆنسوڵخانەکانیش لە زیادبوونداید.

گوتەبێژی حکوومەت لەبارەی بەردەوامبوونی مووچەوە دڵنیایی دەدات



گوتەبێژی فەرمیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، مووچەخۆران لە بەردەوامبوونی پرۆسەی دابەشکردنی مووچە دڵنیا دەکاتەوە.

دوێنێ چوارشەمە جووتیار عادل، گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە پەراوێزی کۆنفرانسی دەرخستنی ستراتیژیەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ سەقامگیریی عێراق و ناوچەکە، باسی لە پەیوەندیی هەولێر و بەغدا و پرسی مووچە کرد.

گوتەبێژی حکوومەت ڕاگەیاند: "پەیوەندیی تەلەفۆنی لە نێوان هەولێر و بەغدادا هەیە، هەروەها گفتوگۆ لەبارەی مووچە و بودجە هەیە، چاوەڕێی ڕاسپاردەکانی لێژنە تەکنیکییەکان دەکەین، لێژنە هەیە لەبارەی بودجەیە، بابەتی بودجە ئێستا کە لە ژێر گفتوگۆدایە، لەپێشینەیە، بابەتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم و بابەتی پێشمەرگەش گرنگن.

ئەوەشی ئاشکرا کرد، کە هەرێمی کوردستان نەوت ڕادەستی کۆمپانیای بەبازاڕکردنی نەوتی عێراق (سۆمۆ) ناکات، بەڵکوو بەپێی یاسای بودجەی 2019ی عێراق، ئەگەر بڕیار بێت، داهاتی نەوتەکە ڕادەست دەکات.

جووتیار عادل لەبارەی مووچەوە گوتی: "خەڵکی کوردستان دڵنیا دەکەمەوە کە مووچە هەیە و لە کاتی خۆیدا دەدرێت و هەموو هەولێکمان هەیە کە شایستەکانی خەڵکی کوردستان زامن بکرێت، نیازپاکییشمان نیشان داوە. خەڵکی کوردستان دڵنیا دەکەینەوە کە کارە لەپێشینەکانی حکوومەتی هەرێم زامنکردنی مافە دارایەکانی خەڵکی کوردستانە.



عێراق... جارێکی دیکەش خۆپیشاندان دەستپێکردەوە

ژمارەی قوربانییەکان بەرزبووەوە و دەیان کارمەندی هێزە ئەمنییەکانیش بریندارببوونە

د. ڤیان سەبری: پشتگیری لە خۆپیشاندانی ئاشتییانە دەکەین و لەگەڵ توندوتیژیدا نین



شاخەوان برایم عەبدوڵلا

خۆپیشاندان و حکوومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی

حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق لە قۆناغی دوای کەوتنی سەددام حوسێندا، زۆرترین کێشەیان هەبووە و لەبری هەوڵدانیش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بە پێچەوانەوە بەردەوام کار لەسەر تێکدانی ڕەوشی ئیداری و سیاسی کراوە، بە دیاریکراویش ئەوەی پەیوەندی بە کوردەوە هەبووە، گەیشتووەتە ئاستی دژایەتی و تەنانەت هێرشی سەربازیش بۆ سەر کوردستان.

کورد کێشەی لەگەڵ عەقڵییەتی فاشیستییانەی بەغدا هەیە نەک نەتەوەی عەرەب، ئەو عەقڵییەتەی بەغدای بەڕێوەبردووە، پەلی بۆ زۆر بوار و کایەی دیکەش هاویشتووە و سەرئەنجامیش هەموویان لە دژایەتیکردنی کورددا چڕبوونەتەوە، بە تایبەتی لە قۆناغی نووری مالیکی و حەیدەر عەبادیدا، تەنانەت نانی خەڵکی کوردستانیش بڕدرا و دواتریش هێرشکرایە سەر هەرێمی کوردستان.

مۆدێلی حوکمڕانێتیی عادل عەبدولمەهدی نەختێک لە مۆدیلەکانی پێشخۆی جیاوازترە، ئەوەش خەڵکی عێراق و کوردستانیشی دڵخۆشکرد بەوەی کێشەکان چارەسەر بکرێن و گەلانی عێراقیش بە ئارامی بژین، چونکە ئەو پیاوە هەوڵیداوە سوود لە ئەزموونی پیاوە شکستخواردووەکانی پێشخۆی وەربگرێت و لە کێشە و ململانێ سیاسی و مەزهەبییەکان دوورکەوێتەوە، کە حکوومەتەکانی پێشتریان بە پەند برد، بەڵام لێردەدا عادل عەبدولمەهدی ڕووبەڕووی گرووپێک بووەتەوە دەیانەوێت عێراق هەمیشە لەناو فەوزادا بژی و کوردستانیش بخەنە ناو ئەو فەوزایەوە کە لە دوای هاتنی عەبدولمەهدییەوە لێکتێگەیشتن لەنێوان هەولێر و بەغدا دروستبووە، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان.

پێشبینی دەکرێت خۆپیشاندان لە بەغدا و ناوچەکانی تر درێژە بکێشێت و ئامانجیش ئەوەیە ئەو مۆدێلەی عادل عەبدولمەهدی فەشەل پێبهێنن، ئەمەش بەو مانایە نییە تا بڵێین ئەو پیاوەش لە پەیوەست بە کوردیا هەموو شتێکی کردووە، بە پێچەوانەوە زۆر کێشە هەن، هێشتا چارەسەری نەکردوون و دەبێتوانی بە ئاسانی چارەسەربان بکات، بەڵام ئیدی بەهۆی گوشاری ئەو عەقڵییەتەی بەغدایە یان هەر هۆکارێکی تر، هێشتا ماونەتەوە و زیانی زۆریشیان لە ئابووری و پێگەی کوردستان داوە، بە تایبەتی پرسی کەرکووک و بودجە و بە عەرەبکردنی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، کە عەبدولمەهدی دەیتوانی بڕیاری پۆزەتیڤیان لە بەرژەوەندی کورد لەبارەوە بدات، وێڕای ئەم سەرنجانە و دەیانی دیکەش، بەڵام عەبدولمەهدی جیاوازترە لەوانەی پێشخۆی، لەسەر ئاستی عێراقیش وێستوێتی خۆی لە ململانێ بەدوور بگرێت، لەبەر ئەوەی زۆرباش دەزانێت ململانێ حکوومەتەکەی دادەڕووخێنێ، هەر ئەمەشە وایکردووە لایەنە سیاسییەکانی بەغدا پشتیوی بۆ دروستبکەن بە جۆرێک چ لەسەر ئاستی بەغدا و هەرێمی کوردستانیش. بە گشتی ئەو پشتیوی و ئاڵوگۆڕییانەی ئێستای بەغدا، ڕێک بۆ ئەوەیە عەبدولمەهدی دووچاری کێشە و ململانێ بکەن و ئەگەر زیرەکانە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئاڵوگۆڕی و کێشەکاندا نەکات، ڕووبەڕووی شەڕی ئەو گرووپانە دەبێتەوە کە لە حوکمڕانێتی بەغدا فەشەلیان هێناوە.

ئا/ خەبات: دوای ئەوەی ڕۆژی سێشەمەی ڕابردوو لە بەغدای پایتەخت و ژمارەیەک شاری باشووری عێراق خۆپیشاندان ئەنجامدرا، بۆ پرۆتێستۆکردنی گەندەڵی و بێکاریی لە عێراقدا، لە میانی خۆپیشاندانەکانیشدا ئاڵۆزی و پێکدادان لەنێوان خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکان ڕوویدا و بەهۆیەوە ژمارەیەک لە هەردوولا بوونەتە قوربانی، بەگوێرەی دەزگاکانی هەواڵ کوژراو و بریندارببونیش هەیە. دوێنێ جارێکی دیکەش خۆپیشاندان دەستپێکردەوە و ئاماری قوربانییەکانیش بەرزبۆیەوە.

دریژەکێشانی خۆپیشاندان

هاوکات دوێنێ چوارشەمەش خۆپیشاندەران لە شاری بەغدا و چەند شارێکی دیکە دریژەیان بە خۆپیشاندان دا بۆ پرۆتێستۆکردنی گەندەڵی و بێکاریی لە عێراقدا. لە ئەنجامی پێکهەڵپژانی خۆپیشاندەران لەگەڵ هێزە ئەمنییەکان لە بەغدا چەندین کەس کوژراون و دەیانی دیکەش بریندارببوون. بەپێی ژمارەی قوربانییانی خۆپیشاندەران هاوکات دوێنێ چوارشەمەش سەرچاوەیەکی تری پزیشکی ڕایگەیاند: بەپێی دواینێ ئامار کە تۆمارکراوە، ژمارەی قوربانییانی خۆپیشاندانەکان تەنیا لە شاری بەغدا گەیشتووەتە چوار کوژراو و 700 بریندار. سەرچاوەکە گوتیشی: هەروەها دوێنێ چوارشەمە سەرچاوەیەکی تری پزیشکی ڕایگەیاند: بەپێی دواینێ ئامار کە تۆمارکراوە، ژمارەی قوربانییانی خۆپیشاندانەکان تەنیا لە شاری بەغدا گەیشتووەتە چوار کوژراو و 700 بریندار. سەرچاوەکە گوتیشی: یەکگرتووەکان نیگەرانی خۆی دەربڕی و داواشی لە هێزە ئەمنییەکان کرد لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ خۆپیشاندەران، دان بە خۆیاندا بگرن. نێردەی تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، جینین هێنیس پلاسخارت بۆ عێراق لە ڕاگەیەندراوێکدا گوتوویەتی: هەست بە نیگەرانییەکی زۆر دەکەین لە هەمبەر ئەو تونددوتیژییەی کە لە میانی خۆپیشاندانەکانی شاری بەغدا و چەند شارێکی دیکەی عێراق کەوتووەتەوە.

جینین هێنیس پلاسخارت ئاماژەی بەوەیشکردووە، جێگەی داخە کە ژمارەیەک خۆپیشاندەر و کارمەندی هێزە ئەمنییەکان لە میانی خۆپیشاندانەکاندا بوونەتە قوربانی. نێردەی تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان جەختیکردووەتەوە لەسەر ئەوەی کە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیی دەربڕین مافێکی ڕەوای هاووڵاتییانەیە و گوتوویەتی: هەرکەسێک مافی قسەکردنی بە ئازادی هەیە کە گونجاو بێت لەگەڵ یاسادا. داوایشی لە هێزە ئەمنییەکان کردووە کە دان بە خۆیاندا بگرن لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ خۆپیشاندانەکان لەپێناو دەستبەرکردنی پاراستنی گیانی خۆپیشاندەران لەگەڵ ڕێزگرتن لە یاسا و پاراستنی هاووڵاتییان و سامانەکانی گشتی و تایبەت.

ئەمریکا: بە وردی چاودێریی خۆپیشاندانەکانی عێراق دەکەین

لە کاردانەوەیەکیشدا باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە ڕاگەیەندراوێکدا جەختی لەوە کردەوە کە چاودێریی خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییانە دەکات، لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە: بەداخێکی زۆرەوە خەمبارین بۆ ئەو ژنانەی کە بوونە قوربانی و سەرەخۆشی لە کەسوکاری قوربانییان دەکەین و هیوای چاکبوونەوەی بریندارانی لە هێزە ئەمنییەکان و هاووڵاتییان دەخوازین. هەر لە ڕاگەیەندراوەکەدا باڵیۆزخانەی ئەمریکا داوای لە هەموو لایەک کردووە کە خۆیان لە توندوتیژی بەدوور بگرن.

فراکسیۆنی پارتی داوای خۆپیشاندانی ئاشتییانە دەکات

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق خۆپیشاندانەکانی عێراق بە دوولایەنە دەزانێت و پێیوایە خەڵکێک داوای خزمەتگوزاری دەکات لە ڕێگەی ئاشتیانە و ئێمە پشتگیریان دەکەین، بەڵام دەستێکی سیاسیش لە پشت خۆپیشاندانەکانەوە هەیە بۆ ئەوەی حکوومەتی عادل عەبدولمەهدی ڕووخێت، کە ئێمە لەگەڵی نین، چونکە شکستەکانی حکوومەتەکانی 16 ساڵی ڕابردوو بە ساڵێک چارەسەر نابن. د. ڤیان سەبری بە مالپەڕی پارتی ڕاگەیاندووە: چەند هۆکارێک لە پشت خۆپیشاندانەکانی عێراقەوە هەن، لەوانە خەڵکێک داواکاریی ڕەوای هەیە و داوای خزمەتگوزاری دەکەن، بەڵام حکوومەتەکانی عێراق لە 16 ساڵی ڕابردوودا شکستیان هێناوە و سەرۆکوەزیرانی ئێستاش ناتوانێت لە ماوەی یەک ساڵدا ئەو هەموو شکستە چاک بکاتەوە و پێویستی بە کات هەیە، جگە لەوەش ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسی هەیە و دەیانەوێت سەرۆکوەزیران بڕوات و خۆیان بێنە شوێنی و شانەی نووستووی بەعسیش هەیە بۆ ئەوەی حکوومەتی عێراق بڕووخێت. سەبری گوتیشی: ئێمە پشتگیری لە خۆپیشاندانی ئاشتیانە دەکەین و لە دەستووریشدا هاتووە، بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەنجامدانی تونددوتیژیدا نین و پێویستە لە ڕێگەی ئاشتیانەوە کێشەکان چارەسەر بکەن، چونکە ناکرێت بینای حکوومی بسوتێندرێت و هێزە ئەمنییەکانی بە سلمی ڕێگریبان لێ بکەن و ئەوانیش تونددوتیژی بەکار نەهێنن، بەڵام ئەو خۆپیشاندانانە ئاشتیانە نین و دەستێکیان لە پشتە. ناوبراو باسی لەوەشکردووە، خەڵک مافی ڕەوای خۆیەتی کە داوای خزمەتگوزاری بکات، چونکە خەڵک بێزارە و پێویستی بە خزمەتگوزارییە و سەرۆکوەزیرانیش هەر سەرقاڵی چاککردنەوەی شکستەکانی حکوومەتەکانی پێشووە، ئەمەش پێویستی بە کاتی زیاتر هەیە.

دوێنێ چوارشەمە خۆپیشاندەران لە شاری بەغدا و چەند شارێکی دیکە درێژەیان بە خۆپیشاندانی ڕۆژی سێشەمە دا بۆ پرۆتێستۆکردنی گەندەڵی و بێکاریی، پێشتر لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە چەندین بانگەواز بۆ ئەنجامدانی خۆپیشاندان لە یەکی تشرینی یەکەمدا بڵاوکرابوەوە. نوێنەرانی سەرکردەی ڕەوتی سەدر، موقتەدا سەدر کە خاوەن زۆرترین جەماوەرە لە عێراقدا، ڕایانگەیاندووە بەشداریی لە خۆپیشاندانەکەدا ناکەن. بەڵام چاودێرانی سیاسی پێیانوایە ئەو ئاڵۆزی و خۆپیشاندانانە بۆ لێدانە لە حکوومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی سەرۆکوەزیرانی عێراق کە تا ئێستا توانیویەتی جۆرێک بەاڵانس لە نێوان لایەنە سیاسییەکان ڕابگرێت، بە تایبەتیش لەگەڵ هەرێمی کوردستان نێوانی باشە و لێکتێگیشتنێکی باشیش هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان کە هەندێ لایەنی سیاسی لە بەغدا حەزناکەن کێشەکانی هەولێر و بەغدا چارەسەر بکرێن، بەڵام هەوڵی چارەسەری تەواوی



ناوچەی سەوز ئامانجی خۆپیشاندەران

لە سەرەتای خۆپیشاندانەکە وێڕای ئەوەی هوتافیان دژی حکوومەت کێشا، هاوکات هەوڵیاندا بەرەو ناوچەی سەوز بەڕێبکەون کە دامودەزگا حکوومییەکان لەو ناوچەیەدان و بە یەکێک لە ناوچە هەستیارەکانی بەغدای پایتەخت دادەندرێت، بۆیە هێزە ئەمنییەکان بەردەوام بە توندی ئەو ناوچەیە دەپارێزن و ڕێگە نادەن خۆپیشاندەران نزیکی بکەونەوە. ئەمەش لە کاتێکدایە لە دەوروبەری ناوچەی سەوز، ڕێوشوێنی ئەمنیی توند گیراوەتەبەر و تەواوی ئەو ڕێگایانەی بۆ ناوچەکە دەچن، داخراون.

دەستگیرکردنی خۆپیشاندەران

دوای ئەوەی لە ڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتییەکانەوە لە عێراق، چەند بڵاوکراوەیەکی وەک لە یەکی تشرینی یەکەمدا کۆدەبینەوە، لە یەکی تشرینی یەکەمدا تۆش وەرە دەردەو و بێدەنگ مەبە، یەکی تشرینی یەکەم ڕاپەڕینە مەزنەکە، بڵاوکرایەوە و داوا لە خەڵک کرا بڕێژنە سەر شەقام و پرۆتێستۆی حکوومەتی عێراق بکەن. خۆپیشاندان لە بەغدا و چەند ناوچەیەکی تر دەستیپێکرد، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکان ڕووبەڕووی یەکدی ببنەوە. کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤ لە عێراقیش ڕایگەیاند کە بەپێی دواینێ ئامار، ژمارەی قوربانیانی خۆپیشاندانەکانی ئێستاوەی ڕۆژی سێشەمە، گەیشتووەتە دوو کوژراو و نزیکەی سێ سەد بریندار. ئەندامی کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤ، عەلی بەیاتی لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوە کردووە لە خۆپیشاندانەکانی ئێستاوەی ڕۆژی سێشەمە، دوو خۆپیشاندەر لە شاری بەغدا و زیقار کوژراون و 42 کارمەندی ئەمنی و 166 خۆپیشاندەریش بریندارببوونە، عەلی بەیاتی باسی لەوەیشکردووە کە لە میانی خۆپیشاندانەکاندا، 30ی خۆپیشاندەر لە پارێزگای واست دەستگیرکراون و لە پارێزگای بەسرەیش18 خۆپیشاندەر دەستگیرکراون کە 11یان ئازادکراون، هەروەها لە پارێزگای نەجەفیش حەوت خۆپیشاندەر ئازادکراون.

ئەو زانیارییانەی لە سەرچاوە خۆجێییەکان وەرگیراوە، هێزە ئەمنییەکان گوللەی ڕاستەقینەیان بەرانبەر خۆپیشاندەران، بەکارهێناوە. ژمارەیەک لە خۆپیشاندەرانیش لە ناوچەی سەوز کە داموەدەزگا حکوومییەکان لەخۆدەگرێت نزیکبوونەوە، لێردەدا تێکهەڵپژان لە نێوان خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکاندا ڕوویدا. هێزە عێراقییەکان دواتر تەقەیان لەو خۆپیشاندەرانە کردووە کە لە کۆڵان و سەر پردەکاندا گردبوبوونەوە. ئەوەیش بینراوە کە ژمارەیەک لە خۆپیشاندەران بەرد و بتڵی ئاویان گرتووەتە هێزە ئەمنییەکان.

ڕۆژبەی ئەو خۆپیشاندەرانەی لە میانی خۆپیشاندانەکاندا بریندارببوون تەمەنیان لە نێوان 16 بۆ 20 ساڵان. سەرچاوەکە کە نەیویستووە ناوی ئاشکرا بکرێت، ئاماژەی بەوەیشکردووە لە بریندارەکاندا دەرکەتووە ژمارەیەک کەس لە پارێزگاکانی دیکەوە بۆ بەشداریکردن لە خۆپیشاندانەکان هاتوونەتە شاری بەغدا.

نەتەوەیەکگرتووەکان نیگەرانە

سەبارەت بەو گرژی و ئاڵۆزییانەی لە ئەنجامی خۆپیشاندانەکانەوە کەوتوونەتەوە نەتەوە یەکگرتووەکان نیگەرانی خۆی دەربڕی و داواشی لە هێزە ئەمنییەکان کرد لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ خۆپیشاندەران، دان بە خۆیاندا بگرن. نێردەی تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، جینین هێنیس پلاسخارت بۆ عێراق لە ڕاگەیەندراوێکدا گوتوویەتی: هەست بە نیگەرانییەکی زۆر دەکەین لە هەمبەر ئەو تونددوتیژییەی کە لە میانی خۆپیشاندانەکانی شاری بەغدا و چەند شارێکی دیکەی عێراق کەوتووەتەوە.

جینین هێنیس پلاسخارت ئاماژەی بەوەیشکردووە، جێگەی داخە کە ژمارەیەک خۆپیشاندەر و کارمەندی هێزە ئەمنییەکان لە میانی خۆپیشاندانەکاندا بوونەتە قوربانی. نێردەی تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان جەختیکردووەتەوە لەسەر ئەوەی کە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیی دەربڕین مافێکی ڕەوای هاووڵاتییانەیە و گوتوویەتی: هەرکەسێک مافی قسەکردنی بە ئازادی هەیە کە گونجاو بێت لەگەڵ یاسادا. داوایشی لە هێزە ئەمنییەکان کردووە کە دان بە خۆیاندا بگرن لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ خۆپیشاندانەکان لەپێناو دەستبەرکردنی پاراستنی گیانی خۆپیشاندەران لەگەڵ ڕێزگرتن لە یاسا و پاراستنی هاووڵاتییان و سامانەکانی گشتی و تایبەت.

ئەمریکا: بە وردی چاودێریی خۆپیشاندانەکانی عێراق دەکەین

لە کاردانەوەیەکیشدا باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە ڕاگەیەندراوێکدا جەختی لەوە کردەوە کە ئەم دواییانە دەکات، لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە: بەداخێکی زۆرەوە خەمبارین بۆ ئەو ژنانەی کە بوونە قوربانی و سەرەخۆشی لە کەسوکاری قوربانییان دەکەین و هیوای چاکبوونەوەی بریندارانی لە هێزە ئەمنییەکان و هاووڵاتییان دەخوازین. هەر لە ڕاگەیەندراوەکەدا باڵیۆزخانەی ئەمریکا داوای لە هەموو

www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/10/3 ژمارە (5841) | خەبات

فریشتە یەزدانپەنا:

تا کوردستان ئازاد و سەربەخۆ نەبێت ئێمە هەردەبێت پێشمەرگە بین



ساسان دەروێش- هۆڵەندا

شەهیدانی سەربەرزی نیشتیمان وێرای لە دەستدانی خودی خۆیان و گیانفیداییان بۆ خاک و گەلەکەیان، دواتر خێزان و خانەوادەکانیشیان بوونەتە قوربانی و پرکردنەوەی هەنگاوەکانیان، لەو پێناوەشدا ئافرەتان باجی گەورەی قوربانییەکان بوون لە هەڵگری ئێش و ئازاری کەسە نیشتیمانپەروەرەکانیان. ئەوەتا بەنموونەی هەزاران لەو قوربانیانە خاتوو فریشتە یەزدانپەنا کوردی ڕۆژهەڵات و خوشکی دوو شەهید کە وەک براکانی یەشمەرگە بووە و دواتریش لە تاراوگە وەک ئەندامی کۆمیتەی ڕێکخستنی پارتی ئازادیی کوردستان کاردەکات و لە زۆربەی زۆری چالاکیەکانی ڕەوەندی کورد دەبینرێ و هەوڵەکانی چڕکردۆتەوە بۆ خزمەتی کورد و کوردستان.

زوڵم و زۆری دوژمنان کردمی بە پێشمەرگە

خاتوو فریشتە یەزدانپەنا لەبارەی چۆنیەتی و هۆکاری بوونی بە پێشمەرگەو ڕووکردنە شاخەوە گوتی: من و خانەوادەکەم لە هیچمان کەمنەبوو بەڵکو زۆر بەخۆشی دەژیاین، بەڵام کاتێک هاواری نیشتیمان و بندەستکردنمان لەلایەن داگیرکاران کە نزیکەی بۆ سەدەیەک زیاتر دەچێت زوڵم و زۆریان گەیشتە دەرپایەک خوێن، نابێت چاو داخەین و پشت لە خواستی نیشتیمان بکەین کە بوون بە پێشمەرگەیە، بۆیە هیچ کات پەشیمان نیم لە هەموو ئازار و ئەشکەنجەکانم و شانازیش بە شەهیدبوونی براکانم دەکەم و هەوڵەکانیشم لە تاراوگە هەر بۆ کورد بووە و هەر بۆ کوردیش دەبێت، ئەمەش ڕاستیەکە کە هەموومان دەیزانین و باسی ناکەین کە ئافرەتی کورد شانبەشانی براو کوڕ و باوک چەندە زەحمەتکێش و ماندوون، ئەگەر یەک کەس لەنێو خانەوادەیەکدا دەرکەوێت و بێتە پێشمەرگە و دواتر بگاتە کاروانی شەهیدان تەنها بۆ خودی پێشمەرگەکە قوربانی نەبووە، بەڵکو قوربانییەکان بەپلەی یەکەم ئافرەتان دەگرێتەوە، ئاخۆ لە شوێن پێ هەڵگرتنەوەیان یاخود پەروەردەکردنی منداڵ و یادگارییەکانی شەهیدان، بۆیە تا کوردستان ئازاد و سەرفراز و سەربەخۆ نەبێت ئێمە هەردەبێت پێشمەرگە بین.

کورد مافی خۆیەتی دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستانی هەبێت

لە کۆتاییشدا خاتوو فریشتە یەزدانپەنا زۆر بەئومێدو دڵخۆشی دەیڕوانیە ئایندەی کوردستان و دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان و لەوبارەیەوە گوتی: لەم کات و ساتەدا کە چاودێرانی سیاسی و شرۆڤەکاران پێیانوایە کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کوردستان بەتایبەتی لەبەردەم گۆڕانکارییەک دایە، ئێمەی نەتەوەی کوردیش دەبێت ئامادەکاریان هەبێت بۆ دەرفەتەکان کە بەنموونە باشووری کوردستان کە ئومێدی گەورەی هەموومانە کە لەوێوە جارێ سەربەخۆیی بدرێت بە پشت بەستن بە بڕیارە بوێرانەکەی سەرۆک مەسعود بارزانی و ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان کە لەم بەشەدا هەنگاوی باش نراوەو بەهیوام کورد یەکدەنگ و یەکهەڵوێست و یەک وتاربێت لەبەردەم ئەو پێشهاتانەی چاوەڕوانکراون کە کورد مافی خۆیەتی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانی هەبێت، ئەمەش لە خۆڕانایەت بەڵکو دەبێت قوربانی و خەبات و تێکۆشانی بۆ بکەین بەهەموو لایەکمان تاگەیشتن بەو خەونەمان کە سەربەخۆیە و لەو ڕوانگەیەشەوە ئافرەتی کورد ماندووبوونی دەحەوێتەوەو چیتر بەرگ ڕەش و جەرگ سووتاو نابێت و وەک هەموو ئافرەتانی جیهان بە ئاسوودەیی بیرلەژیانی ئاسایی خۆی دەکاتەوە نەک جەنگ و کوشتار دووبارە سوپاس.

مەروان عومەر:

پێشانگای هەمەچەشنی بازرگانی سوودێکی زۆری بۆ کەرتی ئابووریی کوردستان هەیە



ڕۆژی دووشەمەی ڕابردوو سێزدەهەمین پێشانگای نێودەوڵەتی بۆ بازرگانی گشتی و هەمەجەشن لە هەولێر کرایەوە. پێشانگاکە 300 کۆمپانیا لە 24 وڵاتی جیاواز لە ئەمەریکا، ئەورووپا، ئەفریقا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیا بەشداریان تێداکرد. شارەزایانی بواری ئابووریش ئەمجۆرە پێشانگایانە بۆ هەرێمی کوردستان بە گرنگ دەزانن، کە کاریگەری لەسەر بوژانەوەی کەرتی بازرگانی و ئابووری لە هەرێمی کوردستان دەبێت. مەروان عومەر خورشید، کە خاوەنی کۆمپانیایەکی تایبەت بە بەرهەمهێنانی پەتاتەیە و کۆمپانیاکەی بەشداری لە پێشانگاکە کردووە، لەبارەی گرنگیی ئەو پێشانگایە بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: ئەمجۆرە پێشانگایانە بۆ کەرتی بازرگانی زۆر گرنگە و دەبێتە هۆی بووژانەوەی ئابووریی هەرێمی کوردستان. هەروەها مەروان سەبارەت بە بەشداری کۆمپانیاکان لەو پێشانگایەدا گوتیشی: کۆمپانیاکان لە زۆربەی وڵاتانی جیهانەوە بەشداریان تێداکرد، بە خستنەڕووی بەرهەمەکانیان و دۆزینەوەی کڕیار، ئەمەش ڕووێکی دیکەی بوژانەوەی ئەو پێشانگایە بوو کە لەمیانەیدا زۆرترین وڵات لە ڕێگەی کۆمپانیاکانیانەوە توانیان جێی خۆیان لە بازاڕی کوردستان بکەنەوە یان ئاشنایەتی لەگەڵ بازاڕ و ئابووری کوردستاندا دروستبکەن کە بۆ ئەم قۆناغەی کوردستان زۆر پێویستە.

خاوەنی ئەو کۆمپانیایەی بەرهەمهێنانی پەتاتە، سەبارەت بە لایەنێکی تری سوودی پێشانگاکە گوتی: لایەنێکی تری سوودی ئەو جۆرە پێشانگایانە ئەوەیە کە خەڵکێکی زۆری وڵاتان ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکەن، بەمەش هەم پارە خەرج دەکەن و هەمیش ئاشنایەتی لەگەڵ کولتوور و بازاڕی کوردستاندا پەیدا دەکەن، کە بۆ داهاتووی بازاڕی کوردستان سوودی زۆری هەیە. شایەنی باسە، مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشانگاکەی کردەوە و لە وتارێکدا باسی لە گرنگی ئەمجۆرە پێشانگایانە کرد بۆ هەرێمی کوردستان.

عادل جوبەیر بۆ ئێران: پاڵپشتییەکانتان بۆ تیرۆر ڕابگرن

بەهیچ شێوەیەک سەبارەت بە قەیرانی یەمەن گفتوگۆ لەگەڵ تاران ناکەین



وەزیری دەرەوەی سعوودیە، عادل جوبەیر وەڵامی گوتەبێژی حکوومەتی ئێران، عەلی ڕەبیعی دایەوە کە ڕۆژی دووشەمەی ڕابردوو ڕایگەیاندبوو، سەرکۆماری ئێران، حەسەن ڕوحانی لە ڕێگەی سەرۆکی وڵاتێک نامەیەکی لە سعوودیەوە بەدەست گەیشتووە. عەلی ڕەبیعی ئاماژەی بەوەش کردبوو کە حەسەن ڕوحانی خۆشحاڵی خۆی نیشانداوە سەبارەت بە گفتوگۆکردن لەگەڵ سعوودیە ئەگەر ریاز هەڵسوکەوتی لە ناوچەکەدا بگۆڕێت و جەنگییش لە یەمەن ڕابگرێت.

وەزیری دەرەوەی سعوودیە، عادل جوبەیر لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر بڵاویکردووەتەوە، ئەوەی گوتەبێژی حکوومەتی ڕژێمی ئێران باسی لێوەکردووە لەوەی سعوودیە نامەی ناردووە بۆ ڕژێمی ئێران لە ڕاستییەوە دووەر. عادل جوبەیر لەوبارەوە ڕوونکردنەوەی داوە و گوتوویەتی "ئەوەی ڕووداوە ئەوەیە، وڵاتێکی برا هەوڵی هێورکردنەوەی ڕەوشەکەی داوە، بەڵام پێمان ڕاگەیاندووە کە هەڵوێستی سعوودیە ئەوەیە بەردەوام هەوڵی ئاسایش و سەقامگیری دەدات لە ناوچەکەدا بڵاودەکاتەوە. وەزیری دەرەوەی سعوودیە ڕاشیگەیاندووە کە بەو وڵاتەمان ڕاگەیاندووە کە گرنگە ئەو لایەنە ڕەوشەکە هێوربکاتەوە کە گرژی و ئاڵۆزی لە ناوچەکەدا بڵاودەکاتەوە. وەزیری دەرەوەی سعوودیە، عادل جوبەیر باسی لەوەشکرد کە وڵاتەکەی شەش داواکاری لە ئێران هەیە و گوتی: دووبارە لێرەوە هەڵوێستی سعوودیە دەخەمەوەڕوو بۆ ئەوەی گوێیان لێ بێت، پاڵپشتییەکانتان بۆ تیرۆر ڕابگرن، واز لە سیاسەتی گرژی و وێرانکاریی و دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی وڵاتانی عەرەبی ببهێنن. عادل جوبەیر داواشی لە ئێران کرد کە پەرەپێدان بە چەکی کۆمەڵکوژ و بەرنامەی موشەکی بالیستی ڕابگرێت، هەروەها وەک وڵاتێکی سەروشتی نەوەک وەک وڵاتێکی پاڵپشتیکار لە تیرۆر هەڵسوکەوت بکات.


سەبارەت بە بانگەوازی ئێران بۆ هێورکردنەوەی ڕەوشی یەمەن، وەزیری دەرەوەی سعوودیە، عادل جوبەیر گوتی: گفتوگۆ ناکەین لەگەڵ ڕژێمی ئێران سەبارەت بە یەمەن، چونکە ڕەوشی یەمەن تایبەتە بە یەمەنییەکان بەسەرجەم پێکهاتەکانییەوە، هۆکاری قەیرانی یەمەنیش، تەنها ئێرانە. عادل جوبەیر ڕژێمی ئێرانی بە گومڕا ناوزەند کرد و گوتی: دوایین شت کە ڕژێمی ئێران هەوڵی بۆ بدات، هێورکردنەوە و ئاشتییە لە یەمەن.

وەزیری دەرەوەی سعوودیە جەختیکردەوە لەسەر ئەوەی کە ڕژێمی ئێران چەک و مووشەک دەدات بە لایەنگرانی کە ڕۆڵەکانی یەمەن و ئاسایشی سعوودیە و وڵاتانی ناوچەکە دەکەنە ئامانج و گوتی: بۆچی ئێران لە بری ناردنی چەک، یارمەتی و هاوکاریی پێشکەش بە یەمەن ناکات.

سیستمی بەرگریی مووشەکیی S500ی ڕووسی لە سووریا تاقیکرایەوە

ڕۆژنامەی Izvestiyaی ڕووسی پشتبەستن بە زانیارییەکانی وەزارەتی بەرگریی و پیشەسازیی بەرگریی ڕووسیا بڵاویکردووەتەوە کە ئاماژە بەوە دراوە ئەگەر لە میانی تاقیکردنەوەی سیستمی بەرگریی S500دا، ژمارەیەک کێشەش ڕووبدات، بەخێرایی چارەسەر دەکرێن. ئاماژەی بەوەش داوە، ئەم قۆناغەی تاقیکردنەوەکە کۆتایی هاتووە و بە سەرکەوتوو ناوی بردووە.

وەزیری بەرگریی ڕووسیا، سێرگی شۆیگو ڕایگەیاندبوو، ساڵی 2020 سیستمی بەرگریی S-500 بۆ سوپای ڕووسیا دابین دەکرێت. سێرگی شۆیگو هەروەها ڕاشیگەیاندبوو، 12 جۆری چەک کە لە تاقیکردنەوەکانیان لە سووریا سەرکەوتوو نەبوون، کۆتایی بە بەرهەمهێنانیان دەهێنرێت.



شەنگە هاوارکاکەیی*

غاندی ڕابەری مرۆڤایەتی لەبۆربەندەر بۆ بارزان

"ماهاتما" کە بە زمانی سەنسکریتی بە واتای "ڕۆحی پیرۆز" دێت، ئەو ناوەبوو کە بەخشرایە غاندی سەرۆکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی هیند، ئەو کەسایەتییەی کەوا ساڵیادی لەدایکبوونی بوو بەمولهیمی ڕێکخراوە مرۆییەکانی جیهان و ئەو ڕۆژەیان لە هەموو ساڵێک تەرخان کرد بۆ ئاهەنگگێڕانی لێبووردەیی لەژێر ناونیشانی "نا بۆ تۆندو تیژی". دیارە نووسین لەسەر ئەم سەرکردە جیهانییە کە زادەی مرۆڤایەتییە سەنگی خۆی هەیەو ناکرێ لە وتارێکی کورت و کتوپڕیدا باس لەتێکڕای ڕایەڵە فیکری و کاریگەرییەکانی بکەین، کە ئاراستەی کۆمەڵگەی هیندی لە کۆمەڵگەیەکی بڤەو ترسنۆک بۆ کۆمەڵگەیەکی بزێو و ئازاو ئازاد گۆڕی. ئەم ڕەهندە فیکرییانە ئەوەندە کاریگەر بوون، خودی غاندی خۆی نەتەوەکەی گۆڕی لە مرۆڤێکی یاخی بۆ مرۆڤێکی نەتەوەپەرست و لە دەرئەنجامیشدا ئەم ڕەهندە فیکریانە خەڵوان لە ئاسمانی بزووتنەوەیەکی بێ چەکداری و ڕەچەشکێن لەژێر تەوژمی ئەو دەریای فیکرییەی کە هاتنە ناو هزر و ئایدیای غاندی لە ڕێگەی کاراکتەرە بەهێزەکانی بواری ڕۆشنبیری و ماریفەت لە نووسەران و ئەدەبدۆستان وەکو نووسەری ڕووسی "تۆلستۆی" کە غاندی ڕزگار کرد لە بیرۆکەی تۆندوتیژی و بیرمەندی ئەمەریکی "داڤید تۆرۆ" وە بیرمەندی ئینگلیزی "جۆن ڕاسکن" کە لە ڕێگەی کاریگەریی بیرۆکەکانی توانی میللەتی هیند فێری نارەزایەتی مەدەنی بکا، لە هەمان کاتیشدا بایەخێکی زۆری بەخوێندنەوەی ڕیتوایلێتە ئاینییەکان دەدا، لەوانە خوێندنەوەی "ئینجیل و تەورات و قورئان" لەپاڵ هۆنراوەکانی "تاغور" کە شاعیرێکی هیندی موتەسەوف بوو.

ئەم باکگراوندانە بووە هۆی دروستبوونی بیرکردنەوەی جیاواز و لە دواجاریشدا بوو بە پردێک بۆ پەڕینەوەی ئاواتی میللەتەک بۆ سەربەخۆیی و ئازادیی و بۆ کەنارێکی ئارام هەر لە هەڵوێست دەربڕینی دژی داگیرکەری بەریتانی تا گەیشتنی ڕەهەندە ڕۆحیەکانی بۆ تڕۆپکی ئینسانییەت. تەنانەت لەدوا چرکەکانی ژیانیشیدا هەر بە بانگەشەی لێبووردەیی چاوی بە ئەفراندنی ئینسانییەت نوقاند، کە لێبووردەیی بوو لە بکوژەکەی. جا گەورەیی و ئینسانییەت لێرەیەو سەرەتایەکیشە بۆ بیرکردنەوە لە ڕۆحی پیرۆز! پرسیار ئەوەیە ئاخۆ ئەوە چ پاڵنەر و چ هێزێکی مەعنەویە وا لە مرۆڤ دەکا لێبووردە بێ بەرامبەر بە قاتیل و بکوژی ڕۆحی خۆی؟ غاندی تاکە سەرکردەیوو وەکو ڕابەری ڕۆحیمان مەلا مستەفای بارزانی کە دونیای بەجێهێشت هیچ شتێکی نەبوو، بەڵام توانی سەروەتێکی مرۆیی گەورە لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە. غاندی کاتێک پێشەوایەتی بزووتنەوەی ڕەوتی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری وڵاتەکەی گرتەئەستۆ وازی نەهێنا تا ڕزگار و ئازاد و بەختەوەری کرد و ڕزگاری کرد لە چنگی داگیرکەری بەریتانی و وازی نەهێنا نە بەکۆدەتا و تاکتیکی سیاسی، نە بە هێزی چەکیش، چونکە وڵاتی هیند وڵاتێکە لەئاستی بەرزی هەژاری دایە.

یەکێک لە خەسڵەتە جوانەکانی غاندی کە تاکو ئێستا ئاسەواری ماوەو وەکو مۆرکێکی ئینسانی لە گوندەکەی لەو شۆێنەی کە لەدایکبووە خەڵکی ئەو گوندە وەکو نەریت جگەڕە ناکێشن و مەشروبیش ناخۆنەوە. هەروەها وەکو ئەوەی غاندی بە هەمیشەیی لەگەڵیانە هێشتا شارە دینییەکەیان لە ژێر ڕکێف و مەئمەرەتی غاندی دایە، چوونکە ڕۆحە نەمرەکەی بالّی کێشاوە بە سەر هەموو کون و کەلەبەرێکی ئەو شوێنە. بۆیە کە دەڵێین سەربەرزین بە ڕابەری ڕۆحیمان و ئێمەش غاندیمان هەیە، خۆ خەباتی نەپچڕاوی بارزانی هیچی کەمتر نییە لە خەباتی غاندی و ناحەقی قەڵەمی نووسەرێکیش مەگرن چونکە کە سەردانی دەڤەری بارزان دەکەی هەمان ئیحساس لەنەستت دروست دەبێتەوەو هەست دەکەی ڕۆحی مەلا مستەفای بارزانی لە بەرزاییەوە بانگهێشتت دەکا بۆ دەڤەری بارزان بە هەمان ڕێڕەو و هەمان ڕێچکەو هەمان سکێچجوڵی بازانی غاندی و غاندیش بارزانی! بە فەلسەفەی ناتوندوتیژی هەست دەکەی کێو و شاخ و دەشت و دۆڵ و سروشت و لانەی ئاژەڵەکانیش بەهەمان ئاوکەنج و کێوەکانی سەوز بووەو لە شۆخانن.

بۆیە جێگەی پەیکەری غاندی لەپاڵ پارکی سامی عەبدولڕەحمان، دەڤەری بارزانە، دیارە یەکێک لە ڕاسپاردەکانی ماستەرنامەکەم دامەزراندنی زانکۆی ناتوندوتیژییە لەم دەڤەرە. لەکۆتاییشدا دەڵێم ئێمە بەختەوەرین و لە غاندی خۆمانەوە فێری وەلای نیشتیمانی بووین و غاندی کوردان لانەی گەرمە لە بلەو بارزان... هەمیشە بژی کورد و بژی کوردستان .

* ماستەر لەیاسای گشتی/ زانکۆی حیکمە لە بەیروت

عیرفان کەرکووکی: خۆشحاڵین لەگەڵ لیستە کوردستانییەکان خزمەت بە شاری کەرکووک بکەین



دوێنێ عەلی حسین بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان بەیاوەری بەرپرسی دیسکی پارتە تورکمانییەکان و ئەندامانی مەکتەب سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی پارتی گەلی تورکمانی کردو لەلایەن عیرفان کەرکوکی سەرۆکی پارتی گەلی تورکمان پێشوازی کران.

لە دیدارێکدا بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی لە هەواڵی تەندروستی عیرفان کەرکوکی پرسی و تەنکیدی لە پاراستنی یەکریزی و پتەوکردنی گیانی برایەتی و پێکەوەژیانی لە مێژینەی نەتەوەی کوردو تورکمان لە پێناو خزمەتکردن بە ئەزموونی دیموکراسی و خەڵکی کوردستان کردەوە، هەروەها باروودۆخی سیاسی ناوچەکەو پرسە سیاسیەکانی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان و عێراق و دواپێن گۆڕانکاری و پێشهاتە تازەکان و پرسی هەڵبژاردنەکان لە شاری کەرکوک و ناوچەکانی تری دەرەوەی هەرێمی کوردستان و ئامادەییەکان بۆ یەکلیستی و هەماهەنگییەکان لە پێناو خزمەتکردن بەشاری کەرکووک و ئاساییکردنەوەی بارودۆخی شارەکەو هەنگاوەکان بۆ پتەوکردنی گیانی برایەتی و پێکەوەژیان لەم شارە خرایەروو، پاشان عیرفان کەرکوکی سەرۆکی پارتی گەلی تورکمان کە هاوکات ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکیشە ڕایگەیاند: خۆشحاڵ و هەماهەنگین لەگەڵ لیستە کوردستانییەکان تا بتوانین وەکو پێکهاتەکان پێکەوە خزمەت بەشاری کەرکوک بکەین یەکریزی شارەکە بپارێزین، هاوکات ستایشی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارتی دیموکراتی کرد کە هەمیشە مافەکانی پێکهاتەی تورکمان لەبەرچاو دەگرن.

بەرپرسی لقی دوو پیرۆزبایی لە فەرماندەی نوێی هێزەکانی خەباتی هەولێر دەکات



ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دوو بە یاوەری کارگێڕانی لق، سەردانی بارەگای هێزی خەباتی هەولێری سەر بە فەرماندەیی هێزەکانی خەبات کرد لە سنووری لقی دوو و لەلایەن جەوهەر قەهار فەرماندەو ئەندامانی هێزەوە پێشوازیان لێکرا. لەو سەردانەدا،بەرپرسی لقی دوو پیرۆزبایی کردنەوەی بارەگای هێزی خەباتی هەولێری لە فەرماندەو ئەندامانی هێزەکە کرد کە لە سنووری لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستانن، هاوکات پیرۆزبایی دەستبەکاربوونی لە جەوهەر قەهار کرد وەک فەرماندەی هێزەکە و پێی وابوو کردنەوەی ئۆرگانێکی لەو شێوەیە کارێکی پیرۆزەو ڕۆژانی سەختی خەبات پڕ لە تێکۆشەر بوون، بوونی فەرماندەی هێزی خەبات لە سنووری لقی دوو زەروورەو هەموو ئەو قارەمانانە جارێکی دیکە لە یەکتر کۆدەکاتەوە کە ڕۆژگارێک هاوشانی یەکتر بۆ ئامانجی ڕەوای گەلەکەیان تێکۆشاون. هەر بەو بۆنەوە ئەحمەد کانی تەواوی پشتیوانی خۆی بۆیان دووپات کردەوە لەگەڵ هەماهەنگی و کاری هاوبەشی هەردوولا. لە بەرامبەریشدا، فەرماندەی هێزی خەباتی هەولێر وێڕای سوپاسکردنی بەرپرسی لقی دوو و هەڤاڵانی کارگێڕ بۆ پشتیوانی و پەیامی پیرۆزبایان، ئامادەیی فەرماندەییەکەی نیشاندا کە وەک ئۆرگانێکی سەر بە لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان، کار بۆ سەرخستنی بەرنامەو ئایدیای پارتی دیموکراتی کوردستان و لقی دوو بکەن.

بەرپرسێ لقا ئێک: پێشوازیا خودانێ شکاندنا ریکوردا کینگ بوکس یا جیهانی کر



سەربەست تروانشی ئەندامێ جڤاتا سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقا ئێک ل بارەگایێ لقێ پێشوازیا قەهەرمان مستەفا ڕەشید خورشید کر. دڤێ ڕێنشتنێ دا بەرپرسێ لقێ پیرۆزبایی دەست خوەشیا وی کر ژ بۆ شکاندنا ڕیکوردی جیهانی یێ کینگ بوکس کو شیا 55دەمژمێر و 14خولەک و 23چرکا یێ بەردەوام بیت و ئەڤ ئێکە ژی دێ بیتە هەولەک ژ بو چونا ناڤێ وی بۆ پەرتوکا گینگس ڕیکورد دا، ئەڤە وێ دگەهینیت ئەم خودان سامانەکێ مەزنین ژ ڤان بەهرەمەندا و خورتان ئەو مللەتێ کو بەهرەمەند و خورت تێدا زورین دێ ئەو وەلات یێ بەرهەمداربیت، و هەر بڤێ هەلکەفتێ دیاریەک پێشکێشی وی کر و دیسان ئامادەبون و پشتەڤانیا خوە بو هەر پێتڤیەکێ دیار کر، قەهرمانێ ناڤبری سوپاسا بەرپرسێ لقێ کر ژ بو ڤێ پێشوازیا گەرم و گوتنێن بەرپرسێ لقێ ئارستەی وی کرین،و گوت ب ئانەهیا خودێ پشتەڤانیا هەوە ل نێزیک دێ هندەک دەستکەفتی یێن دی دیاریا کینگ بوکس دا بدەست ڤە ئینم.

یەکەی نیشتەجێبوون بۆ خەڵکی کەمدەرامەت دروست دەکرێت

خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی:

دکتۆر محەمەد شوکری سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان ڕوونیکردەوە: هەوڵی دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ خەڵکی هەژارو کەمدەرامەت لە ڕێگەی وەبەرهێنان دەدەین کە کوالیتیان باشە و نرخیشیان گونجاوە و یەکەکانیش بە قیستی درێژ خایەن دەبێت و هەموو هاوشارۆچکەکانیش دەگرێتەوە. هەروەها گوتی: هەوڵەکانی دەستەی وەبەرهێنان بۆ دەست پێکردنەوەی پرۆژەکانی وەبەرهێنان زۆر توندو تۆڵە و لەئێستاشدا خەریکی گفتوگۆکردنین بۆ هێنانی وەبەرهێنەری تازە بۆ پرۆژە تەواو نەکراوەکان تا ئەو وەبەرهێنەرە تازانە بتوانن بە بەرزترین کوالیتی دەست بە پرۆژەکان بکەنەوە.

هەفتەی داهاتوو کۆنگرەی هەنگەوانانی جیهان لە کوردستان بەڕێوەدەچێت



ئەمساڵ 23 هەزار مێشەوان هەن و خاوەنی زیاتر لە80 هەزار پوورەهەنگن، بەرهەمی هەنگ بۆ پێنج بەرابەر زیاد بووە. پارکۆی بەرهەمی هەنگوینی هەرێمی کوردستان کەمتر لە 100 تۆن بوو، ئەمساڵ 500 تۆن هەنگوین لە هەرێمی کوردستان بەرهەم هێناوە. سەرۆکی تۆڕی کۆمەڵەی هەنگەوانانی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، هەفتەی داهاتوو کۆنگرەی هەنگەوانانی جیهان لە کوردستان بەڕێوەدەچێت و بابەتی زانستیی تایبەت بە هەنگ و هەنگەوانی لە لایەن کەسانی خاوەن بڕوانامەی بەرز و شارەزا لە پەروەردەی هەنگ و چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی هەنگ پێشکەش دەکرێت، لەم پێشانگایەدا هەنگوین و چەند بەروبوومێکی دروستکراو لە بەرهەمەکانی هەنگ نمایش دەکرێت، وێرای خستنە ڕووی کەلوپەلی سەردەمیانەی بواری هەنگەوانی، کۆنگرەگە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ دەبێت و پێشانگاکەش لە 10ی بەیانی تا 6ئێوارە لە پێشوازیی میوانداندا دەبێت.

12وڵاتی دیکەش بەشدارن، لەوانە ئێران، تورکیا، ئیتالیا، یونان، سویسرا، چین، بەریتانیا، ئەڵمانیا، ئیسپانیا، سەرەڕای بەشداریەکی کارای هەنگەوانان و کۆمپانیاکانی کوردستان.

سەرۆکی تۆڕی کۆمەڵەی هەنگەوانانی هەرێمی کوردستان ڕوونیشی کردەوە: کونگرەکە هەموو جۆرێکی هەنگ و هەنگوین و کەرەستە و پێداویستی و زانستی هەنگەوانی و پزیشکی و ئەندازیاری و ئەو بابەتانەی پێوەستن بە هەنگ و هەنگوینەوە لەخۆ دەگرێت، دواتر لە لایەن لێژنەیەکی تایبەتمەندەوە باشترین جۆری هەنگ و هەنگەوان و دەستنیشان دەکرێت.

شێروانی، ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: ئەو کۆنگرەیە زۆر گرنگە بۆ هەرێمی کوردستان، هەنگەوانان یەکتر دەناسن، مامۆستای شارەزا لەو وڵاتانەوە دێن و وانە بە هەنگەوانان دەڵێنەوە، لە کۆنگرەکەدا چەندین توێژینەوە

دهۆک... تیمەکێ نۆشدارێن ئەمریکی دێ ژمارەکا نشتەرگەریان بۆ وەلاتیان ئەنجامدەن



خەبات- دهوک: دوهی تیمەکێ نۆشدارێن ئەمریکێ ل نەخۆشخانا ئازادی دەست ب ئەنجامدانا نشتەگەریان بۆ وەلاتیان کر ئەڤ تیمێ نوشدارێن خوبەخش دێ بۆ دەمێ 12 ڕۆژان ل دهۆکێ نشتەگەریان بۆ نەخۆشان ئەنجام دەن. ڕێڤەبەرێ نەخۆشخانا ئازادی یا فێرکرنێ ل دهۆکێ گوت: تیمێ نۆشدارێن ئەمریکی ژ چەندین تایبەتمەندیا پێک دهێت بۆ دەمەکی دێ ل پارێزگەها دهۆکێ مینن و وەکو خۆبەخش دێ نتشەگەریان بۆ نەخۆشان ئەنجام دەن. هەروەسا ناڤبری گوت: ڕێکخراوا GSMSGئەڤ شاندێ نوشداری ئینایە بۆ خزمەتکرنا وەلاتیان زێدەباری خزمەتکرنا نەخۆشان وئەڤ تیمە دێ ڕاهێنان ژی ب نۆشدارێن مەژی کەن ژبو بلندکرنا ئاستێ وان دبیاڤێ نۆشداری دا. هەژی گوتنێ یە بەری نوکە ژی شاندی نۆشدارێن ئەمریکی قەستا نەخۆشخانا ئازادی کرینە وچەندین خزمەتییێن تەندروستی دگەل نۆشدارین دهۆکێ بۆ نەخۆشان ئەنجامداینە ئەم بەردەوام کاردکەین بۆ پتر خزمەتکرنا وەلاتیان دناڤ کەرتێ تەندروستی دا.

هەولێر... لە ڕۆژی جیهانیی بەسالاچووانداچەند چالاکییەک بەڕێوەچوو



خەبات- سەید فاتیح: بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی بەسالاچووان کە ساڵانە ئەو یادە لە جیهان و لەکوردستان دەکرێتەوە، خاتوو کۆیستان محەمەد وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی بە یاوەری بەڕێوەبەری گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی و بەڕێوەبەری گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەولێر سەردانی کۆمەڵگەی بەسالاچووانی هەولێری کردو لەلایەن کامەران تۆفیق بەڕێوەبەری کۆمەڵگەکە بەگەرمی پێشوازیان لێکرا. وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی پیرۆزبایی خۆی ئاڕاستەی بەسالاچووانی کوردستان کردو لەنزیکەوە لە ڕەوشی بەسالاچووانی کۆڵیبەوەو ئامادەی پێشانگای یادەوەری بەسالاچوان بوو کە تیایدا وێنەی یادگاری ژمارەیەک لە بەسالاچوان نمایش کرابوو. دواتر وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی گوێی لە وتەی بەسالاچووان گرت و دیاری و خەڵاتی پێشکەش بە بەسالاچووان کرد. هەر بەو بۆنەوەیەوە، کۆمەڵگەی بەسالاچووانی هەولێر ئاهەنگێکی خنجیلانەیان بۆ بەسالاچوانی ئەو کۆمەڵگەیە سازکردو شیرینیان بەسەردا دابەشکردن.

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان
بەڕێزان لە خانەوادەی شەهید حەسەن بانیمارانی
بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتووسامانی کچی شەهیدحەسەن بانیمارانی- مان پێگەیشت.
هاوخەمی خۆمان بۆ خانەوادە بەڕێز و تێکۆشەرەکەتان ڕادەگەیەنین و سەرەخۆشی ئاڕاستەی کاکەکامەران و بەدرخانی برایانی خوالێخۆشبوو و خزمان و دۆستانتان دەکەین.
خودای گەورە ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.
انا لله و انا الیه راجعون
بارەگای بارزانی

***

بۆ خانەوادەی خوالێخۆشبوو کەرەمێ ئەنکۆسی
بە داخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتیی ناسراوی کوردی ئێزیدیی گۆرجستان و بیرمەند و نووسەر و هونەرمەند کەرەمێ ئەنکۆسی- مان پێگەییشت. خوالێخۆشبوو کەسێکی نیشتیمانپەروەر بووە و لە ژیانی خۆیدا خزمەتێکی زۆری دۆزی کوردی کردووە لە بواری جیاجیاکاندا و لەدەستدانی خەسارەتێکی گەورەیە. بەم بۆنە خەمناکەوە سەرەخۆشی لە ئێوەی بەڕێز و کەسوکار و تەواوی کوردانی گۆرجستان و وڵاتانی سۆڤیەتی پێشوو دەکەین و خۆمان بە هاوبەشی خەمتان دەزانین. لە خودای مەزن داواکارین خوالێخۆشبوو کەرەمێ ئەنکۆسی بە ڕەحمەتی خۆی شاد بکات و سەبر و ئارامیش بە هەموو لایەک بدات.
انا لله و انا الیه راجعون
بارەگای بارزانی

لە کوردستان ڕۆژی جیهانی بەسالّاچووان بەچەندین چالاکی کرایەوە

بەسالّاچووان، ئەو تۆڕە لەبیرکراوەن کە خانەی بەسالّاچووان نازیان پێدەدات

هەموو سالێک لەڕۆژی 1/10سالّڕۆژی جیهانی بەسالّاچووان لەکوردستان لەسەرجەم شار و شارۆچکەکان بەچەندین چالاکی و ئاهەنگی قەشەنگ ئەو یادە دەکرێتەوە، تۆڕی بەسالّاچووان ئەو تۆڕە لەبیرکراوەن و سالّانێکی زۆر خزمەتیان بە کۆمەڵگە کردووە، بەڵام وەکو پێویست ئاوڕیان لێنەدراوەتەوە و تەنها لە سالّڕۆژی جیهانی بەسالّاچووانداا یادیان دەکرێتەوە، بەمەبەستی ئەنجامدانی ڕاپۆرتێک لەسەر بەسالّاچووان وەک ڕۆژنامەی خەبات ئەو ڕاپۆرتەمان ئامادەکرد.

ڕاپۆرتی/ سەید فاتیح بەرزنجی

لەکۆمەڵگەی بەسالّاچووان ئاهەنگ سازکراو دیاریان پێدرا

لەشاری هەولێر، سالانێکی زۆرە خانەی بەسالّاچووان هەیەو لەوەتەی کە دامەزراوە خزمەتێکی بێ وێنەی بەسالّاچووانی شار و شارۆچکەکانی دیکە کردووە و تا ئێستاش تاکە خانەیە کە بەسالّاچووان تیایدا ئاسوودەن و بەمالّی خۆیانی دەزانن، بەگوتەی "کامەران تۆفیق" بەڕێوەبەری کۆمەڵگەی بەسالّاچووانی هەولێر: لەشاری هەولێر سالانێکی یەکجار زۆرە خانەی بەسالّاچووان هەیەو خزمەتی دەیان کەسی بەسالّاچووی کردووە و تائێستاش ئەو خانەیە لەجاران زیاتر خزمەتی بەسالّاچووان دەکات و نازیان دەکێشێ، لەو خانەیەدا هەموو بەسالّاچووان ئاسودەن، دیارە هەموو سالێک لە ڕۆژی 1/10بەبۆنەی سالّڕۆژی بەسالّاچووانی جیهان ئەو یادە بەچەندین (چالاکی و سازکردنی ئاهەنگی قەشەنگ) سالّڕۆژەکە بەرزو پیرۆز ڕادەگیرێ، هەرچەندە لەسالانی بەر لە قەیرانی دارایی کار و چالاکی زیاتر و بەرنامەی تۆکمەتر و دەوڵەمەندتر هەبوو، قەیرانی دارایی کار و چالاکیەکانی سست و لاواز کرد، ئێستا واخەریکە بەهەوڵ و کۆششی (حکوومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی) دووبارە کار و بەرنامەکان دەستپێدەکەنەوە، بۆئەمسالّ توانیمان بەچەندین چالاکی ئەو یادە بکەینەوە، ئەویش بەدوو چالاکی یەکێکیان بریتیبوو لە نمایشی کار و چالاکیەکانی خۆمان لەگەڵ هەندێ یاگاری بەسالّاچووەکان و بەشی دووەمیش بریتیبوو لە ئەنجامدانی ئاهەنگێکی قەشەنگ بۆ بەسالّاچووەکان، بەئامادەبوونی "خاتوو کۆیستان محەممەد" وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و "یوسف چاوشین قازی" بەڕێوەبەری گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و"ئەحمەد نەجمەدین" بەڕێوەبەری گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی و (بەڕێوەبەری چاودێری و گەشەپێدانی هەولێر) و نوێنەری (دەزگای خێرخوازی بارزانی و دەزگای نانەکەلی و دەزگای کار ودەگای خێرخوازی حاجی یەحیا) کار و چالاکی بەوبۆنەیە سازکرا، دواتر لەلایەن (وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی) یەکەیەکەی بەشەکان و هۆڵەکانی حەوانەوەی بەسالّاچووان بەسەر کرایەوە و پیرۆزبایی گەرمی لە بەسالّاچووان کرد و دیاری و خەڵات بەسەر بەسالّاچووانداا دابەشکرا، لەو کۆمەڵگەیە نزیکەی(73 بەسالّاچوو)مان هەیە، لەو ژمایەش نزیکەی(38بەسالّاچووی پەککەوتەن) و(25یشیان ئافرەتن) دیارە لەو کۆمەڵگەیە چەندین بەشی گرنگ هەیە بۆ خزمەتکردنی توێژی بەسالّاچووان، پێشتر دوو یارێدەدەری پزیشکیمان هەبوو، بەداخەوە ئەمسالّ هەردوو یارێدەدەرە پزیشکیەکە تەنسیبیان هەڵوەشاندەوە کەخزمەتێکی باشی بەسالّاچووانیان دەکرد لە ڕووی خزمەتگوزاری تەندروستیەوە، بەبۆنەی سالّڕۆژی بەسالّاچووان "دکتۆر چەتۆ حەمەدەمین" بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر سەردانی کۆمەڵگەی بەسالّاچووانی کرد و بەڵێنی ئەوەی پێدااین کە دوو یارێدەدەری پزیشکیمان بۆ تەنسیب بکات ، زۆرجار هەبووە بەسالّاچووەکانیشمان بۆ پشکنین ڕەوانەی نەخۆشخانەکان کردووە، هەر لەو کۆمەڵگەیەدا دوو بەش هەیە، بەشی پەککەوتە و بەشی ئاسایی، لەو بەشەدا پێنج هۆڵمان هەیە، هۆڵێکیان تایبەتە بەدانیشتن و ڕۆژانە بەسالّاچووان لەو بەڕێوەبەری گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و"ئەحمەد نەجمەدین" بەڕێوەبەری گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی و (بەڕێوەبەری چاودێری و گەشەپێدانی هەولێر) و نوێنەری (دەزگای خێرخوازی بارزانی و دەزگای نانەکەلی و دەزگای کار ودەگای خێرخوازی حاجی یەحیا) کار و چالاکی بەوبۆنەیە سازکرا، دواتر لەلایەن (وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی) یەکەیەکەی بەشەکان و هۆڵەکانی حەوانەوەی بەسالّاچووان بەسەر کرایەوە و پیرۆزبایی گەرمی لە بەسالّاچووان کرد و دیاری و خەڵات بەسەر بەسالّاچووانداا دابەشکرا، لەو کۆمەڵگەیە نزیکەی(73 بەسالّاچوو)مان هەیە، لەو ژمایەش نزیکەی(38بەسالّاچووی پەککەوتەن) و(25یشیان ئافرەتن) دیارە لەو کۆمەڵگەیە چەندین بەشی گرنگ هەیە بۆ خزمەتکردنی توێژی بەسالّاچووان، پێشتر دوو یارێدەدەری پزیشکیمان هەبوو، بەداخەوە ئەمسالّ هەردوو یارێدەدەرە پزیشکیەکە تەنسیبیان هەڵوەشاندەوە کەخزمەتێکی باشی بەسالّاچووانیان دەکرد لە ڕووی خزمەتگوزاری تەندروستیەوە، بەبۆنەی سالّڕۆژی بەسالّاچووان "دکتۆر چەتۆ حەمەدەمین" بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر سەردانی کۆمەڵگەی بەسالّاچووانی کرد و بەڵێنی ئەوەی پێدااین کە دوو یارێدەدەری پزیشکیمان بۆ تەنسیب بکات ، زۆرجار هەبووە بەسالّاچووەکانیشمان بۆ پشکنین ڕەوانەی نەخۆشخانەکان کردووە، هەر لەو کۆمەڵگەیەدا دوو بەش هەیە، بەشی پەککەوتە و بەشی ئاسایی، لەو بەشەدا پێنج هۆڵمان هەیە، هۆڵێکیان تایبەتە بەدانیشتن و ڕۆژانە بەسالّاچووان لەو هۆڵەدا دادەنیشن و کاتێکی خۆشی لێ بەسەر دەبەن، لەبەشی پەککەوتەش (پێنج هۆڵ) هەیە لەگەڵ (چێشتخانە) بۆ بەسالّاچووان و کاتی دەوامکردن لەو کۆمەڵگەیە بەسێ شەفتە و 24کاتژمێر کارمەندان دەوام دەکەن، ئێشککگرتنمان داناوە بۆ کاتی پشووەکان و چەندین چاودێرمان هەیە بۆ زیاتر خزمەتکردنی بەسالّاچووان، (وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی) هاوکاریمان دەکات، جگەلە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی چەندین دەزگای دیکەی خێرخوازی وەکو (دەزگای خێرخوازی بارزانی و دەزگای نانەکەلی و گروپی کار و دەزگای حاجی یەحیا) هەموو کاتێک بەبەردەوامی هاوکاریان کردووین، (بەجل و بەرگ و خۆراک و سازکردنی گەشت) بۆ بەسالّاچووان، ئومێد دەکەین حکوومەتی هەرێم بەهەوڵ و کۆششی (وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی) لەچوارچێوەی کار و بەرنامەی خۆی کاری زیاترمان بۆ بکات، تا ئێمەش بتوانین زیاتر خزمەتی بەسالّاچووان بکەین.

لەوکۆمەڵگەیەدا بەسالّاچووان زۆر ئاسودەن هونەرمەند "عومەر چاوشین" کە ئەکتەرێکی بەتوانایەو لەو کۆمەڵگەیە ژیان بەسەردەبات گوتی: لێرە زۆر ئاسودەم، زۆرسوپاسی هەموو کارمەندان و دڵسۆزانی ئەو کۆمەڵگەیە دەکەم کە لەخزمەتکردنی بەسالّاچووان کەمتەرخەم نین.

باجی "سامیە"ی تەمەن 65سالان گوتی: شوێنی حەوانەوەم نەبوو بۆیە حەزمکرد ژیان لەو کۆمەڵگەیە بەسەربەبم بەڕاستی لێرە خزمەتێکی باشی بەسالّاچووان دەکرێت.

"مامۆستا ئەحمەد خدر"ی تەمەن 79 سالان گوتی: من ژنم نەهێناوە و زۆر حەزمکرد لە کۆمەڵگەی بەسالّاچووان ئەوەندە تەمەنەی کەماومە بەسەری ببەم و ئاسودەم، لەبەر ئەوەی کارمەندان بەباشترین شێواز خزمەتی هەموو بەسالّاچووان دەکەن بەبێ جیاوازی.



هونەرمەند عومەر چاوشین: زۆر سوپاسی هەموو کارمەندان و دڵسۆزانی ئەو کۆمەڵگەیە دەکەم کە لەخزمەتکردنی بەسالّاچووان کەمتەرخەم نین



بەڕێوەبەری کۆمەڵگەی بەسالّاچووانی هەولێر: لە کۆمەڵگەی بەسالّاچووانداا بەباشترین شێواز خزمەتیان دەکەین

بەرهەمی دەستی ئافرەتانی کارگەی مافووری سلێمانی

لە کارگەی مافووری سلێمانی 50 ئافرەت سەرقاڵی ڕستن و چنین

لەنێو کارگەی مافووری سلێمانی، 50ئافرەتی شارەکە سەرقاڵی کاری دەستی و ڕستن و چنین لە بواری مافوور و جۆلاییدا، بەڕێوەبەری کارگەکەش باس لەوە دەکات کە بەرهەمەکانیان کێبڕکێی بەرهەمی وڵاتانی دەرەوە دەکات.

خەبات: سلێمانی



کارگەی مافووری سلێمانی ماوەی 22ساڵە دامەزراوە و ئافرەتانی نێو کارگەکە بەردەوامن لە کاری دەستی و ڕستن و چنین دروستکردنی فەرش و ڕاخەر و جاجم و شاڵ و بەرهەمەکانی تر.

ئەوان سالانە پێشانگای تایبەت دەکەنەوە بۆ نمایشکردنی بەرهەمە دەستییەکانی خۆیان و نیشاندانی لێهاتوویان لەو بوارەدا، لەئێستاشدا 800 پارچە فەرش و کەلوپەلی تریان نمایش کراون بۆ فرۆشتن.

بەڕێوەبەری کارگەی مافووری سلێمانی، ڕزگار عەزیز لە بارەی کارگەکەوە گوتی: لە سەرەتای دامەزراندنی کارگەکە لە ساڵی 1997 سەربە وەزارەتی پیشەسازی بووین، دواتر لە ساڵی 2006بە فەرمانێکی ئەنجوومەنی وەزیران کارگەکە خرایە سەر وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان. لە سەرەتاوە کارگەکە لە 12 بەش پێکهاتبوو کە 150 کارمەندی لەخۆگرتبوو، بەڵام لەئێستادا و دوای سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی تەنها دوو بەش ماوەتەوە کە 50کارمەند کاری تیادا دەکەن".

ڕزگار عەزیز گوتی: پلان و بەرنامەمان زۆربوو بۆ کردنەوەی کارگەی تر لە هەڵەبجە و شارەکانی تر، بەڵام بە هۆی دۆخەکەوە نەمانتوانی ئەو پلانە جێبەجێ بکەین و زیانی گەورەی لێداین، لەئێستاشدا پێویستمان بە دانانەوەی 100کارمەندی تر هەیە لە کارگەکەمان.

کارگەی مافووری سلێمانی لەنێو بینای کۆنی کارگەی جگەرەی سلێمانییە، کارگەکە لەئێستادا دوو بەرهەمی هەیە، بەرهەمێکی جۆلاییە و ئەوی دیکەش بەرهەمی مافووڕە لە بەڕە و جاجم و شاڵ و بەرهەمەکانی تر لە لایەن ئافرەتانی کارگەکەوە لە ڕێگەی کاری دەستییەوە بەرهەم دەهێنرێت.

بەڕێوەبەری کارگەی مافووری سلێمانی، ڕزگار عەزیز داوا لە کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکات بە هاوکاریکردنی کارەکانیان و ڕێگریکردن لە لەناوچوونی ئەو پیشەیە کە بە کولتووری دانیشتووانی ناوچەکەی دەزانێت.

ڕزگار عەزیز دەڕوەها باس لەوەش دەکات لە ماوەی ڕابردوودا چەندین کارگەی مافوور لە هەرێمی کوردستان کاریان کردووە، بەڵام لەئێستادا چەند کارگەیەکی کەم ماونەتەوە و لە دەرەوەش کەلوپەلی تایبەت بە دروستکردنی بەرهەمەکانیان دەهێنن و گوتی: پێشتر لە کۆیە کارگەیەکی لێبوو کە خووری مەڕ و ماڵاتی دەشوشتەوە، دواتر دەنێردرایە کارگەی کفری بۆ ڕستن و ڕەنگکردنی، پاشان ڕەوانەی کارگەکانی تری شارەکانی هەرێم و عێراقی دەکرد، بەڵام ئێستا ئەو کارگانە داخراون و هەموو کەلوپەلەکان لە دەرەوە دەهێنین، لەگەڵ ئەوەشدا بەرهەمەکانمان کێبڕکێی بەرهەمی دەرەکی دەکات.



لە بۆن و بەرامە رەسەنەکانی ئیسلامی کوردەواری

عەللامە مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا ئەحمەدیان مەهاباد 1933 - 2004

یادێک لەپانۆرامای ژیان و بەرهەمە زانستییەکانی





عەبدوڵلا مەلا ئەحمەد، ئەحمەدئاوایی*

زانای زمانناس و ئایندار و وڵاتپەروەرر، مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا ئەحمەدیان، ناوێکی دیارە لە گۆڕەپانی زانست و کوردایەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بەتایبەتی لە شاری مەهابادی پایتەختی کۆماری کوردستان و مەیدانی چوارچرای یادگاری پێشەوا قازی محەمەدی یەکەم سەرۆک کۆماری کوردستاندا، مامۆستا ئەحمەدیان هەموو تەمەنی خۆی لە دەستخستنی زانست و پەروەردەکردنی قوتابیان و فەقێیان بە فکری ئایندارای و نیشتیمانپەروەری بردۆتە سەر، نووسینەکانی ئەو و یادی مامۆستا هەژار و مامۆستا هێمن و بابەشێخی سەرۆکەزیرانی کۆماری مەهاباد و تەواوی شۆڕشگێڕانی گۆڕەپانی کوردایەتی باشترین شایەتن لەسەر فکری کوردویستی و وڵاتدۆستی مامۆستا ئەحمەدیان، بۆیە لەم کورتە ووتارەدا دەچینە خزمەت پوختەی بیۆگرافیای ئەم باش مەلا وڵاتپەروەرە.

لەدایکبوون و خوێندنی

مامۆستا مەلا عەبدوڵلا، کوڕی عەبدولقادر، و نازناوی (ئەحمەدیان) لە ساڵی (1312هەتاوی- 1933ز) لە گوندی (دەرمان)ی، سەر بە شاری مەهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بنەماڵەیەکی جوتیار و زەحمەتکێش لەدایکبووە، و هەر لە منداڵییەوە لە لای مەلای گوندەکەیان بەڵەد نەبوون! وە هەندێک دەیانگوت: کتێبی (مجسقی) وە چنگ ئەو ماڵە کەوتووە، بۆیە هەمووریان بە چکۆلە و گەورەوە، لە حەواکان بەڵەدن، و بابی (مەلا عەلی) حوکمی مەلایەتی، لە مەلای پیرەباب، وەرگرتووە، کە پەراوێزی لە سەر (جواد) نووسیوە، و هەروەها قاو بوو کە:

مامۆستا (مەلا عیسامەدینی شەفیعی)، دەرسوێژی فێرگەی (بۆکان) ئەوەندەی عیلمی مەنتیق گوتوتەوە، و پەراوێزی لەسەر (گەلەنبەوی بورهان)، و "پێنجوێنی"، و "قەرەداغیی"، نووسیوە، کە لەو ڕۆژگارەدا لە دوای "ئەرەستو"، و "فارابی"، بە (معلم پالپ) دەژمێردرێ، وە هەندێکیش دەیانگوت، (شفا)ی، ئەبوعەلی سینای، لە سینگی دایە!

وە هەروەها قاو بوو، کە: مامۆستا (مەلا شێخ حەسەن) دەرس وێژی فێرگەی (شێخلەر)، و مامۆستا (مەلا محەمەد ئەمین ئەشعەری)، دەرس وێژی فێرگەی (قەرەگوێز)، بۆ گوتنەوەی عیلمی (ئوسوڵ، و ڕیازیات، و ئەدەبیات عالی)، لەو مەڵبەندەدا، جێگای، "ابن الحاجب" و "زوزنی"، و "ئەبوڕیحانی بیرونی"یان، گرتۆتەوە، جا ئەمن کە چهای چەند ساڵ بوو، لە فێرگە تایبەتییەکانی زانکۆی تەتەهووی موکریان سوڕابوومەوە، و نەبێتە خۆهەڵکێشان هەرچی شکم بردبوو، کۆم کردبووەوە، و پێم وابوو، گەیشتوومە بنەبانی خوێندن، و ڕێگای خوێندەواریم یەگجاری بڕیوە، و لام وابوو، کاتی ئەوەیە لە قۆناغی مەلایەتی دانیشم، و بحەسێمەوە، و پاشان بە دەرس گوتنەوە، ئەو ڕێگایەی پێبدا ڕۆژبشتبووم، دووبارە پێبدا بێمەوە!

لە نەکاو دیتم، دوو مەلای مەریوانی بوونە میوانی حوجرەکەمان و کاتێکی سووسەیان کرد، کە "پێم وایە خوێندنەکەم تەواو بووە، و خەریکم حوکمی مەلایەتی وەرگرم"، هەتا توانیان شێلایانم، و بە تانووتان کوێرکوتیان کردم، و بە سەربانداً گوڕاندم، و دەیانگوت: (باوە ئەمە تۆ ئێژی چە؟ تۆ ئێژی چی نەماوە، نەمخوێندبێ! دە بە خوا چت وا هەس، بە لای مامۆستایەتر کە تۆ نەتبیستووە، و ئەگەر گەرەکتە مەلایە خاس بی، ئەشێ گشت ئەم چتانە بزانی، برا تۆ پیا خاسێک بە، سەرێک لە "بالک"، "مەریوان"، بەو، حوجرە ناو بە دەرەوەکەی (مامۆستا مەلا باقر)یش، ببینە، کە وەکو دەریایەکی گەورە، لە پەنا بەحرۆکەی زرێبار، شەپۆل ئەدا، ئەوسا خاس تێ ئەگەی، کە تۆ چ ئەزانی؟).

تیروتانەی دڵسۆزانەی ئەم مەلایانە، بیرگەی وەها سەرەوبن کردم، کە بیری مەلایەتی، لە دڵم هاتە دەرێ، و بۆ فەقێیەتی سەر لە نوێ تێهەڵچوومەوە، و دوای سێ - چوار ڕۆژ، شیو و کوڵ و مالاوایی، لە ماڵێ دوو - سێ کتێب، و لێفێکم بە دوو سوختە هەڵگرت، و فێرگەکانی زانکۆی تەتەهووی موکریانم هاویشتە پشت سەر، و بەرەو مەریوان وە ڕێکەوتم، لەو ڕۆژگارەیدا، کە سەفەر بە ماشێن کارێکی فیلانە بوو، تەنیا بە کەڵان دەکرا، لەو پێیە من و سوختەکانم دەبوو، لەو سەفەرەدا هەموومان ماشینمان (پێ) بێ، و بە پێیان ئەو ڕێگا دوور و درێژە ببڕین، و بە درێژیی و خێرایی شەقاوەکانیش، کورتی ڕۆژەکانی پاییزیش قەرەبوو بکەینەوە.

سوختەکانم بە قەڵافەتێکی ئەوەندە ڕاست و قایم و لێبراو، لە پشت منەوە، ئەو ڕێگایەیان دەبڕی، کە ئەگەر درێژە بە بالاکانیان بدرابایە، وەکو دوو ئەستوندەکی بن خێوەتی شینی حەوا دەهاتنە بەرچاو، و شنەبای پاییزیش باوی بالێی ئەوەندە خۆش کردبووین، کە بە نێو دڵی دەشتەکاندا، و بناری کێوەکاندا، و زۆر جاران بە دوای قانگەلاشکە بابردووەکاندا، تیژ تێدەپەڕین، دوای چەند ڕۆژان سەر شیوی سەقز، و سیاکێومان بەجێ هێشت، و کەوتینە نێو دڵی سەر شیوی مەریوان، و بەشی دارستان، و لێڕەوار، و بە بن پیرە دارەکانی بەڕوو، و سێچکە، و مازوو، کە سەرومل، و پرچی شین، و قژی زەردیان لێک هاڵا بوو، وە لینگ و لەتەریان، دوور لە یەکتریی، لە زەوی چەقی بوو، لە سەر تەپڵی سەری دارە چکۆلەکان، - هەر بە گوناهی چکۆلەیی، و کورتە بالایی ، مەڵۆیەکیان گەڵا و "گەڵ"، دانا بوو، تێدەپەڕین، و خشو هۆڕ، و زریکەی ئەو گەڵا زەرد، و وشکەڵاتوانەی کە بێ دەنگییەکی زۆر بە سامی، ئەو دۆڵە چۆڵەیان تێک دەشکاند، هەروەکو ئەوە دەچوو، کە تێکڕا داخ لە دڵی وون بوونی شنەی بای عەترای، و نەشەی گوڵان، و ئاوازی مەلی سەرچاڵانن، و بە دیتنی ڕێبوارە غەوارەکان، چەند گوێیەکی بیستنیان، وە چنگ کەوتووە، و هاواری داخ لە دڵیی خۆیان دەکەن!!

هەر جۆرێک بوو، زەردەی خۆراوای دەهەمین ڕۆژ بوو، کە گەیشتینە قەراغ بەحرۆکەی (زرێبار)، و لە حاستی گڵگۆی (دەرویش)، قارەمانی داستانی سەرووبن بوونی شارەکەی (فەیلەقووس)ی، هەژار کۆژی فەقیرخۆر، بەرەو قیبلە بڕێک ڕاوەستام، و نزایەک بۆ پیاوچاکان،و تووک بۆ پیاو خراب، و ناپاکان، و لە نەکاو تاسێکم بە سەریدا هات، و بروسکەیەک بە هەموو بەدەنمدا دەگەڕاو، تروسکەیەک تیشکی هاویشتە نێو دڵم، و سام، و خۆفی بارینی قەهر، و غەزەبی خودای پەروەردگار، بەسەر ستەمکارانی ڕۆژگار، دڵی ئەوەندە وێک هێنام، کە زیاتر خۆم پێ ڕانەگیرا، و خێرا دەنگی سوختەکانمدا، و بۆ لای ئاوایی (بالک) تێهەڵبووین، و هێندی پێ نەچوو، گەیشتینە ئاوایی، و چوینە حوجرەکە!

حوجرەی گوندی (بالک)، و باسی مامۆستا مەلا باقر:

دوو دیوی قوڕینە، و دوو نەهۆمی ڕووبەرروو، پێشخانەیەکی تەسکیان لە بەیندا بوو، دوای وە سەرکەوتن لە بیست، و چەند پلیکانی دار، و گڵمەت، و تەسک، و خوار، و خێچ، و چەپ، و چیر، پیاو دەگەیشتە پێشخانەی ئەو دوو دیوانە، کە یەکێکیان چۆڵ بوو، و دەڵاقەکانی شووشەیان تێدا نەبوو، و کوچکاوێکی تێدا هەڵبەستراوبوو، بۆ لینانی هێلکا، و بڕوێش، و ترخینە تەرخان کرابوو، و دیوەکەی دیکەیان کە فەقێی لێدەبوون، دوو دەلاقەی چکۆلەی بۆ ڕووناکی تێکرا بوو، و هەر کامەی دوو بست شووشەی تێگیرابوو، تەختی حوجرەکەشی چەند حەسیر، و سێ بەرەی کۆنی ساکاری تێدا ڕاخرابوو، و چرایەکی کورتی دیوارکۆش بۆ موتاڵای شەوانەی فەقێکان، لە سەر کۆلکەیەکی ڕۆندرابوو، و فەقێکانی بە چکۆلە و گەورەوە لە دەوری هاڵا بوون، بەخێر هێنان، و چاکو خۆشی،و خولقی خۆشی فەقێکان، ماندووبیان حەساندنەوە، و ئەو شەوە زۆر خۆشمان لێڕابرا، و بەیانی زۆر زوو، نوێژ کرا، و نانو چا خورا، و ئێستا تاو هەڵنەهاتبوو، دەنگی کەسێکی کە لە پلیکانەکان، وە سەر دەکەوت، و فەقێکانی قوتو سڵ کرد، و هەستانە پێ و گوتیان: (ئەوە مامۆستا هات!!).

لە نەکاو (مامۆستا مەلا باقر) وە ژوور کەوت، دەستە پیاوێک بوو، چاوو برۆ ڕەش، و لووتو لێو جوان، و نێو چاوان نوورانیی و پان، و ڕیشی ماشو بریندجی، و پەنجاو چەند ساڵێک دەهاتە بەرچاو، مێزەری کەتان، و سۆرانی هومایی لە سەر کەوا، و سەڵتەی پارچەیەکی ڕێ ڕێی، هەرزانبایی، و خاوێن بە بێ عەباو جوبە، ئەوپەڕی سەفا، و سادەیی ئەو زانا پایە بەرزەی نیشان دەدا، خێرا بە پیریەوە چووین، و دەستمان ماچ کرد، ئەویش بەو هەموو زانایی، و گەورەیی، و نێوبانگییەوە دەستی هەموومانی ماچ کردەوە، و لە خۆشییان، - کە هەڵکەوتەیەکی ئاوا نێو بە دەرەوە، و پسپۆڕ، و عەللامە، خۆی بە هێند ناگرێ، و دەستی سوختەکان ماچ دەکاتەوە - کوڵی گریانم هەستا بوو، و لەوانە بوو، جوابی بەخێرهێنانەکەی مامۆستام پێ نەدرێتەوە.

مامۆستا لە نزیکی دەلاقەکەی لای ڕۆژهەڵات دانیشت، و فەرموو: (باوە بێرانە، دەرسەکانتان پێ بێژم، ئا فەقێ حەمۆمین! تۆش ڕاکە، بە ڕەحەی خادم بێژە، نەیەڵێ بەگزادەکان بێنە ئێرە، هەتا ئەم دەرسانە ئێژم!).

دیار بوو، نۆرەی یەکێک لە موستەعیدەکان بوو، کە (شرح مواقف)ی، لە عیلمی کەلامدا دەخوێند، دوور دانیشت، و کتێبەکەی لە پێش خۆی پان ڕاکرد، تەماشای مامۆستام دەکرد، هیچ کتێبی لە پێش نەبوو، سەرم سوڕما بوو، چونکە لە هەموو فێرگەکانی "موکریان" کە بۆ خۆم دیبوومن، و هەروا لە فێرگەکانی "شنۆ" و "لاجان" و "پیران" و"ئالان" کە بیستبووم، دابی دەرس دادانی هەموو مەلاکان هەر ئاوا بوو، کە یەواڕێ مامۆستا کتێبەکانی دەرسی دەبردنەوە مانێ، و شەوێ بە باشی موتاڵای دەکردن، و هەڵە و پەڵەی لادەبردن، و دەرسەکانی دەگوتنەوە، و ئەگەر ڕۆژێک کتێبی نەهێناباوە، مانای ئەوە بوو، ئەو ڕۆژە تەعتیلە، و دەرس ناخوێندرێ، جا بەو هۆیەوە، ئەو دیمەنەم لێبووە مەتەڵۆکە، و نەمەدزانی چۆن هەڵدێ؟ هەتا لە نەکاو مامۆستا فەرموو: (باوە بۆیسە لەبەرا، پوختەی دەرسەکەت پێ بێژم، و ئەو عیبارەتانەی فرە موشکڵن، بۆتی ڕوون کەمەوە، ئەوسا ڕای خۆمیشت لەم مەسەلەدا پێ بێژم!)، لەو کاتەدا فەقێکان سەرتاپا بوونە گوێ، و مامۆستاش پوختەی دەرسی ئەو ڕۆژە، کە (کلام نفسی و لفظی) بوو، زۆر بە جوانی شی کردەوە، و سەرەڕای شیکردنەوەی جێگا سەختەکانی کتێبەکە، لە ڕووی یاساکانی (نەحو و صەرف) بەشە چەتوونەکانی ئەو مەبەستەشی دەهێنا گۆڕێ، و یەکەیەکەی گرێ پووچەکانی بە یارمەتی وەرگرتن، لە چەند پێشەکیی باسکراو هەمووانی دەکردەوە، و هەموو بەڵگە لار و خوارەکانی ڕاست دەکردنەوە، و دوای ئەوە مانای تەواوی عیبارەتی دەرسەکەی بە پوختی دەخستە دڵی فەقێکەوە، ئەوجار فەرموی: (دەی باوە تۆش عیبارەت دەرسەکە بخوێنەوە)، وە فەقێکە کە لە پێشدا مانای عیبارەتی دەرسەکەی پێ گوترابوو، بە لەونێک کەوتە سەر خوێندنەوەی دەرسەکە، کە دەتگوت، لە ڕێگایەکی خۆشی هەوراز دێتە خوارێ، و جارباریش کە گیری دەکرد، خێرا مامۆستا وە فریای دەهات، و گرێ و گرفنچکی هەوا ئاڵۆزەکانی بۆ ڕەها دەکرد، و وەڕێی دەخستەوە، هەتا دەرسەکە تەواو دەبوو!

بە دوای ئەو فەقێیەدا، نۆرەی فەقێیەکی دی هات، (شرح وتاربێژی مزگەوتی (قیبلە) بووە، لە هەمان شار.

مامۆستای ئەحمەدیان بە مەبەستی دریژەدان بە خوێندنی فەرمی لە ساڵی1989 پەیوەندی کردووە بە زانکۆ فەرمییەکانی ئێرانەوە و لە ساڵی 1996بڕوانامەی دکتۆرای لە شەریعەتی ئیسلامیدا لە زانکۆی تاران وەرگرتووە، و تێزێکی زۆر بەهێز و بەپێزی لە پسپۆڕییەکەی خۆیدا بە زمانی فارسی و بە ناوی (قورئان ناسی) نووسیوە و بە پلەی باڵا پەسەند کراوە.

مامۆستای ئەحمەدیان لە ماوەی ساڵانی- 1993 2003مامۆستای زانکۆی (ئازادی) شاری مەهاباد بووە، و جگە لەو پەرتووکانەی کە وەک وانە دەیگوتنەوە، ژمارەیەک پەرتووکیشی بۆ ئەو زانکۆیە نووسیوە، لەوانە:

1- کەلامی ئەهلی سونەت.
2- کەلامی جەدید.
3- میتژووی فەرموودە.
4- فەرموودەناسی.
5- ژیاننامەی پێشەوا عومەری کوڕی خەتاب - کە بە سەربەخۆیی نووسیوەتی و چەندین جار چاپ کراوەتەوە.
6- طرح طلاق ثلاثە در مثلث نور سفید.
7- تحقیق جدال اشاعرە و معتزلە دەربارە صفات و عدل الهی.
8- حلول رمضان و عید فطر.

مامۆستا ئەحمەدیان، نزیکەی سەد کاسێتی دەنگی تۆمارکراوی لە بوارەکانی ئایینی و ئەدەبیاتدا هەیە، کە چەندینیان تایبەتن بە تەفسیری قورئانی پیرۆز و سوڕەتەکانی فاتیحە و بەقەرە و یاسینی زۆر زانایانە ڕاڤە کردووە، و هەروەها زمانناس و خۆشنووسێکی زۆر کەمویێنە بووە کە ژمارەیەکی بەرچاو بابەتی خۆشنووسیی لە دوای خۆی بەجێهێشتووە.

کۆچی دوایی:

دواجار مامۆستا مەلا عەبدوڵلا ئەحمەدیان، لە ساڵی (1383هەتاوی ژ2004 ز) کۆچی دوایی کرد، و لە دوای خۆی چەند کوڕێک بەجێماوون، کە تیایاندا (مامۆستا محەمەد ئەحمەدیان) مامۆستا و نووسەرێکی کارامەیە.

ژێدەرەکان:


(.(1گەنجینە، نووسینی، عەللامە دکتۆر مامۆستا مەلا عەبدوڵلا ئەحمەدیان ژ مهاباد، (گۆڕی پڕ نوور بێت)، چاپی یەکەم، تاران - 2007.

.(2)هەشتاوسێ مەلا، لە موجازەکانی مامۆستا مەلا باقر، ئامادەکردن و نووسینی: مامۆستا مەلا عارفی کوڕی مامۆستا مەلا باقر، ل 77ژ ?78یەکەم چاپ ژ سنە، (1394هەتاوی ژ2015 زایینی).

*** خوێندکاری دکتۆرا لەئیسلامناسی - زانکۆی سلێمانی.**

دامەزراندنی حکوومەتی پەرەسەندنگەرا و رێچاری بەهێزبوونی باشووری کوردستان

باشووری کوردستان سەرباری هەموو گرفتە سیاسەتییەکانی، دوو ئامانجگەی گەورەی هەن بۆ ئەوەی بگاتە ئامانجگای ئارام، یەکێکیان بەهێزبوونی حکوومەتی کوردستانە و ئەوی دیکە ئامانجی گەیشتن بە سەربەخۆییە



د.محەمەد کەریخان*

پوختە

ڕاچڵەکینی وڵاتانی بەجێماوی جیهانی سێیەم و هەوڵدانیان بۆ گەیشتن بە هەواری پەرەسەندن، بۆتە بابەتێکی گەرمی ئەوڕۆیی لە نێو بژاردەکانی زانکۆیی و دەوڵەتی،بە جۆرێک کە هەر وڵاتەی بەپێی توانا و قەبارەی خۆی کاری سیاسەت دانان بۆ ئامانجکەی پەرەسەندن دەکات. باشووری کوردستان لە دوای هەوراز و نشێوێکی زۆر، هەست بە کەلێنی دواکەوتوویی دەکات و کەڵکەڵی پەرەسەندن بۆ بژاردە ئەکادیمییەکانی بۆتە پرس. هەروەها بژاردە دەوڵەتییەکانیشی لەم بابەتە بێئاگا نین و کەم و زۆر نموونەی کاری پەرەسەندن لە ئاسۆی وتار و دروشمی دامەزراوەکانی حکوومەت دەبینرێ. یەکێک لەو نیشانانە بڕیاری بەهێز بوونە. بەڵام لە دیدی ئەم وتارە جارِدانی حکوومەتی بەهێز، دروستکردنی حکوومەتی پەرەسەندنگەرای گەرەکە و گەیشتن بەم ئامانجگەیە بەپێی توانا و پۆتانسیێلەکانی 1 کوردستانی میکانیزمی سیاسەتیی دەوێ. لەم وتارەدا هەوڵ دەدرێت حکوومەتی کوردستان بە تیۆری دەوڵەتی پەرەسەندنگەرا ئاراستە بکرێت، بەڵکوو بگەینە پارادایمێک((2بۆ دامەزراندنی حکوومەتی پەرەسەندنگەرا. پرسیاری سەرەکیی پرسەکە ئەوەیە، ئایا حکوومەتی کوردستان چۆن دەتوانێ بەهێز بێ و بگاتە کەناری پەرەسەندن؟ بەپێی وڵامی گرنگانەیی، دانانی حکوومەتی پەرەسەندنگەرا ئامانجگەی باشتری ژیان دیاری دەکات و ڕێخۆشکەرە بۆ ئامانجە نەتەوەییەکانیشی. ئەم وتارە بە تیۆریی دەوڵەتی پەرەسەندنگەرا چوارچێوەدار دەکرێ و میتۆدی کار بە شێوەی شیکاری و نزیککردنەوە دەبێ.

دەوڵەتی پەرەسەندنگەرا، سیاسەت دانان، حکوومەتی کوردستان پێشەکی

ڕوونە کە پەلهاوێژیی بابەتی پەرەسەندن و سەرکەوتنی وڵاتانی پەرەسەندوو و، سەرەکی بوونی ئاسووری و پسانی پەتکی بەجیهانیبوون زۆرێک لە ئایدیۆلۆژییە تەسک و حەماسییەکانی تووشی تەزین و بەستن کردووە. بۆیە بابەتگەلی وەک پەرەسەندن و باشترکردنی ژیانی ڕاستەقینە و بەرزبوونەوەی ئاستی ئومێد بە ژیان، دەتوانێ جێگەی ئایدیۆلۆژییە زبر و ڕەقەکان بگرێتەوە. لە زۆر شوێندا دەبینین کە، ئایین و ئایدیۆلۆژییش دروشمیان بۆتە پەرەسەندن، ئابووریەکی بەهێز و پێشکەوتنی سیاسی و کۆمەڵایەتی. ئەم ئەزموونە ئەوەندە سەرکەوتوو بووە کە تەنانەت هەندێک وڵاتی دواکەوتوویش بە ئیرادەی پەرەسەندنگەرایی، لەناو جغزی جیهانی سێیەم دەرچوون.یەکێک لە کلیلە سەرەکییەکانی ئەم دەرچوونە، دروستکردنی دەوڵەتی پەرەسەندنگەرایە بەپێی زەمێن و زەمان. دیارە کە وڵاتانی جیهان بۆ پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی وەک یەک نەبوونە، هەر ناوچە و کۆمەڵگەیەک تایبەتمەندیی جوگرافی، مێژوویی، سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی خۆی هەیە و هەر یەکەو بە شێوەیەک هەڵدراونەتە (ئەم چەمکە لە هایدگەر وەرگیراوە) سەر ئەم وشکاییە، بۆیە هەر یەکەو بەپێی ئێگزیستانسیێل 3و قەبارە و هەڵگرتەی خۆی و بە شێوازی تایبەت بە خۆی دەتوانێ دەوڵەتی پەرەسەندنگەرا دامەزرێنێ.

یەکێک لە گرفتەکانی وڵاتانی شکستخواردووی مەیدانی پەرەسەندن ئەوە بووە کە بەبێ ئەوەی بەستێنی کۆمەڵایەتی و هزری وڵاتانی جیهانی یەکەم هەڵسەنگێنین و بسەرنجێنین، کار و بەرنامەی ڕۆژاواییەکانیان ڕاستەوخۆ کۆپی دەکرد و لە دەرەنجامدا تووشی تەناش و تەشەر دەبوون، یان ئەگەر زۆر شاکاریان کردبا ، دەگەیشتنە مۆدێرنیزمێکی فیزیکی و ڕواڵەتی، واتا نەیاندەتوانی بگەنە ماک و هیەوێنی مۆدێرنیتە. لە بەرانبەردا ئامرازی بژاردە ژیر و بژاردەکانی پەرەسەندنگەرای هەندێ لە وڵاتانی جیهانی سێیەم ئەوە بوو، کە بە ئامراز و زانستی سیاسەت دەستیان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی پەرەسەندنگەرا هەڵکرد و پەرەسەندنیان لە دەروونەوە دەست پێ کرد و دواجار دەرەنجامی گەشتی پێوە بوو.

لەم دەلاقەوە باشووری کوردستان سەرباری هەموو گرفتە سیاسەتییەکانی، دوو ئامانجگەی گەورەی هەن بۆ ئەوەی بگاتە ئامانجگای ئارام: یەکێکیان بەهێزبوونی حکوومەتی کوردستانە و ئەوی دیکە ئامانجی گەیشتن بە سەربەخۆییە. ئەگەرچی دەوڵەت و حکوومەتداری دوو شتی لێکجیاوازن بەڵام هەردووکیان کاریگەری و کارلێکیان لەسەر یەکتر هەیە و دەبێ بە حکوومەتداریەکی پەرەسەندنگەرا و ئامانجدار بەستێنی و سەربەخۆیی وڵات دابڕێژرێ. بێ گومان ئەرکی حکوومەتی کوردستان زۆر قورستر لە چاو وڵاتێکی سەربەخۆ، چونکە وڵاتانی سەربەخۆ کەڵکەڵی سەربەخۆییان نییە و تەنیا پێشکەوتن و خۆشترکردنی ژیانی هاوڵاتیان لە بەرچاو دەگرن، بەڵام حکوومەتی کوردستان جگە لەم ئامانجانە، دەبێ بە ئامرازی پەرەسەندن ڕێ بۆ سەربەخۆبیش خۆش بکات. لێرەدا ئەو پرسیارە دروست دەبێ، کە ئایا حکوومەتی کوردستان بۆ گەیشتن بە دوو ئامانجگەکەی، دەبێ چی بکات و چۆن هەنگاو بنێ؟، ئایا لەبەر ئەوەی باشووری کوردستان سنووری دیاریکراوی فەرمیی لەگەڵ عێراقی داگیرکەر نییە و سەربەخۆ نییە، دەبێ دست لەسەر دەست دابنێ و کار بۆ پەرەسەندن نەکات؟. وەڵام ئەوەیە کە حکوومەتی کوردستان جگە لە پێشکەوتن و پەرەسەندن ڕێچارەی دیکەی نییە.

هەرچەندە پەرەسەندن ژیانیان گەرەکە. بەڵام حکوومەتی کوردستان جگە لەم ئامانجانە، دەبێ بە ئامرازی پەرەسەندن ڕێ بۆ سەربەخۆبیش خۆش بکات. لێرەدا ئەو پرسیارە دروست دەبێ، کە ئایا حکوومەتی کوردستان بۆ گەیشتن بە دوو ئامانجگەکەی، دەبێ چی بکات و چۆن هەنگاو بنێ؟، ئایا لەبەر ئەوەی باشووری کوردستان سنووری دیاریکراوی فەرمیی لەگەڵ عێراقی داگیرکەر نییە و سەربەخۆ نییە، دەبێ دست لەسەر دەست دابنێ و کار بۆ پەرەسەندن نەکات؟. وەڵام ئەوەیە کە حکوومەتی کوردستان جگە لە پێشکەوتن و پەرەسەندن ڕێچارەی دیکەی نییە.

هەرچەندە پەرەسەندن ژیانیان گەرەکە. بەڵام حکوومەتی کوردستان جگە لەم ئامانجانە، دەبێ بە ئامرازی پەرەسەندن ڕێ بۆ سەربەخۆبیش خۆش بکات. لێرەدا ئەو پرسیارە دروست دەبێ، کە ئایا حکوومەتی کوردستان بۆ گەیشتن بە دوو ئامانجگەکەی، دەبێ چی بکات و چۆن هەنگاو بنێ؟، ئایا لەبەر ئەوەی باشووری کوردستان سنووری دیاریکراوی فەرمیی لەگەڵ عێراقی داگیرکەر نییە و سەربەخۆ نییە، دەبێ دست لەسەر دەست دابنێ و کار بۆ پەرەسەندن نەکات؟. وەڵام ئەوەیە کە حکوومەتی کوردستان جگە لە پێشکەوتن و پەرەسەندن ڕێچارەی دیکەی نییە.

هەردووکیان کاریگەری و کارلێکیان لەسەر یەکتر هەیە و دەبێ بە حکوومەتداریەکی پەرەسەندنگەرا و ئامانجدار بەستێنی و سەربەخۆیی وڵات دابڕێژرێ. بێ گومان ئەرکی حکوومەتی کوردستان زۆر قورستر لە چاو وڵاتێکی سەربەخۆ، چونکە وڵاتانی سەربەخۆ کەڵکەڵی سەربەخۆییان نییە و تەنیا پێشکەوتن و خۆشترکردنی ژیانی هاوڵاتیان لە بەرچاو دەگرن، بەڵام حکوومەتی کوردستان جگە لەم ئامانجانە، دەبێ بە ئامرازی پەرەسەندن ڕێ بۆ سەربەخۆبیش خۆش بکات. لێرەدا ئەو پرسیارە دروست دەبێ، کە ئایا حکوومەتی کوردستان بۆ گەیشتن بە دوو ئامانجگەکەی، دەبێ چی بکات و چۆن هەنگاو بنێ؟، ئایا لەبەر ئەوەی باشووری کوردستان سنووری دیاریکراوی فەرمیی لەگەڵ عێراقی داگیرکەر نییە و سەربەخۆ نییە، دەبێ دست لەسەر دەست دابنێ و کار بۆ پەرەسەندن نەکات؟. وەڵام ئەوەیە کە حکوومەتی کوردستان جگە لە پێشکەوتن و پەرەسەندن ڕێچارەی دیکەی نییە.

ڕەنگە ئەم دوو ئامانجە بەدوور بزانرێت بەڵام وەک دیارە پەرەسەندن بۆ باشتربوونی ژیانە و دەتوانێ پایەداریی ئابووری و سەقامی سیاسی و گۆڕانی کۆمەڵایەتی بچنێ. پەرەسەندنی سیاسی و کۆمەڵایەتیش پێویستی بە وشیار دەکاتەوە و خەباتی سەربەخۆییخوازانەیان بە شێوەیەکی زانستییانە کەناڵیزە دەکات. بۆیە حکوومەتی کوردستان جگە لە دۆخی جیۆپۆلیتیکی، جیۆئیکۆنۆمیکی و ستراتیژیکی کاریگەری ئەستەمە و شان و پیلی بەهێزی دەوێ. وێڕای ئەم دۆخە نالەبار و لەرزۆکەیش، حکوومەت بڕیاری چاکسازی و بەهێزبوونی داوە و کۆمەڵێک پۆتانسیێلی هەن کە دەتوانێ بە کەڵک وەرگرتن لە زانستی سیاسەتدانان و بژاردە ئەکادیمییەکان باشتر کار بکات. بەم کەرەستانەی لەبەردەستن پرسیارێکی سەرەکی دێتە پێش، ئایا حکوومەتی کوردستان چۆن دەتوانێ بەهێز بێ و بگاتە کەناری پەرەسەندن؟. وەڵامی گرنگانەیی ئەوەیە کە حکوومەتی پەرەسەندنگەرا ئامانجگەی باشتر دیاری دەکات و ڕێخۆشکەرە بۆ ئامانجە نەتەوەییەکانیش. هەروەها پرسیاری لاوەکی ئەوەیە کە ئایا حکوومەتی کوردستان بۆ بەهێزبوون، دەبێ بە کام ئامراز و چۆن کار بکات؟. لە ڕاستیدا باشووری کوردستان دەبێ لە ڕێگەی بژاردە زانستییەکانی و بە ئامرازی زانستی سیاسەتدانان ڕێگەی پەرەسەندن دیاری بکات.





لە دامەزراندنی حکوومەتێکی پەرەسەندنگەرا بەردەبازێکی دیکەی نییە.

چوارچێوەی تیۆری

تیۆریی زانستی، پاڵپشتی لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکانە، بۆیە بە پشتبەستن بە تیۆریی دەوڵەتی پەرەسەندنگەرا ئەم وتارە لەقاڵب دەدرێ. لە ڕاستیدا دەوڵەتی پەرەسەندنگەرا چوارچێوەیەکی تیۆریی فۆرمۆلەکراوی هەیە و، دەکرێ ئەم تیۆرییە بەپێی دۆخی تایبەتی شل و پەیتیی پێ بکرێ، بێ ئەوەی فۆرم و پرەنسیپە سەرەکییەکانی تێک بچێ. ئەم تیۆرییە نەک هەر بۆ دەوڵەتە هەڵوەستەیە. ڤێبەر پێی وایە کە دەوڵەت بەهێزترین دامەزراوەیە لەناو کۆمەڵگەدا. (نش، 1384: 29).دەتوانین ڕیشەی تیۆریی دەوڵەتی پەرەسەندنگەرا لە بۆچوونەکانی فرێدریک لێپسیت و کارل مارکس ببینین. (لێفت ویچ، 1385: 244).هەروەها نموونەی کلاسیکیی دەوڵەتی پەرەسەندووگەرا لەناو کاری دەوڵەتە ناوچەیی و بچووکەکانیش گونجاوە. (کاک حمد، 1397) بەتایبەتی ئێستا کە چەمکی وەک "بچووک جوانە" (شوماخێر، 1389هاتۆتە ناو بابەتە سیاسییەکان، دەکرێ حکوومەتی کوردستانیش کەڵک لەم تیۆرە وەرگرێ و بیکاتە سەرمەشقی پەرەسەندن. بەگشتی تیۆری دەوڵەتی پەرەسەندنگەرا، دەیەوێ وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە، بۆچی وڵاتانی هەبوو و نەبووی جیهانی سێیەم وەک یەک لە پەرەنەسەندندا خاڵی هاوبەشیان هەیە؟. وەڵام ئەوەیە کە ئەم وڵاتانە سیاسەتی عەقڵانی و پەرەگەرایانەیان لاوازە، بۆیە لە کەندالی دواکەوتووییدا ماونەتەوە. بابەتی پەرەسەندن بابەتێکی سیاسی و سیاسەتییە، بۆیە پڕۆسەی پەرەسەندنیش پێویستی بە دامەزراوەی دەوڵەتی و سیاسەتی هەیە. لەم بارەیەوە بۆچوونی ماکس ڤێبەر جێی بیسمارک دەبینرێ. (Bagchi, 2000: 412).

وڵاتی ئینگلیز لە ڕۆژاوا و ژاپۆن لە ڕۆژهەڵات نموونەی ئەم جۆرە دەوڵەتانەن. سامۆێل هانتینگتۆن، بوونی دامەزراوەیەکی بەهێزی بیرۆکراتیکی پەرەخواز بە گرینگترین هۆکاری پەرەسەندنی سیاسی و کۆمەڵایەتی دادەنێ. (دلفروز، 1393: 50). ئەوەی کە بۆتە جێی سەرنجی تیۆریسییەنەکانی دەوڵەتی پەرەسەندنگەرا ئەوەیە، کە بۆچی هەندێ وڵات کە نرخی گەشە و نموبان زۆرە هەروەک ئەو وڵاتانە وەستاون کە نرخی نموبان نزمە.

دەوڵەتی پەرەسەندنگەرا لە دیدگای ئادریان لێفت ویچ

لێفت ویچ پێی وایە دەوڵەتی پەرەسەندنگەرا دەوڵەتێکە تێیدا سیاسەت بە شێوەیەکە کە دەزگای سیاسەتی ناوەندیی دەبێ ئیرادە، هێز، سەربەخۆیی، توانایی، ڕەوایی، پەسندایەتیی هەبێ، بۆ ئەوەی بچێتە واری پەرەسەندن و، توانا و سەرچاوەکانی خۆی بۆ کانالی پەرەسەندن تەیار و تۆکمە بکا. Left wich, 2006: 63

یەکێک لە کارە بنچینەییەکانی دروستکردنی دەوڵەتی پەرەسەندنگەرا ئەوەیە کە ئامانجە سیاسییەکان و پێکهاتە دامەزراوەییەکانی خۆی، بەتایبەتی بیرۆکراسییەکانیان بە ئاراستەی پەرەسەندن بخاتە ڕێ. Castells.1992, pempel.1999

دەوڵەتی پەرەسەندنگەرا تایبەتمەندیی خۆی هەیە و لەناو ئەدەبیاتی پەرەسەندندا ئەم دەوڵەتە دوو ڕەهەندی ئایدیۆلۆژیک و پێکهاتەییی هەیە. (هایامی) پەرەسەندن بە ئایدیۆلۆژی دادەنێ و پەرەسەندنی ئابووری بە بەهاتر لە بەهای مادەی دادەنێ کە دەبێتە هۆی متمانە و ئاسایشی نەتەوەیی. (هایامی، 1380: 270).

لەم ئاستە هزرییەدا، دەبێ هەموو بژاردەکانی وڵات کوردستان لە دۆخی جیۆپۆلیتیکی، جیۆئیکۆنۆمیکی و ستراتیژیکی کاریگەری ئەستەمە و شان و پیلی بەهێزی دەوێ. وێڕای ئەم دۆخە نالەبار و لەرزۆکەیش، حکوومەت بڕیاری چاکسازی و بەهێزبوونی داوە و کۆمەڵێک پۆتانسیێلی هەن کە دەتوانێ بە کەڵک وەرگرتن لە زانستی سیاسەتدانان و بژاردە ئەکادیمییەکان باشتر کار بکات. بەم کەرەستانەی لەبەردەستن پرسیارێکی سەرەکی دێتە پێش، ئایا حکوومەتی کوردستان چۆن دەتوانێ بەهێز بێ و بگاتە کەناری پەرەسەندن؟. وەڵامی گرنگانەیی ئەوەیە کە حکوومەتی پەرەسەندنگەرا ئامانجگەی باشتر دیاری دەکات و ڕێخۆشکەرە بۆ ئامانجە نەتەوەییەکانیش. هەروەها پرسیاری لاوەکی ئەوەیە کە ئایا حکوومەتی کوردستان بۆ بەهێزبوون، دەبێ بە کام ئامراز و چۆن کار بکات؟. لە ڕاستیدا باشووری کوردستان دەبێ لە ڕێگەی بژاردە زانستییەکانی و بە ئامرازی زانستی سیاسەتدانان ڕێگەی پەرەسەندن دیاری بکات.

فەرهەنگۆک:

1- پۆتانسیێلەکانی = توانستەکانی.

2- پارادایمێک = نموونەیەک ، وێنایێک.

3- ئێگزیستانسیێل = بوون.

وون بوون

ناسنامەی کۆلیژی کشتوکال بەشی سامانی ئاژەل بەناوی محمود جەنگاوەر محمد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

وون بوون

باجێکی قوتابی پەیمانگای تەکنیکی کەلار بەناوی (دالیا ئازاد رشید) وون بووە، هەرکەس دەیدۆزیتەوە بابهێنی بۆنوسینگەی گەرمیانی رۆژنامەی خەبات.

* * *

ون بوون

پێناسێکی پەیمانگای تەکنیکی کەلار بەناوی (دیاری صدیق سعید) ونبووە، هەرکەس دەیدۆزیتەوە بیهێنی بۆنوسینگەی گەرمیانی رۆژنامەی خەبات .

* * *

ون بوون

پێناسی باری شارستانی بەناوی (یوسف احمد محمد) ون بووە، هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی لەتەق تەق (٠٧٥٠١٨٦٠١٤٤)

* * *

محكمة بداءة ئاكرى

العدد / ٥٥٦/ب/٢٠١٩

التاريخ /٢٠١٩/١٠/٢

الى / المدعى عليه رقم (٣١)

ايوب عزيز ايوب

ب/ اعلان

اقام المدعي (رجب قادر رجب) الدعوى البدائية المرقمة اعلاه عليك امام هذه المحكمة يطلب فيه تسجيل (القطعة المرقمة ٢/٢٠٦ مقاطعة ١٣٧ بساتين طاقي وزيوكي) باسمه والتي سجلت سهوا وخطا من قبل دائرة التسجيل العقاري باسماء المدعى عليهم (فهيمة محمد شريف رجب وشركاؤها) ولمجهولية محل اقامتك حسب اشعار مختار محلة (جوستي) المرفق بكتاب مركز شرطة ئاكرى المرقم (٢٢٠٨) في ٢٠١٩/٨/٢٢ قررت المحكمة تبليغك عن طريق النشر في جريدتين يوميتين محليتين بالحضور في اليوم المعين للمرافعة امام هذه المحكمة والموافق ٢٠١٩/١٠/٢١ استنادا للمادة ١/٢١ من قانون المرافعات المدنية وبعكسه ستجري المرافعة بحقك غيابيا واصدار القرار المناسب وفق القانون

القاضي / خالد عثمان يوسف

* * *

محكمة بداءة ئاكرى

العدد / ٨/مواد شخصية/٢٠١٩

التاريخ /٢٠١٩/١٠/٢

الى / المدعى عليه (لينوس شموئيل ميرزا)

ب/ اعلان

اقامت المدعية (هبه حنا عيسى) الدعوى البدائية المرقمة اعلاه عليك امام هذه المحكمة تطلب فيها تصديق الطلاق الخاجي الواقع بينهما امام الكنسية الشرقية القديمة الكائنة في ئاكرى ولمجهولية محل اقامتك حسب اشعار مختار محلة (ئازادى) المرفق بكتاب مركز شرطة طولان المرقم (٣٤٧٣) في ٢٠١٩/٨/٢٦ قررت المحكمة تبليغك عن طريق النشر في جريدتين يوميتين محليتين بالحضور في اليوم المعين للمرافعة امام هذه المحكمة والموافق ٢٠١٩/١٠/٩ استنادا للمادة ١/٢١ من قانون المرافعات المدنية وبعكسه ستجري المرافعة بحقك غيابيا واصدار القرار المناسب وفق القانون

القاضي / خالد عثمان يوسف

* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد

فەرمانگەی دادنوسی کەلار- یەك

ژمارە / ١٥

ریکەوت / ٢٠١٩/٩/٢٦

ئاگاداری

بەپێی ئەو داوایەی کەلەلایەن داواکار پشکەش بەم فەرمانگەیە کراوە بە ناوی (بەیادمحەمەد امین عبداللە) داواکارە بە تۆمار کردنی ئامێرەکانی (بڕپرکردنەوەی بتلّی غاز کە لە(کەلار رزگاری) دانراون و ئامێرەکان لەخوارەوەدیاری کراون بەپێی یاسای دادنووس ژمارە (٣٣) لەسالّی (١٩٩٨) بلّاوی دەکەینەوە هەرکەسێ خۆی بە پەیوەندیدار یان خاوەنی هەریەك لەم ئامێرانە دادەنێ لەماوەی (١٥) پانزە رۆژدا سەردانی ئەم فەرمانگەیە بکات بە پێچەوانەوە بەناوی داواکارەوە تۆمار دەکرێت و بڕوانامەی پێ دەدرێت.

ژ/ ناوی ئامێر/ ژمارەی ئامێر / دروستکراو / مۆدێل / توانای کارەبایی

١- سەحنی پڕکردنەوەی سەرەکی/ ٤٤٤١- ٤٤٤٩- ٤٤٤٦- ٤٤٤٧- ٤٤٤٩ - ٤٤٩٨- ٤٤٤٣- ٤٤٤٠ - ٤٤٤٢ – ٤٤٤٥ - ٤٢٢٥- / تورکیا / ٢٠١٩ / ٤,٦kw

کە١٢جاوی پرکردنەوەی هەیە

لەگەڵ سەرجەم پاشکۆکانی

سیامند محمد صالح / دادنوسی یەکەمی کەلار

٢٠١٩/٩/٢٦

* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد

فەرمانگەی دادنوسی کەلار- یەك

ژمارە / ١٦ /

ریکەوت / ٢٠١٩/٩/٣٠

ئاگاداری

بەپێی ئەو داوایەی کەلەلایەن داواکار پشکەش بەم فەرمانگەیە کراوە بە ناوی (قابیل سلیمان جبیب) داواکارە بە تۆمار کردنی ئامێرەکانی کارگەی (دانا) بۆدروستکردنی بلۆك کە لە (کەلار گردەگوزینە) دانراون و ئامێرەکانی لەخوارەوە دیاری کراوە بەپێی یاسای دادنووس ژمارە (٣٣) لەسالّی (١٩٩٨) بلّاوی دەکەینەوە هەرکەسێ خۆی بە پەیوەندیدار یان خاوەنی هەریەك لەم ئامێرانە دادەنێ لەماوەی (١٥) پانزە رۆژدا سەردانی ئەم فەرمانگەیە بکات بە پێچەوانەوە بەناوی داواکارەوە تۆمار دەکرێت و بڕوانامەی پێ دەدرێت.

ژ- ناوی ئامێر/ ژمارەی ئامێر / دروستکراو/ مۆدێل/ توانای کارەبایی

١-خەباتە / ١٠٦٤ / تورکی / ١٩٩٥ / ٣٠ ئەسپ

٢-کابیسە / نیەتی / ناوخۆ / ٢٠٠٤ / ١٠ ئەسپ

٣- رافیعە / ٢١٥٠١١٠٥ / صینی / ٢٠١٥ / ٣ طن

سیامند محمد صالح / دادنووسی یەکەمی کەلار

٣٠ / ٩ / ٢٠١٩

* * *

وەزارەتی شارەوانی و گەشتو گوزار

بەڕێوەبەرایەتی گشتی

شارەوانیەکانی گەرمیان

سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری

کارگێڕی و خۆیەتی

ژمارە : ١٩٢٠

ریکەوت : ٢٠١٩/٩/٢٦

ئاگاداری

بەهەبەستی دروستکردنی خانوو ، هەر هاوڵاتیەك گلدانەوەی لەسەر ئەو پارچە زەوییە هەیە لەماوەی (٣٠) رۆژدا لەپاش بلّاو کردنەوەی ئەم ئاگاداریە ئاگاداری سەرۆکایەتی شارەوانییان بکاتەوە بە پێچەوانەوە شارەوانییان کاری یاسایی بۆناوبراو دەکات .

ئەندازیار/ ارسلان احمد محمد

سەرۆکی شارەوانی رزگاری

* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد

فەرمانگەی دادنوسی کەلار- یەك

ژمارە / ١٤ /

ریکەوت / ٢٦ / ٩/ ٢٠١٩

ئاگاداری

بەپێی ئەو داوایەی کەلەلایەن داواکار پشکەش بەم فەرمانگەیە کراوە بە ناوی (کۆمپانیای دەروازەی ئامار بۆبازرگانی گشتی وپیشەسازی / سنورار) داواکارە بە تۆمار کردنی ئامێرەکانی (ماد پۆلیمەر بۆبەرهەم هێنانی دەنکۆلّەی پلاستیکی وبەرهەمی پلاستیك) کە لەکەلار (کەلار /گردەگوزینە) دانراون و ئامێرەکان لە خوارەوە دیاری کراوە بەپێی یاسای دادنووس ژمارە (٣٣) لەسالّی (١٩٩٨) بلّاوی دەکەینەوە هەرکەسێ خۆی بە پەیوەندیدار یان خاوەنی هەریەك لەم ئامێرانە دادەنێ لەماوەی (١٥) پانزە رۆژدا سەردانی ئەم فەرمانگەیە بکات بە پێچەوانەوە بەناوی داواکارەوە تۆمار دەکرێت و بڕوانامەی پێ دەدرێت.

ژ / ناوی ئامێر/ ژمارەی ئامێر / دروستکراو / مۆدێل / توانای کارەبایی

١. میکسەر بۆتێکەلکردنی موادی سەرەتای/ نیەتی/ چین / ٢٠١٨ / ١٥٠ kw

بۆروستکردنی دەنکۆلەی پلاستیکی

٢- هیلّی دروستکردنی دەنکۆلّەی پلاستیکی/ - mt٦ / چین / ٢٠١٨ / ١٨,٥ kw

بچوك بۆ ئامادەکردنی جەنکۆل - ٢٠١٨٠٩٢٥

٣-هیلی دروستکردنی دەنکۆلەی پلا ستیکی

٣. کەپێکدیت لە (اکستروودەر – سارکردنەوە- وشك کردنەوە +لەکیس نان / - mt٦ / چین / ٢٠١٨/ ٢٥٠kw ٢٠١٨٠٩٢٥

٤- هیلکی دروستکردنی سفرەی سەفەری A,B.A/ نیەتی/ چین / ٢٠١٨/ ١٤٠ A

٥- هیلکی دروستکردنی سفرەی سەفەری A,B.A/ نیەتی/ چین / ٢٠١٨/ ١٤٠ A

سیامند محمد صالح / دادنووسی

یەکەمی کەلار

٢٦ / ٩ / ٢٠١٩

* * *

دادگای باری کەسی خەبات

ژمارە: ٢/لێك زیادکردن/٢٠١٩

بەروار: ٢٠١٩/١٠/١

جاڕدان

ئەم دادگایە هەڵدەستێ بە فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە (٨٧٥٨/دهوك- بارهەڵگر) جۆری (سکانیا دەبل قارە) مۆدێل (١٩٩٣) ڕەنگی (سپی خەت شین) کەبەناوی خوالێخۆشبوو (هانی علی خالد) لەرۆژی ٢٠١٩/١٠/١٠ کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ جا هەرکەسێك دەیەوێ بەشداری کڕینی بکات با ئامادەبێت لەم دادگایە لەکات و شوێنی دیاریکراو وە پارەی یاسایی (١٠٪) لەگەڵ خۆی بهێنێت، وە هەروەها ئۆتۆمبێلەکە خەملێندراوە بەنرخی (١٢,٠٠٠,٠٠٠) دینار.

داوەر/ مسعود سعید صدیق

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر

ژمارە: ٢٠١٩/١٢٠١

بەروار: ٢٠١٩/١٠/١

جاردانی کەل و پەلی گلدراوە

ئەم بەڕێوەبەرایەتیە لە دۆسیەی جێبەجێکردنی ژمارە (٢٠١٩/١٢٠١) هەڵدەستێ بە فرۆشتنی ئەو کەلوپەلانەی خوارەوە کە بەپێی (١٨,٠٠٠,٠٠٠) هەژدە ملیۆن دینار قرساوەوە بەلێك زیادکردنی ئاشکرا لەجیاتی قەرزی خاوەن قەرز (قادر غازی قادر) کە برەکەی (٧٥,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن دینارە، جا هەرکەسێ ئارەزووی کڕینی هەیە لەماوەی (٣) ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بلّاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە ئامادە بێت لەم بەڕێوەبەرایەتیە و بارمتەی یاسایی لەگەڵ خۆی بهێنێ کە لە ١٠٪ نرخی قرساوەکەیەتی و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە. ئۆتۆمبێلی ژمارە (٧٧٩٠) هەولێر -تایبەت جۆری مارسدیس مۆدێل (٢٠١٤) ڕەنگی نەفتی.

جێبەجێکاری داد/ئاری فیصل دەباغ

* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر

بەشی یاسا

ژمارە: ١٦٤٤١

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٩/١١

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (سیا) بۆ بەڵێندەرایەتی و بازرگانی گشتی/سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (سیا) بۆ بەڵێندەرایەتی و بازرگانی گشتی/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٩/٢) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (شیهاء دلشاد مصطفی) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالّی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/٩/١١

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگەهداری

ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کومپانیا (شاهەنگ) بۆ (بازرگانی گشتی / سنوردار) بریارا پاکتاوکرنا کومپانیێ دایە لەوما هەر لایەنەك وکەسەکی مافەك ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا ددەمێ یاسایی دا ئاگەهداریا پاکتاوکەری بکەن ل (باژێرێ دهوکێ) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان

پاکتاوکەر / شیرزاد محمد علی صبری

ناڤ ونیشان / دهوك - سوق دبی

ژمارا موبایلێ / ٠٧٥١٤٠٣٥٧٤٣

إشعار العطاء

تقوم هانديكاب إنترناشيونال بالشراكة مع المانحين بدعوة الشركات المسجلة لتقديم عطاءات لاتفاقات إطارية لعقد سنوي.

• بناء مساحة العاب للأطفال في الحويجة (العباسي و حي النداء)

الشركات المهتمة مدعوة لتحميل وثائق المناقصة من www.ncciraq.org أو reliefweb.int أو لطلب وثائق المناقصة مباشرة من مكتب هانديكاب الدولي في أربيل أو كركوك (العنوان أدناه). الموعد النهائي لتقديم العطاءات هو الأحد ٢٠، ١٠، ٢٠١٩ ، الساعة ١٦:٠٠ (بتوقيت العراق) فقط في ظرف مختوم يحمل العنوان ادناه.

«CFT_Haweeja Playgrounds_١٩_IRQ / اسم الشركة»

- لا يتم فتحها قبل جلسة افتتاح المناقصة.

لن يتم النظر في أي عطاء تقديم بعد الموعد النهائي ، لن يتم النظر في تقديم العطاء عبر البريد الإلكتروني.

هانديكاب إنترناشيونال

عنوان مكتب أربيل:

حي أشتي ، منزل رقم ٥/٢٧٠/٧٢٠ ، عينكاوا - أربيل

عنوان مكتب كركوك:

كركوك شورو- مدينة نور- فيلا ٣٨٧

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (Korek group holding) بۆ بارزگانی گشتی/ سنوردار) بریاری گۆڕینی (ناوی)ی کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (Korek group holding) بۆ کۆمپانیای (Korek holding/ بۆ بارزگانی گشتی/ سنوردار)، بۆیە هەر کەسێك نارەزایی یان مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگەهداری

ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کومپانیا (ڕۆپەل ROPEL) بۆ (بازرگانی گشتی - هاوردە وهەنارده / سنوردار) بریارا پاکتاوکرنا کومپانیێ دایە لەوما هەر لایەنەك وکەسەکی مافەك ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا ددەمێ یاسایی دا ئاگەهداریا پاکتاوکەری بکەن ل (باژێرێ دهوکێ) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان

پاکتاوکەر / عادل عبدالسلام سراج الدین

ناڤ ونیشان / دهوك / K.R.O

ژمارا موبایلێ / ٠٧٥٠٤٥٧٧١١٨

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر

بەشی یاسا

ژمارە: ١٧٩١٥

ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/١

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (سکای) بۆ

بەڵێندەرایەتی بیناسازی/سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (سکای) بۆ بەڵێندەرایەتی بیناسازی/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٩/٢٩) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (محمد یوسف صادق) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالّی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٠/١

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر

بەشی یاسا

ژمارە: ١٧٩٥٨

ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/١

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (تونج سان Tunc san)

بۆ بازرگانی کەل و پەلی خۆراك/سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (تونج سان Tunc san) بۆ بازرگانی کەل و پەلی خۆراك/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٩/٢٩) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (کاروخ محسن صابر) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالّی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٠/١

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/٩/٣٠
بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (ساوین عبدالخالق عبدالله ٥٠٪ و سردار رمضان محمد ٥٠٪) لە بەرواری ٢٠١٩/٩/٢٩ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانداوە لە (پ.باشوور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە رێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پێشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی راگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە رۆژدا, واتە رۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت رۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی سالّی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووسی یەکەم / مریوان قرەنی ابراهیم
ئامێرەکان:
١- پێنج دانە ئامێری ولدن ژمارە/ ٥٢١٠٠٠ و ٥٢١٠٠١ و ٥٢١٠٠٢ و ٥٢١٠٠٣ و ٥٢١٠٠٤ دروستکراوی صینین مۆدێل ٢٠١٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٣٠*٥ ئەمپێر.
٢- دوودانە کەتەری ٧,٥ ژمارە/ ٥٢١٠٠٥ و ٥٢١٠٠٦ دروستکراوی خۆمالین مۆدێل ٢٠١٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٧,٥*؟.
٣- پرێسی خوارکردنەوەی پلێت ژمارە/ ٥٢١٠٠٧ دروستکراوی خۆمالی مۆدێل ٢٠١٠.
٤- مقەستی برینی پلێت ژمارە/ ٥٢١٠٠٨ دروستکراوی خۆمالی مۆدێل ٢٠١٠.
٥- درێلی کون کردنی ئاسن ژمارە/ ٥٢١٠٠٩ دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠٠٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١.
٦- کۆمپرێسەری هەواء ژمارە/ ٥٢١٠١٠ دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠٠٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٥,٥.
٧- بەرهەم هێنانی کارەبا ژمارە/ ٤٢٤٠٢٣ دروستکراوی ئینگلیزی مۆدێل ٢٠٠٨ جۆری سوتەمەنی گازوائیل توانای K.W٣٢,٥.

* * *

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/٩/٢٦
بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (شالاو برهان عبدالله) لە بەروارى ٢٠١٩/٩/٢٥ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانداوە لە (رێگای مخمور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە رێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پێشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی راگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە رۆژدا, واتە رۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت رۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمادەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی سالّی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووس / شوان فوزی زکی
ئامێرەکان:
١- ئامێری دروستکردنی زەرفی کاغەزی قەبارە جیاواز ژمارە/ ٥٩٣٨٤٠٠ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠٠٦ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١,٥.

* * *

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ٧٠٣/ش/٢٠١٩
رێکەوتی / ٢٠١٩/٩/٣٠
راگەهاندن
بو / داوالیکراو : اورهان نعمت ابراهیم
ئێ دادگەهێ بریاردا ل کێشا ژمارە (٧٠٣/ش/٢٠١٩) ل روژا (٢٠١٩/٩/٢٥) پەسەندا تەلاقا دەرەکی یاتە بو داواکاری(هیلان حسین خلیل) ل ٢٠١٨/٣/٨ و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە ول دیف دەقێ یاسایی کو پێتقیە ئاگەهداریا تە دەمێ دەرکەتنا بریاری ژی ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامییێت روژانە و تە مافێ نە رازیبونێ وپێداچوونی یێ هەیی دماوەی یاساییدا و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ بریار پلا بنەبر وەرگرت.
دادوەر / دارا طاهرتوفیق

* * *

دادگای باری کەسی دەشتی هەولێر
ژمارەی:٤٥٥/ش/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١٠/٢
جارِدان
بۆ داوالێکراو (غائب جاسم محو) شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (شرقیە اسماعیل طە) داوای ژمارە ٤٥٥/ش/٢٠١٩ لەسەرت تۆمارکردووە, کەتیایدا داوای (جیابوونەوە) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختارەکانی (دووەمی گەرەکی هەنجیرۆك) بۆیە دادگا بریاری دا کە پێت رابگەیەنرێت لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە بۆ ئامادەبوونی خۆت یان بریکارێکی یاسایی لە دادبینی رۆژی ٢٠١٩/١١/١١ کاتژمێر (٩) بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی پاشەملە و ئاشکرا دەرهەقت ئەنجام ئەدرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ عبدالله عثمان خضر

* * *

ئاگاداری
وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەستێت بە بەکرێ دانی رووبەری (٨٠٠)م٢ لە پارچە زەوی ژمارە (٢/٦) ك (١٠) سوێری پشت سەربرخانەی هەولێر بەمەبەستی دروست کردنی کۆگا بۆ ماوەی (٢٠) سال بە زیاد کردنی ئاشکرا بە پێی یاسایی ٣٢ سالّی ١٩٨٦ هەموارکراو رێنمایی دارایی ژمارە (٥) ی سالّی ١٩٨٦ جا هەر کەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەرێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری لە هەولێر بدات لە ماوەی (٣٠) رۆژ کە دەست پێ دەکات لە رۆژی دوای بڵاوکردنەوەی سەعات (١٠) ی سەر لە بەیانی بە مەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەگی پێی بێت لەبری پارەی خەملێنراو گشت خەرجیەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کرێچیە.
د. کمال طیب قادر
بەرێوەبەری گشتی باجەکان
و خانووبەرەی میری

* * *

رێقەبەریا گشتی یا باژێرڤانییا ل پارێزگەها دهوکێ
بەشێ مولك و زەقی و زار
ژمارە: ٢٩/٣٠٠/١/١
رێکەفت: ٢٠١٩/٩/٢٩
ئاگەهداری
لدویڤ یاسا فروتن و کرێکرنا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ یا سالا ١٩٨٦ و ئەو دەستورکارێن لسەر ڤی بابەتی هاتینە دان لێژنا فروتن و کرێکرنێ دوویێ رادگەهینیت کو سەرئیك زێدەکرنەکا ئاشکەرا یا هەی ژبو کرێدانا (گورەپانا راوەستاندنا ترومبیلا ل نك کەمپا دومیز دوو) یا پارچە زەڤییا ژمارە (٩٦٨٨/١) کەرتێ (٤١) گرێ پانێ ب روبەرێ (٣٣٨٢,٢)م٢ بو ماوێ (٢) سالا هەر کەسێ بڤێت پشکداری یێ دڤێ سەرئێك زێدەکرنێدا بکەت بلا داخوازیێت خو دگەل دابینکرنێ کو کێمتر نەبیت ژ ٢٠٪ ژبهایێ خەملاندنێ پێشکێشی سەروکاتیا باژێرڤانیا فایدە بکەت د ماوێ ٣٠ سیە روژا دا ژ بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د روژنامێ دا و ئەڤ سەرئێك زێدەکرنە دێ هێتە کرن ل سەروکاتیا باژێرڤانی یا فایدە دەم ژمێر دوازدەی نیڤرۆ و هەرکەسێ بو بکەڤیت دێ بهایێ ئاگەهداری یێ و هەمی خەرجێت بێتڤی دێ کەڤنە ستوێ وی.
ئەندازیار/ دیار بحری رسول
رێڤەبەرێ گشتی

* * *

دادگای باری کەسایەتی ل سێمێلێ
ژمارە/ ٥٥٥/ش/٢٠١٩
رێکەفت/ ٢٠١٩/١٠/١
ئاگاداری
بۆ/ داوالێکەراوێ نێکی/ سعدی خالد سعدی/ جهێ ئاکنجی بوونێ نەدیارە
داواکار کفی سعدی خالد رابویە ب داوا شەرعی ئەوا ژمارا وێ ل سەری دیارکری ل بەرامبەر ڤێ دادگەهێ تێدا داخازا رەچلەك (اثبات نسب) یا خو دکەت (ژ دایك بوی ١٩٩٦/٤/٢٨ ژ تە دکەت ژبەر کو جهێ ئاکنجێ بوونا تە نەدیارە ل دویف ئاگاداریا هەلبژیر و دەستەکا هەلبژارتنا ل پارێزگەها دهوك کومەلگەها ماسیکی١ لەورا ئاگەهدارکرنا تەبێتە کرن ل دوو رۆژنامەییین روژانەیێ نافخویێ کو ئامادەبێ ل بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل دەمژمێر ١٠ سپیدەهیا روژا ٢٠١٩/١٠/٦ و ل بەروڤاژی ڤی چەندی دادبینی ل دەرهەقێ تەدا ب نەئامادەیی و ئاشکرایێ هیتەکرن..
دادوەر/ زیرك محمد صدیق عبدالکریم

* * *

JOB VACANCY ANNOUNCEMENT

TAQA TAQA - WE MEAN ENERGY!

TAQA is an international energy company with assets in the Middle East, North America, Europe, Africa and India. TAQA's principal activities are divided into three segments:

- Upstream Oil and Gas Exploration & Production
- Midstream Processing, Storage and Pipelines
- Power Generation & Water Desalination

As part of its expansion plans, TAQA Atrush B.V. (Oil and Gas Sector) is now seeking talented individuals for the roles below:

JOB TITLE: IT Senior Telecoms Engineer

LOCATION: Field Site

JOB SUMMARY: responsible for overseeing design, implementation and support (setup) for IT and Telecoms solutions. Also responsible to ensure that BUA issues get resolved with on the production field, before matters are escalated to the IT Supervisor/Manager.

KEY RESPONSIBILITIES

- Discover and document business requirements, timelines and priorities and take the business case forward for approval by the management.
- Required to use project management skills to execute a variety of projects. Project planning, implementation, working within established budgets, and spending timelines.
- Set expectations for quality and documentation of IT solutions to be handed over to IT. Ensuring the development, updating of (proactive/corrective) maintenance work procedures, system documentation & standards, as well as validating the adherence of it by the BAU teams
- Provide 3rd level support in field of discipline (e.g. network/telecoms/systems) in liaison with the TAQA Iraq Operational support and global Infrastructure teams
- Capacity planning and monitoring to ensure business applications and services operate seamlessly, this includes knowledge transfer & assistance to the regular on site support team.

QUALIFICATIONS/EXPERIENCE/SKILLS REQUIRED

- Bachelor's degree in IT related field, preferably in Computer Science/Engineering or similar
- 10+ years operational experience in Networking, Security (FortiNet, LastLine), Cisco ISE, Voice, Windows of which 5+ years in architectuaral roles
- CCNP Routing & Switching and Wireless
- Cisco Certified Design Professional (CCDP) and Cisco Certified Security Professional (CCSP)
- Working knowledge of Telecoms solutions such vSat, VHF radio and microwave line-of-sight)

NOTE:

- These positions will remain open until one-week post-advertisement date.
- Please submit your CV to this email address: TIR.HR@TAQAGLOBAL.COM
- Please indicate the vacancy title that you are applying for at the email Subject line. CVs without mentioning the vacancy title will not be considered.
- Only shortlisted candidates will be contacted.

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (تونج سان Tunc san) بۆ بازرگانی کەل و پەلی خۆراك/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (سکای) بۆ بەلێندەرایەتی بیناسازی/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (سیا) بۆ بەلێندەرایەتی و بازرگانی گشتی/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

دادگای باری کەسایەتی ل سێمێلێ
ژمارە/ ٥٥٤/ش/٢٠١٩
رێکەفت/ ٢٠١٩/١٠/١
ئاگاداری
بۆ/ داواليێکەراوێ ئێکێ/ سعدی خالد سعدی/ جهێ ئاکنجی بوونێ نەدیارە داواکار پیل سعدی خالد رابویە ب داوا شەرعی ئەوا ژمارا وێ ل سەری دیارکری ل بەرامبەر ڤێ دادگەهێ تێدا داخازا رەچلەك (اثبات نسب) یا خو دکەت (ژ دایك بوی ١٩٩٨/٤/٧ ژ تە دکەت ژبەر کو جهێ ئاکنجێ بوونا تە نەدیارە ل دویف ئاگادارێ هەلبژیر و دەستەکا هەلبژارتنا ل پارێزگەها دهوك کومەلگەها ماسیکی١ لەورا ئاگەهدارکرنا تەبێتە کرن ل دوو رۆژنامەیین روژانەیێ نافخویێ کو ئامادەبێ ل بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل دەمژمێر ١٠ سپیدەهیا روژا ٢٠١٩/١٠/٦ و ل بەرۆڤاژی ڤی چەندی دادبینی ل دەرهەقێ تەدا ب نەئامادەیی و ئاشکرایێ هیتەکرن..
دادەر/ زیرك محمد صدیق عبدالکریم
***
دادگای باری کەسێتی سلێمانی / ١
ژمارە : ٢٩٥٨/ ش / ٢٠١٩
رێکەوت : ١ / ١٠ / ٢٠١٩
ئاگانامە
داواکار : محمد عزیز قادر:
ناونیشان : سلێمانی
داوالەسەرکراو : خاتون رۆستمی
: ناونیشان : نادیارە
داواکار (محمد عزیز قادر) داوایەکی بە ژمارە (٢٩٥٨/ ش / ٢٠١٩) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت، وەلەم داوایەدا هاتووە بە (پەسەندکردنی طلاقی دەرەکی) ، وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت، دادگا بریاری دا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆی ی رۆژانەوە بۆ ئامادەبونتان لەبەردەم دادگایە لە رۆژی دادبینی کە دەکەوێتە بەرواری (٢٠١٩/١١/٢٤) کات ژمێر (٩:٥٠) ی سەرلەبەیانی بەپێچەوانەوە ئامادەنەبن خۆتان یان بریکارتان ئەوا داواکە ئەبینێ بەپێی یاسا .
دادەری یەکەم /د. سردار علی عزیز
***
دادگای باری کەسێتی سلێمانی/ ٤
ژمارە : ٥٢٣ / ش / ٢٠١٩
بەروار : ٢ / ١٠ / ٢٠١٩
ئاگانامە
داواکار / عبدالله محمد
یونس ناونیشان: سلێمانی
داوالەسەرکراو : تەنیا رؤوف
ناونیشان : نادیارە
داواکار (عبدالله محمد یونس) داوایەکی بە ژمارە (٥٢٣ / ش / ٢٠١٩) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت ، وە ئەم دادگایە بریاری لای خۆی دەرکرد لەبەرواری (٢٠١٩/٩/١٧) وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبونت دادگا بڕیاری دا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانەوە وە ئەگەر لە ماوەی یاساییدا هەڵنەسیت بە تانە لێدانی یان پیاچوونەوەی بریارەکە ئەو بریارە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا ..
دادەر / صالح احمد عبدالله
***
دادگای باری کەسیتی سلیمانی/ ٤
ژمارە ٣١٩٧/ش/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٩/١٧
ئاگانامە
داواکار (اڤان محمد عمر)
داوالێکراو (بایز مصطفی قادر)
داواکار (اڤان محمد عمر) داوایەکی بە ژمارە (٣١٩٧/ش/٢٠١٩) لەم دادگایە تۆمار کردووە لەسەرت وەلەم داوایە داوای(جیابوونەوەی داوەری بەهۆکاری جێهێشتنی بێ پاساوی مێرد) دەکات وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتە جێبوونت بە گوێرەی باسی پێراگەیەنەر و پشتگیری موختار ،دادگا بریاری دا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانەوە. وە ئامادەبونتان لە بەردەم دادگا لە رۆژی دادبینی کە دەکەوێ تە بەرواری (٢٠١٩/١١/١٠) سەعات (٩:٠٠)ی سەر لە بەیانی بە پێچەوانەوە ئامادە نەبن خۆتان یان بریکار نەنێرن ئەوا دادگا بە (نائاسایی – غیابی) داواکە ئەبینی بەپێ ی یاسا .
دادەر/ صالح احمد عبدالله
***
بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ١٣٨٠ / ٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/١٠/٢
پێراگەهاندن
بۆ / قەردار (مؤید نقیب عبدالرحمن)
ژبەر نەزانین نەدیاریا جهێ ئاکنجیبونا تە لەورا لدیف مادەیا (٢٧)ی یاسایا جێ بەجێ کرنێ بریار هاتە دان ب رێیا دوو روژنامێن نافخۆ ئاگەهداریا تە بکەین بۆ ماوێ (١٥/ پازدە) رۆژا ژ رۆژا بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ ئامادەبی لرێڤەبەریا مە بۆ ئەنجامدانا رێکارێن جێ بەجێ کرنێ (الاجراءات التنفیذیه) وبەرۆڤاژی دێ نەچاری رێکێن یاسایی یێن (الاجراءات القانونیة الجبریة) بین
ژڤان عزیز محمد / رێڤەبەر(جێ بەجێ کاری داد)
***
دادگەها بەرایی زاخو
ژمارە/ ٤٣٢/ب/٢٠١٨
رێکەفت/٢٠١٩/٨/٢٢
ئاگەهداری
لدویف بریارا مە یا ژمارە (٤٣٢/ب/٢٠١٨) ل ٢٠١٨/١٢/١٨ لدور ژناڤبرنا بەهرا (ازالە شیوع) ژئاقارێ ژمارە(١٦٥/٧) کەرتێ کیستە کو سەخلەتێن وی لخوارێ دیارکری نە بۆ لسەر ئیك زێدەکرنا ئاشکرا د ماوێ (٣٠) روژادا دەست پێدکت ژ روژا دی یا بەلافکرنێ د دوو روژنامێن رۆژانەدا وهەر کەسێ بڤێت پشکداربیت دڤێ لسەر زێدەکرنێ دا بلا سەرەدانا ڤێ دادگەهێ بکت داکو ١٠ ٪ دابین بکەت ژکوژمێ خەملاندنی ئەو ژی (١٧٠٠٠٠٠٠) دینار وئەگەر پشکدار نەبیت پشتی بورینا ماوەیێ یاسایی وگەهشتنا وی ئاقاری بو بکری کوژمێ ڤی ئاقاری کاش دێ ئێتە دان وئەگەر روژا لسەر ئیك زێدەکرنێ بکەڤیتە دبێهن ڤەدانا فەرمی دا لروژا پاشتر دێ لسەر ئیك زێدەکرن ئێتە ئەنجامدان
سەخلەت : جورێ ئاقاری مولکینی یە ورەگەزێ وێ ئاڤاهی یە ورووبەرێ وێ (٣٢٥)م٢ ودوو روی(واجهە) یێت هەین باکوور ورۆژهەلات ئاڤاهی یەکا دوو قاتی یە قاتێ ئەردی پێك دئێت ژ دوو ژووریێت نڤستنێ ولێنانگەە ورویێ خانووبەری (٣) دوکان لێ هەنە وڤالانە وقاتێ ئێکێ سێ ژووریێت نڤستنێ ولێنانگەە ودەست شوو وخزمەت گوزاری لێ هەنە وەکو ئاف وکارەب
دادەر / یوسف الیاس سدن
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٥
ژمارە:٢٦٣٨/ش٢٠١٩/٥
رێکەوت:٢٠١٩/١٠/٢
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (خلیل احمد حمد)
شوێنی دانیشتنت نادیارە.
داواکار/ ژیان جمۆ باوکر داوای ژمارە (٢٦٣٨/ش٢٠١٩/٥)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (نفقة) دەکات لە تۆ وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت بەپێی اشعاری مختاری هەولێر – گەرەکی تەیراوە بۆیە دادگا بریاری دا بەپێراگەیاندنت لەرێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەرۆژی دادبینی ٢٠١٩/١٠/١٧, بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بە شێوەی ئاشکرا و پاشملە.
دادەر/ پەژار عبدالله نصیف
***
کۆلێژی زمان/ بەرێوەبەرایەتی سەرچاوە مرۆییەکان
خۆیەتی
ژمارە: ١٨٣٦/٢/٤
رێکەوت: ٢٠١٩/١٠/١
بۆ/ بەرێز (پ.ی.د. رحیم قادر سورخی)
بەناونیشانی (پرۆفیسۆری یارەدەر) لەسەر میلاکی کۆلێژەکەمان/ کۆلێژی زمان
ئاگادارکردنەوە (اخطار)
بەهۆی دەست بەکارنەبوونت دوای لەکار دابرانت بەپێی فەرمانی کارگێرییان ژمارە (١٨٠١/٢/٤) لە رێکەوتی (٢٠١٩/٩/٢٩) تاوەکو ئێستا داوات لێ دەکەین بۆ ماوەی (٧) حەوت رۆژ ئەگەر لە ناوەوەی هەرێم بیت وە ماوەی ٣٠ سی رۆژ ئەگەر لەدەرەوەی هەرێم بیت دەست بەکاربیتەوە بەپێچەوانەوە بەدەست بەردار لە کارەکەت دادەنرێت بەپێی یاسای راژەی شارستانی ژمارە ٢٤ی ساڵی ١٩٦٠ هەموارکراو مادەی ١٦ خاڵی یەکەم کۆتایی بەڕاژەکەت دێت.
هاوپێچ/
فەرمانی سەرەوە ژمارە (١٨٠١/٢/٤) لە رێکەوتی (٢٠١٩/٩/٢٩)
پ.ی.د. عاطف عبدالله فرهادی
ڕاگری کۆلێژ
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:٣٢٤/ك/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٩/٢٢
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (نوری محمد نوری خیاطه)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بریاری دا لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی مادەی ٢٩٢ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەرێکەوتی ٢٠١٩/١١/٢٦ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادەر / تەرزە سالار عثمان
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:٣٢٣/ك/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٩/٢٢
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (قاسم حسن قاطع لفته)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بریاری دا لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی مادەی ٢٩٢ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەرێکەوتی ٢٠١٩/١١/٢٦ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادەر / تەرزە سالار عثمان
***
بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر
ژمارەی دۆسیە: ٢٠١٩/١٧٣٥
رێکەوت: ٢٠١٩/١٠/١
ئاگاداری
بۆ قەرزار (عانوئیل بطرس سخریا) لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێتان و نیشتەنی هەمیشەیی و کاتی بۆ پێ راگەیاندنتان بۆیە لەرێگای رۆژنامەی ناوخۆ ئاگادارتان دەکەین بە مەبەستی ئاگاداریتان بە خەملاندنی لە مولکی ژمارە (١٦٦٧ گەنجان ستی لە ماوەی ١٥ رۆژ ئامادەبن لەم بەرێوەبەرایەتیە بەپێچەوانەوە مولکی ئاماژە پێکراو دەفرۆشرێت کە بەبڕی ٢١٦٠٠٠٠٠٠ ملیون دینار خەملێنداوە.
جێبەجێکاری داد/ هەردی حمدامین همزه
***
محکمة تحقیق الشمال
اعلان
الی المفقود : صبري برکات رفو
قدمت السیده / نسرین فیصل میعه طلبا الی هذه المحکمة حول فقدانکم بتاریخ ٢٠١٤/٨/٣ ولمجهولیة محل اقامتکم تقرر تبلیغکم بواسطة صحیفتین محلیتین ولکم حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون یوما من تاریخ النشر وفي حالة عدم حضورکم سیتم اتخاذ الاجراءات القانونیة وفق الاصول
القاضي / ولید فیصل البیجواني
***
ئاگاداری
گۆڤاریێك دەردەچێت بەناوی (رێبەری گشتی هەرێم) کە خاوەن ئیمتیازەکەی (جعفر احمد یابە) و سەرنووسەرەکەی (نەجات باوەکر قادر) بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی بە شێوەی ساڵانە لە هەرێمی کوردستان هەر کەسێك تێبینی یان لاری هەیە پەیوەندی بەم ژمارە مۆبایلەوە بکات ٠٧٥٠٤٩٩٤٩٥٦.
***

Action Against Hunger
Mission Iraq

ADVERTISEMENT

TENDER CALL FOR PROCUREMENT OF ELECTRICAL MATERILAL
for Rehabilitation of Al-Shaab Park in Ninawa-East Mosul
Reference: IQ-MOS-PD-114-GIZ//FSL//001

تەندەر بۆ دابینکردنی گەل وپەلی کارەبایی بەناو صاك کراوەوە زاراوە بچووك دەبێتەوە بۆشیاندەوەی[الشعب] پارك لە موسل–روژ هەلات موسل IQ-MOS-PD-114-GIZ//FSL//001

Action Against Hunger or "ACF" is a registered charity, founded in 1979. ACF operates in 37 countries. The international network of ACF is represented in Paris, London, Madrid, New York and Montreal. Teams in the field combat hunger on four fronts: nutrition, food security, health, water and sanitation.

ریکخراوی کار لە دژی برسێتی (ACF) خێرخوزازە تۆمارکراوە و دامەزراوە لە ساڵی 1979 ، وە ریکخراوەکە لە37 وڵات کاردەکات. تۆری نیودەوڵەتی ریکخراوەکە لە پاریس و لەندەن و مەدرید و نیویۆرك ، مۆنتریال نوێنەرایەتی دەکرێت . وە تیمەکانی کێڵگەی ڕووبەرووی برسێتی دەبن لە میانی چوار شێوە کارکردن ئەمانەش بریتین لە: خۆراك پێدان و دلنیاکردنی خۆراك و پاراستنی تەندروستی و ئاو
Action Against Hunger-Iraq Mission intends to award a Framework Agreement for the following market:

کار لە دژی پرسیتی -عیراق بەتەما دەبێت تا رێککەوتنێکی بناغە پێ ببەخشێت بۆ بازاڕی داهاتوو:

- **IQ-MOS-PD-114-GIZ//FSL//001 (Procurement of Electrical Material For Rehabilitation of Al-Shaab Park In Ninawa-East Mosul**

دابینکردنی مادەی دروست کردن و دابینکردنی مادەی کاری ئاسن بەناو چاك کراوەوە زاراوە بچووك دەبێتەوە بۆ شیانەوەی [الشعب] پارك لە موسل-روژ هەلات موسل

Interested parties can obtain bidding documents from acftender@iq-actionagainsthunger.org with clearly mentioning above tender number in the subject.

.لایەنە ئارەزوومەندەکان دەتوانن بەڵگەکانی داواکردن لەم ئیمێڵە بەدەست بهێنن acftender@iq-actionagainsthunger.org وە ژمارەی داواکردنی سەرەوە بەڕووتی بنووسن .

Interested companies should submit their offer **Two (02) Seal Envelope** in total

- 01 For Technical Proposal (Includes Administrative and Technical Information)
- 01 For Financial Proposal

کۆمپانیای ئارەزوومەندەکان دەتوانن عەرزەکەیان بە (2) زەرفی مۆرکراو پێشکەش بکەن

- 1) یەک بۆ پێشنیاری تەکنیکی
- 1) یەک بۆ پیشنیاری دارایی

Both Envelope should be placed in one Envelope in a sealed non-identifiable envelope, with the words "not to be opened before the tender opening session" written in English.

هەردوو زەرفەکان بەناو یەک زەرف دادەنرێن ، مۆرکراو نەناسراو بێت لەگەڵ ووشەی " نابێ بکرێتەوە پێش رۆژی کردنەوەی تەندەرەکان" وە بەئینگلیزی نووسرابێت

This sealed non-identifiable envelope shall be titled:

ناو زەرف مۆرکراو بنیرت بۆ:

Tender reference: **IQ-MOS-PD-114-GIZ//FSL//001**
Tender Name**: Procurement of Electrical Material for Al-Shaab Park in Ninawa**

تەندەر:IQ-MOS-PD-114-GIZ//FSL//001

ناوی‌تەندەر : دابینکردنی گەل وپەلی کارەبایی بۆ [الشعب] پارك لە موصل

The tenders shall be submitted by Hand personal delivery against receipt or by registered mail/ private courier service to the following address:

پێشکەش کردنەکان پێشکەش دەکرێن بی گەیاندنی کەسی پێ بدەن دژی پسوولە یان لەلایەن تۆمار کراو [مایل/] خزمەتگوزاریی تەنەری تایبەت بۆ ناونیشانی داهاتوو:

To, Logistics Head of Départements
Address: Hediab District, Villa 240/1/664b, Plot232/3 Section 5, Ankawa, Erbil
So that it is received no later than **October 27th 2019** at 04:00 PM Iraq time.

بۆ، سەری زانستی لۆجستی:
هەولێر: گەرەکی حدیاب ، ژ. خانوو 664/1/240 ب / ژ. زەوی 2/332 کەرتی 5 ، عەنکاوە ، هەولێر
.بۆ ئەوەی ئەوە هیچ پاشان وەر نەگیرێت لە تشرینی یەکەم ٢٧ مم ٢٠١٩ لە ٤:٠٠ کاتی عیراق

Please note that ACF will not accept any tender through Email!
Submission of tender through email will automatically rejected

تکایە ئەوە [ئەی سی ئێف] تێبینی بکە هەر پێشکەش کردنێك قبوڵ ناکات بەناو ئیمێڵ!
پێشکەش کردنی ناسك بەناو ئیمێڵ بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ڕەتی کردەوە

Action Against Hunger does not bind itself to award the tender to the lowest tender or any bid and reserves the right to accept the whole or part of the tender.

ریکخراوی کار لە دژی برسێتی (ACF) خۆی نابەستێت بە بەخشینی تەندەر بە کەمترین تەندەر و پێشکەش کردن بەڵام مافی قەبوولڕ کردنی تەواو یا بەشێك لە تەندەرەکەی هەیە.

ADVERTISEMENT Page 1 / 1

Action Against Hunger
Mission Iraq

ADVERTISEMENT

TENDER CALL FOR SUPPLY OF CONSTRUCTION MATERIALS & SUPPLY OF IRON WORK MATERIALS THROUGH FIXED TERM CONTRACT for Rehabilitation of Al-Shaab Park in Ninawa-East Mosul
Reference: IQ-MOS-PD-114-GIZ//FSL//002

تەندەر بۆ دابینکردنی مادەی دروست کردن و دابینکردنی مادەی کاری ئاسن بەناو صاك کراوەوە زاراوە بچۆوك دەبێتەوە بۆشیاندەوەی[الشعب] پارك لە موسل–روژ هەلات موسل IQ-MOS-PD-114-GIZ//FSL//002

Action Against Hunger or "ACF" is a registered charity, founded in 1979. ACF operates in 37 countries. The international network of ACF is represented in Paris, London, Madrid, New York and Montreal. Teams in the field combat hunger on four fronts: nutrition, food security, health, water and sanitation.

ریکخراوی کار لە دژی برسێتی (ACF) خێرخوزازە تۆمارکراوە و دامەزراوە لە ساڵی 1979 ، وە ریکخراوەکە لە37 وڵات کاردەکات. تۆری نیودەوڵەتی ریکخراوەکە لە پاریس و لەندەن و مەدرید و نیویۆرك ، مۆنتریال نوێنەرایەتی دەکرێت . وە تیمەکانی کێڵگەی ڕووبەرووی برسێتی دەبن لە میانی چوار شێوە کارکردن ئەمانەش بریتین لە: خۆراك پێدان و دلنیاکردنی خۆراك و پاراستنی تەندروستی و ئاو
Action Against Hunger-Iraq Mission intends to award a Framework Agreement for the following market:

کار لە دژی پرسیتی -عیراق بەتەما دەبێت تا رێککەوتنێکی بناغە پێ ببەخشێت بۆ بازاڕی داهاتوو:

- **IQ-MOS-PD-114-GIZ//FSL//002 (SUPPLY OF CONSTRUCTION MATERIALS (LOT-01) & SUPPLY OF IRON WORK MATERIALS (LOT -02) THROUGH FIXED TERM CONTRACT For Rehabilitation of Al-Shaab Park In Ninawa-East Mosul**

دابینکردنی مادەی دروست کردن و دابینکردنی مادەی کاری ئاسن بەناو چاك کراوەوە زاراوە بچووك دەبێتەوە بۆ شیانەوەی [الشعب] پارك لە موسل-روژ هەلات موسل

Interested parties can obtain bidding documents from acftender@iq-actionagainsthunger.org with clearly mentioning above tender number in the subject.

.لایەنە ئارەزوومەندەکان دەتوانن بەڵگەکانی داواکردن لەم ئیمێڵە بەدەست بهێنن acftender@iq-actionagainsthunger.org وە ژمارەی داواکردنی سەرەوە بەڕووتی بنووسن .

Interested companies should submit their offer **Two (02) Seal Envelope** in total

- 01 For Technical Proposal (Includes Administrative and Technical Information)
- 01 For Financial Proposal

کۆمپانیای ئارەزوومەندەکان دەتوانن عەرزەکەیان بە (2) زەرفی مۆرکراو پێشکەش بکەن

- 1) یەک بۆ پێشنیاری تەکنیکی
- 1) یەک بۆ پیشنیاری دارایی

Both Envelope should be placed in one Envelope in a sealed non-identifiable envelope, with the words "not to be opened before the tender opening session" written in English.

هەردوو زەرفەکان بەناو یەک زەرف دادەنرێن ، مۆرکراو نەناسراو بێت لەگەڵ ووشەی " نابێ بکرێتەوە پێش رۆژی کردنەوەی تەندەرەکان" وە بەئینگلیزی نووسرابێت

This sealed non-identifiable envelope shall be titled:

ناو زەرف مۆرکراو بنیرت بۆ:

Tender reference: **IQ-MOS-PD-114-GIZ//FSL//002**
Tender Name**: Construction and Iron Work Material of Al-Shaab Park in Ninawa**

تەندەر:IQ-MOS-PD-114-GIZ//FSL//002

ناوی‌تەندەر : دروست کردن و مادەی کاری ئاسنی بۆ [الشعب] پارك لە موصل

The tenders shall be submitted by Hand personal delivery against receipt or by registered mail/ private courier service to the following address:

پێشکەش کردنەکان پێشکەش دەکرێن بی گەیاندنی کەسی پێ بدەن دژی پسوولە یان لەلایەن تۆمار کراو [مایل/] خزمەتگوزاریی تەنەری تایبەت بۆ ناونیشانی داهاتوو:

To, Logistics Head of Départements
Address: Hediab District, Villa 240/1/664b, Plot232/3 Section 5, Ankawa, Erbil
So that it is received no later than **October 27th 2019** at 04:00 PM Iraq time.

بۆ، سەری زانستی لۆجستی:
هەولێر: گەرەکی حدیاب ، ژ. خانوو 664/1/240 ب / ژ. زەوی 2/332 کەرتی 5 ، عەنکاوە ، هەولێر
.بۆ ئەوەی ئەوە هیچ پاشان وەر نەگیرێت لە تشرینی یەکەم ٢٧ مم ٢٠١٩ لە ٤:٠٠ کاتی عیراق

Please note that ACF will not accept any tender through Email!
Submission of tender through email will automatically rejected

تکایە ئەوە [ئەی سی ئێف] تێبینی بکە هەر پێشکەش کردنێك قبوڵ ناکات بەناو ئیمێڵ!
پێشکەش کردنی ناسك بەناو ئیمێڵ بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ڕەتی کردەوە

Action Against Hunger does not bind itself to award the tender to the lowest tender or any bid and reserves the right to accept the whole or part of the tender.

ریکخراوی کار لە دژی برسێتی (ACF) خۆی نابەستێت بە بەخشینی تەندەر بە کەمترین تەندەر و پێشکەش کردن بەڵام مافی قەبوولڕ کردنی تەواو یا بەشێك لە تەندەرەکەی هەیە.

ADVERTISEMENT Page 1 / 1

www.xebat.net
پێنج شەمە 2019/10/3 ژمارە (5841)
خەبات

باستۆس گەورە ئەدیبی پاراگوای

"هەمور ستەمکارێک لە پێناو یەک شت دەژیەت، ئەویش شوێنگرتنەوەی نووسەران و میژوونووسان و هونەرمەندانە"

رۆا باستۆس



ئاکۆ عەبدولا

باستۆس وەک یەک لە رابەرەکانی جولانەوەی ئەدەبی بوم Boom بەناودارترین نووسەری ولاتی پاراگوای و بەیەک لە رۆمانnووسە دیارەکانی ئەمەریکای باشوور دادەنرێت. لەتەک رۆمانیش شیعر و چیرۆکی دەنووسی و لە بواری رۆژنامەگەری و داڕێژتنی سیناریۆی فیلمیشدا رۆڵی دیارە. لەبەر ئەوەی چارەنووسی کیشوەرەکەشی زۆر بەلاوە گرنگبوو، بۆیە لەم پێناوەدا ئازار و سەختی زۆری کێشا. ئەمەو گرنگی زۆریشی بە نووسینی رۆمانی دیکتاتۆری داوە، ئەو جۆرە رۆمانەی، تایبەتە بە ژیانی سیاسی ولاتانی کیشوەرەکە و باس لە ماوەیەکی میژوویی سیاسەتی دیکتاتۆرێک دەکات و رەخنەش لە سروشتی دەسەلاتەکەی دەگرێت.



ئۆگستۆ رۆا باستۆس Augusto Roa Bastos رۆژی 13ی حوزەیرانی ساڵی 1917لە باوکێکی ڕەسەن بەرازیلی و دایکێکی هیندی ناو شاری ئاسۆنسیۆنی ولاتی پاراگوا هاتەدونیا. سەرەتا وەک منداڵێک لای مامە قەشەکەی سوودی لە کتێبە زۆرەکانی کتێبخانەکەی وەرگرت، دواتر خێزانەکەی بۆ دێی ئیتورب ی ناوەراستی ولات، ناوچەی گویرا چوون. لەوێدا باوکی بووە بە بەرێوەبەری کارگەیەکی شەکر. لەبەر ئەوەی دانیشتوانی ئەو ناوچەیەش بە زمانی گویراتی دەئاخفن کە زمانی بەشێک لە هیندییە سوورەکانە، بۆیە باستۆس فێرە ئەو زمانە بوو و دواتریش لە نووسراوەکانیدا لەتەک زمانی ئیسپانی بەکاریدەهێنا. بەو تێکەلاویەش ستایلێکی نەغمەدار و بەسۆزی هێنائارا. ئەمەو ژیانی ئەم ماوەیەی ناو کێلگە گەلێک خۆش و کاریگەربوو، بە تایبەتیش ئەو ئەزموونە سەختەی لە ڕووی چەوساندنەوە و حەسرەتەکانی جوتیاران و کەسانی بێدەرەتان و برسییەکان بینی، بۆیە لە زۆربەی چیرۆک و رۆمانەکانیدا ژیانی خەڵکە ستەمدیدەکەی پاراگوا، بوونەتە تەوەرە و بابەتی سەرەکی و رەنگدانەوەی راستەخۆ. کاتێک تەمەنیشی گەیشتە 15ساڵی، وەک لاوێکی خۆبەخش لە جەنگی چاکۆ Chacoی نێوان ولاتەکەی و ولاتی پۆلیڤیای دراوسێ کە لە ساڵی1932 تا 1935خایاند، بەشداریکرد. لەم جەنگەدا لە بواری پزیشکی رۆڵی گێڕا و زامدارەکانی دەگواستەوە. بەمەش هەم هەستە مرۆڤایەتییەکەی زیاتر وروژا، هەمیش پەرۆشی نەتەوایەتی و رق ئەستووری دژی ستەمکار. هاوکات زۆر شەیدای خوێندنەوەی بابەتە ئەدەبییەکانی زمانی ئیسپانیش ببوو، بەتایبەتی ئەو شاکارانەی لە سەدەی هەژدەهەم نووسرابوون کە لە ناویاندا وشەپاراوی و سۆزی زمانەوانی دەبینی، بۆیە لە سەرەتای کاری نووسینیدا، کە ئەویش وەک زۆر کەسی دیکە بە شیعر دەستپێکرد، هەوڵی لاسایکردنەوەیدا.

ساڵی 1941بە هۆی شیعرە بلاوکراوەکانی ناو رۆژنامەکان، خەلاتی ئەتینیۆ باراگزایۆلی بەدەستهێنا. ساڵی دواتر دیوانی بولبوولی سپێدە و چامەکانی دیکە El ruiseñor de la aurora, y otros poemas ی بلاوکردەوە. دواتر بۆ ماوەیەک چووە ناو دونیای رۆژنامەگەری و لە رۆژنامەی ئیلپایس Elpais بابەتی ئەدەبی دەنووسی کە لەناویاندا هەستی مرۆڤایەتی خۆی دەخستە بەر دیدە. دواتر بووە سەرنووسەری رۆژنامەی ناوبراو. کاتێک ساڵی 1947جەنگی ناوخۆ لە ولاتی پاراگوای هەڵگیرسا و دەسەلاتی ستەمکار حوکمی ولاتی گرتە دەست. باستۆس لەبەر ئەوەی بە ئاشکرا هەڵوێستی لە دژی هیگینیۆ مۆرینگۆ Higinio Moríñigoی سەرۆکی ئەوسای ولات دەربڕیبوو بۆیە ناچاربوو سەرهەڵبگرێت و بەرەو تاراوگە رابکات. بێگومان لەو سەرهەڵگرتنەش تەنیا نەبوو، بەڵکو بەشێکی زۆر لە کەسانی ئازادیخواز و خاوەن هەڵوێست، ناچارانە ولاتیان جێهێشت. سەرەتا باستۆس بەرەو ئەرژەنتین چوو، تا ساڵی 1976لەوێدا ماوە واتا تا ئەو کاتەی خۆرخی رافایلی Jorge Rafael Videla'sی دیکتاتۆر دەست بەسەر دەسەلاتدا دەگرێت . لەو ماوە سەختەش بەمەبەستی پەیداکردنی نان، زۆر دەرگەی کوتا و چەندان کاری جۆراوجۆریشی گرتەبەر، تا لە پایتەختی ئەو ولاتانە، لە پاشکۆی رۆشنبیری پاراگوای دامەزرا. ئینجا چەند کۆمەڵە چیرۆکێکی بلاوکردەوە لەوانە بروسکەی ناو گەلاکان El trueno entre las hojas لە ساڵی 1953کەلە هەڤدە چیرۆک پێکهاتبوو. لە ساڵی 1968سیناریۆی بۆ ئەم بەرهەمەی داڕێژت و دەرهێنەری ئەرژەنتینیش ئارماندۆ بو دەریهێنا.

هێندەی پێنەچوو باستۆس کەوتە ژێر کاریگەری رۆمانەکانی ئوراسیوکیرگا و میجێل ئاستوریاسی ئەرژەنتینی و رافائیل باریتی ئیسپانی کە ئەوەی دوایی بە ئاژاوەگێڕی ناوبانگی دەرکردبوو. ساڵی1960 یەکەم رۆمانی بەناوی کوڕی پیاو Hijo de hombre بلاوکردەوە کە بە ستایلی ریالیزمی ئەفسوناوی نووسیوویەتی، وەک بەرهەمێکی دیاری ڕەوتی بوم و یەکێکیش لە رۆمانە دیارەکانی رۆمانی دیکتاتۆری، ناوەرۆکەکەی بە پشت بەستن بە ماوەیەکی میژوویی سەردەمی دیکتاتۆری ولاتەکەی خۆیێ کاسبار رۆدریگز دی فرانسیا José Gaspar Rodríguez de Francia داڕێژتووە، کە لە کۆتایەکانی سەدەی نۆزدەهەم تا کاتی سەرهەڵدانی جەنگی چاکۆی دەخایەنێ. لەناو ئەم کارەیدا باس لەو جەنگەی ساڵی 1870دەکا کە ولاتەکەی لە دژی سێ ولاتی دراوسێ هەڵیگیرساندبوو. ساڵی دواتر ناوەرۆکی ئەم رۆمانەشی لە سینەمای ئەرژەنتین کرا فیلم و لۆکاس دیار دەریهێنا. شایانی باسە ئەم رۆمانە سەرکەوتنی گەورەی تۆمارکرد و بە هۆیەوە کاریگەری زۆری لە شێوازی نووسینی رۆمان کرد، بە جۆرێک کە بوو بە ڕێگەخۆشکەری سەرهەڵدانی رۆمانی میژوویی لە ئەمەریکای لاتینیدا. هەر لە ساڵی 1960دیوانی سوتانی باخی پرتەقاڵ El naranjal ardiente بلاوکردەوە.

دواتر چەندان رۆمان و چیرۆکی دیکەی بلاوکردەوە لەوانە رۆمانی زەوی بەتاڵ El baldío ?1966 رۆمانی داری سووتاو Madera quemada و رۆمانی لەسەر ئاو ڕۆیشتن Los pies sobre el agua لە ساڵی دواتر و کۆ چیرۆکەکانی قەسابخانە Moriencia و جەستەی ئێستا و چەند دەقێکی دیکە Cuerpo presente y otros cuentos لە 1969. بۆ ساڵی دواتر لە ولاتەکەی خۆی بڕیاری قەدەغەی گەڕانەوە بە رووبیدا دەرکرا. ساڵی1971 خەلاتی گوجنیهمی پێبەخشرا. ساڵی 1974کۆ چیرۆکەکانی El pollito de fuego و کۆنگرە Los Congresos و رۆمانی منی بالا Yo, el Supremo ی بلاوکردەوە.

رۆمانی منی بالا بە شاکارێکی دیکەی رۆمانی دیکتاتۆری دادەنرێت، کاریگەری و کاردانەوەی زۆری هەبوو. تێیدا باس لە ژیان و سیاسەتی دیکتاتۆری ولاتەکەی خۆیێ کاسبار رۆدریگز دی فرانسیا کردووە کە لە ماوەی 1814ڕ 1840بە ئاگر و ئاسن حوکمی دەگێڕا. ناوی رۆمانەکە لەو نازناوە وەرگیراوە کە فرانسیا بۆ خۆی بەکاریهێنابوو، ئەویش مەزن یان بالا یە، باستۆس لە داڕێژتن و گێڕانەوەی رووداوەکانی ناو ئەو شاکارە ستایلێکی وەهای گرتۆتەبەر کە هەمەجۆری و گونجانیان پێوەیە، هەربۆیە جیرالد مارتنی رەخنەگر بە چاکترین رۆمانی ئەمەریکای لاتینی دادەنێ کە پێش رۆمانی سەد ساڵ لە تەنیایی گابریێل گارسیا مارکیز نووسرابێت. ئەمە جگە لەوەی هەندێک لە رەخنەگرانی دیکە، ئەم رۆمانە لە ڕووی پێکهاتەی گێڕانەوە و لایەنی میژوویی، لە رۆمانەکەی مارگیز بە چاکتر دادەنێن.

لە ئاوارەیی و دوورە ولاتی، باستۆس لە نووسین و بلاوکردنەوە بەردەوامبوو، ساڵی 1976کۆ چیرۆکی ڕۆیشتن لە خەودا El sonámbulo و کتێبی کاندیدو لوبیز Cándido Lopezی بلاوکردەوە.

دوای ئەوەی گەیشتە ولاتی فەرەنسا، بۆ ماوەیەک لە زنکۆی تۆلۆز لەبارەی زمانی گویراتی و ئەدەبی ئیسپانی وانەی وتەوە. دواتر لە ساڵی 1979کۆ چیرۆکەکانی Lucha hasta el alba و یاریەکان Los Juegos و لە ساڵی 1984کۆ چیرۆکی گێڕانەوە و چیرۆکەکانی دیکە Contar un cuento, y otros relatos ی بلاوکردەوە. ساڵی 1989 وەک ڕێزگرتن لە رۆڵە گرنگەکەی و کاریگەری لە ئەدەبدا، خەلاتی سێرڤانتسی ئیسپانی پێبەخشرا کە ئەم خەلاتە مەزنترین خەلاتی ئەدەبییە لە ولاتی ناوبراو، سالانە بە ئەدیبان دەبەخشرێت.

دوای ڕوخانی رژێمی ئالفرێدو ستروسنەر و دوای ئەو گۆڕانانەی بەسەر ولاتەکەی داهات، لەوانە دەرچوونی بڕیاری ئازادی گەڕانەوەی. هەر لە ساڵی 1989 پاش ئەوەی زیاتر لە نیوەی تەمەنی لە تاراوگە ئەرژەنتین و فەرەنسا بەسەر برد، باستۆس گەڕاوە ولات، هەرچەندە لەو ماوەیە بە بەردەوامی کێشەکانی ئەمەریکای باشوور، ولات و خاکەکەی خۆی لەبیربوو. دوای گەڕانەوەشی بۆ ولات، زیاتر کەوتە وێژەی نووسین و پێداهاتنەوە بە دەستنووس و ڕێکخستنی بیرۆکەکانی، بەمەش کۆمەڵێک رۆمانی دیکەی ئامادەکرد.

ساڵی 1992رۆمانی زیندەخەوی ئەدمیرال Vigilia del Almirante ی بلاوکردەوە کە لەناویدا لە کەسایەتی کریستۆفەر کۆلۆمبۆسدا ئەدگارەکانی دیکتاتۆری بەرجەستەکردووە. ساڵی دواتر رۆمانی داواکەر El fiscal و ساڵی1994 رۆمانی Contravida و ساڵی 1996کورتە رۆمانەکانی مەدام سو Madama Sui و Met-aphorisms و لە ساڵی 1998کورتە چیرۆکی زەوی بێ خراپە La tierra sin mal ی بلاوکردەوە.

بەمجۆرە بەردەوامبوو تا لە رۆژی 26ی نیسانی ساڵی 2005لە هەمان شاری ئاسونسیۆنی تێیدا هاتەدونیا، کۆچیدواییکرد. بەم بۆنەشەوە نیکانور دوراتی فەرتوس ی سەرۆکی ئەوسای پاراگوای، بڕیاریدا بۆ ماوەی سی ڕۆژ لەسەر تاسەری ولات ماتەمینی بگێڕدرێت.

جێگەی باسە باستۆس وەک ئەدیبێکی دیار و کاریگەری پاراگوایی و ئەدیبانی دیکەی گیشتەری لاتینی، گرنگی زۆری بە ڕێچکەی ریالیزمی ئەفسونگەری . بەو ستایلە بەشێکی زۆری ئەفسانە و هێماکانی کۆمەڵگەکەشی ئاوێتەی بەرهەمە ئەدەبییەکانی کردووە. لەمەشدا سەرکەوتنی گەورەی تۆمارکردووە. جگە لەو بەرهەمە ئەدەبییانەی ئامازەمان پێدا، کۆمەڵێک کتێبی دیکەی نووسیوە لەوانە Lucha hasta el alba لە 1979رافائیل باریت Rafael Barrett لە 1981 El tiranosaurio del Paraguay da sus ultimas boqueadas لە 1986? El texto cautivo: el escritor y su obra لە 1990.

گۆنتەر گراس و نازییەت



بۆتان جەلال

وەرگری خەلاتی نۆبڵی ئادەب، نووسەری ئەڵمانی ناودار گۆنتەر گراس ، لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (فرانکفۆرتەر) دەرکاندوویەتی کە لە ڕۆژانی جەنگی دووەمی جیهانیدا، پاڵپشتی و هاوکاریی حیزبی نازییەکانی کردووە. ئەم دەرکاندنەی گۆنتەر گراسبۆ ئەوسا نوێ بوو و پێشتر بە پێچەوانەوە وا ناسرابوو کە دژی هیتلەر و نازییەکان خەباتی کردووە و دژایەتی بیرۆکەی نازییەکانی کردووە، هەروەها ئەوەیشی ڕاگەیاندووە کە لە مانگەکانی دوایی ئەو جەنگە دا داواکارییەکی خۆی بەرز کردۆتەوە و ، داوای کردووە کە کار لە نێو یەکێک لە کەشتیە جەنگییەکاندا بکات، بەڵام داواکارییەکەیان ڕەت کردۆتەوە، پاشان دەچێتە دەستگەی ((S.Sی هەوالگری لە ڕۆژهەلاتی ئەڵمانیا.

گۆنتەر گراس ساڵی **1927** لە بەندەری دانسینگ، کە دەکەوێتە نێوان ئەڵمانیا و پۆڵەندا لە دایک بووە، لە هەڕەتی لاویەتیدا دەچێتە ڕێزی پێشەنگانی هیتلەر کە ڕێکخراوێکی تایبەت بە هیتلەر بووە، بەشداری لە جەنگی دووەمی جیهانیدا کردووە و چەند ساڵێک بەدیل گیراوە و نێردراوەتە ئەمریکا، چەندین بەرهەمی دژ بە نازییەکان و بیر و بۆچوونەکانیانی نووسیوە و ، یەکێک لەو شاکارانەی ڕۆمانی (تەپڵی تەنەکە) بوو، کە لە ڕێگەی چاپکردنی ئەو ڕۆمانەوە، لە ساڵی **1999**لە ئەکادیمیای سوێدی خەلاتی نۆبڵی لە ئادەب پێ بەخشرا.

وێنەکانی نێو ئەو ڕۆمانە لە باس تاوانی نازییەکان دەکات لە پۆڵەندا، هەروەها ئامازە بە پەیڕەوکردنی دیموکراسییەت دەکات لە نێو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا کە تاکە شێوازێکە مامەڵەی نێوان دەسەلات و گەل بە ئامانج دەگەیەنێت.

ئەم نووسەرە بە یەکێک لە کەسایەتییە دیارەکانی نێودوڵی ڕۆشنبیری و سیاسی ئەڵمانی دادەنرێت، لە ڕووداوە گەرمەکانی نێو ئەڵمانیادا و هەروەها جیهاندا ڕاوێژی پێ دەکرا.

درکاندنی هاوکاریکردنی لەگەڵ دەستگەی هەوالگری نازییەکان (S.S)و هەندێ لایەنی دیکەی شاردراوە، لەگەڵ چۆنییەتی جێبەجێکردنی ئەو هاوکارییانەی بڵاوکردنەوەی لە نێو دوو توێی کتێبێکدا ئەوسا بیانووی ئەو نەهێنیانەی لە کتێبەکەیدا بۆ ئەوە گەڕاندەوە، کە پابەندبوونی بە بەها ڕەوشتییەکان وای لێ کردووە هەموو شتێک لە ژیانیدا ڕاشکاوانە بە خەڵک و خوێنەرانی ڕابگەیەنێت.

ئەو درکاندنانەی گۆنتەر گراسلە نێوەندی ڕۆشنبیری ئەڵمانیا وەکو دەنگوباسێکی لەناکاو و سەیر و سەمەرە بوو، ڕۆشنبیران زۆر بە بڵاوبوونەوەی ئەو هەوالە حەپەسان و ئیتر دەنگۆکەی بووە مایەی مشتومڕێکی زۆری نێوان دوو گرووپ، کە یەکێکیان پشتگیریان لێ کرد و ئەوی دیکەیشیان زۆر بە تووندی ڕەخنەیان لێ گرت.

بە پێچەوانەی پێشهاتەکان لە ڕۆمانی (سندووق)دا کە بەشی دووەمی یادداشتنامەکانی نووسەر لە قەڵەم دەدرێن، هیچ شتێکی تازەی نەدرکاند کە خەڵکی لێی چاوەڕوان بوون، لە ڕۆمانی (سندووق)دا بەم شێوەیە دەست پێ دەکات (باوکەکە کە تەمەنی بەرەو پیری دەڕۆیشت، بانگی منداڵەکانی کرد کە ژمارەیان چوار، پێنج، شەش، حەوت، هەشت، دەبوون دوای دڵە ڕاوکێیەکی زۆر، بڕیاریاندا بە پیل بانگەوازەکەوە بچن و هەمووییان بە دەوری میزی نانخواردنەکەدا کۆبوونەوە).

گۆنتەر گراس لە نووسینی ئەم ڕۆمانەدا شێوازی گێڕانەوەی چیرۆکی گرتۆتە بەر، کە دەرگایەکە بۆ پرسیارێکی گرنگ دێتە پێشەوە کە ئایا لە (سندووق)دا هەموو ڕاستییەکانی درکاندووە یان ڕاستییەکان دروست کراون، وەکو خۆی دەربارەی پیشەی ڕۆمانnووسان دەڵێت ژیانی خۆی و دەکرێ وەکو کاریکی ئەدەبی سەربەخۆ لێک بدرێتەوە، لە هەمان کاتدا وەکو بەشی دووەمی یادداشتنامەکەی کە بەناوی (لەکاتی چاککردنی پیاز)دا دەستی پێ کردبوو، دابندرێت.

ئەم ستایلەی گۆنتەر گراس وەکو پشوودانێکە بە خوێنەرانی دەبەخشێ، پاش ئەوەی لە بەشی یەکەمیدا خوێنەرانی بەسەربردەی سیاسی و سەربازی و نهێنییەکانی جەنگی دووەمی جیهانی و چوونە ڕیزی نازییەکان ماندوو کردبوو، لە هەمان کاتدا دەیەوێت ساردکردنەوەیەک بخاتە ناو ئەو هێرشە زۆرەی کە لە بەشی یەکەمیدا کردبوویە سەر خوێنەرانی و، دڵیان ئارام بکاتەوە، ڕووی هێرشەکەی لە هەموو لایەک بوو، ڕۆشنبیران، ڕەخنەگران، چەپڕۆکان، ڕاستڕۆکان، هونەرمەندان، قوتابیان، هەتا خوێنەرانی ئاسایش لێی ڕاست بوونەوە و، وایان لە قەڵەم دا کە گۆنتەر گراس گاڵتەی بە خەڵک کردووە و پێشێلی بەها ڕەوشتییەکانی مرۆڤی کردووە، بەڵام لێرەدا پرسیارێکی گرنگ دێتە پێشەوە کە ئایا لە (سندووق)دا هەموو ڕاستییەکانی درکاندووە یان وەکو خۆی دەربارەی پیشەی ڕۆمانnووسان دەڵێت (نووسەر وای لەسەر فەرز دەکرێت کە درۆ بکات، ئەدەبی چاک و سەرکەوتوو ئەو جۆرە ئەدەبەیە کە درۆی بە شێوازێکی جوان نووسیبێتەوە و بەرجەستە کردبێت).



نووسەر لە ڕۆمانەکەیدا وا لە خوێنەرانی دەکات لە یەکەم دێرەوە بێنە ناو تۆڕی خەیاڵی نووسەر و بە شێوەیەک سەرنجیان ڕادەکێشێت کە خوێنەر لە گۆشەیەک دەئاخنێت و گوشاری هزری دەخاتە سەری و وای ڕادەکێشێ تا کۆتایی ڕۆمانەکە نەتوانێ دەستبەرداری ببێت.

ئەگەر چی لە بەشی یەکەمی یادداشتنامەکەدا، نهێنی سەیر و موفاجەئاتی گرنگی هەبوون، لە بەشی دووەم دا ئامانجی پشوودانی خوێنەری پێکابوو، لە درکاندنی شتی نوێ خاڵی بوو، بەڵام کێ دەڵێت لە بەشی سێیەم دا شتی زۆر گەورە نااڵێت و کۆمەڵێک نهێنی تازەی ژیانی خۆی ناخاتە سەر میزی گفتوگۆ، بە تایبەتی گۆنتەر گراس لە تەمەنێکی گەوردا دەڕێت و دەیەوێت خۆی پاقژ بکاتەوە و چی هەیە هەمووی بڵێت و نەسڵەمێتەوە.





تا ئێستاش نازناوی پاڵەوانێتییەکان بەدەست دەهێنێت

ئافرەتێک تەمەنی 75ساڵە و بەردەوامە لە یاری کردنی شەترەنج

هاوار مورتکەیی

رانی حەمید ئەو ئافرەتە بەنگلادیشییەیە کە تەمەنی گەیشتۆتە 75ساڵ و تا ئێستاش بەردەوامە لە بەدەستهێنانی نازناوی پاڵەوانێتییەکان، چەند رۆژێکە ئەو هەواڵە لە میدیاکانی جیهان بووەتە بابەتێکی سەرنج راکێش.

رانی کە لە ساڵی 1944لەدایک بووە، یەکەمین ئافرەتی ئەو وڵاتە بوو کە لە ساڵی 1985بڕوانامەی مامۆستای نێودەوڵەتی بەدەستهێنا (WIM)،ئەو خاڵە ئێستا لە تەندروستییەکی باشدایە و بەردەوام بەشداری پاڵەوانێتییەکانی شەترەنج دەکات لە وڵاتەکەی، و تا ئێستاش لەنازناوەکان دوورنەکەوتۆتەوە، کە پێشتر بڕ 6ساڵ لەسەر یەکتری پاڵەوانی بەنگلادیش بووە لە ساڵەکانی 1979تا 1984و 3جاریش پاڵەوانێتی بەریتانیای بەدستهێناوە.

رانی حەمید کە لە تەمەنی 15ساڵی شووی کردووە و لە تەمەنی 34ساڵیدا دەستی بەشترەنج کردووە، پێرێ لەتەمەنی 75ساڵیدا بەشداری پاڵەوانێتییەکی شەترەنجی کرد لە بەنگلادیش و توانی نازناوەکە بباتەوە و نازناوی خانمی نیشتمانی بەنگلادیشی پێ بەخشرا.



هازارد: بەخۆم رەخنە لەخۆم دەگرم

ئیدین هازاردی بەلژیکی، ئەستێرەی ریال مەدرید، جەختی لەوە کردەوە، میژووی دریسی ژمارە 7لە ریال مەدرید بەباشی دەزانێت. هازارد لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا وەڵامی هەندێک پرسیاری دایەوە و وتی:"وا هەست دەکەم ئێستا زۆر باشم، هەمووان چاوەڕێی شتی زۆر لە من دەکەن، خۆیشم هەروا، من دەتوانم شتی باشتر پێشکەش بکەم". ئاماژەی بەوەش کرد:"من خۆم رەخنە لەخۆم دەگرم، شتەکان هەتا ئێستا هەمووی نموونەیی نین، بەڵام ئومێدەوارم، لە یارییەکانی داهاتوودا، ئەوپەڕی تواناکانم بخەمە گەڕ". لە بارەی ئەو رەخنانەی لێی دەگیرێت وتی:"من بە رەخنەکان وەڕس نابم، هەمووان چاوەڕێی زۆر شت لە من دەکەن، وەکو تۆمارکردنی هاتریک لە هەموو یارییەکدا، بۆیە دەبێت خۆم بسەلمێنم، چونکە خەڵکی بینوویانە لە فەرەنسا، بەلژیکا و چێلسی چیم کردووە، ئێستاش دەبێت خۆم باشتر بکەم، بۆ ئەوەی جەماوەر شانازییم پێوە بکەن". هازارد لە بارەی رەوشی جەستەیی خۆیەوە وتی:"وا هەست دەکەم ئێستا لە رووی جەستەییەوە زۆر باشم، پێکانم نەماوە، تەنیا پێویستیم بە تۆمارکردنی گۆڵ و پاسدانی یەکلاییکەرەوەیە". هەروەها وتی:"کە تۆڕی گۆڵ دەهەژێنم، یاری باش پێشکەش دەکەم، شتەکان بۆمن ئاسانتر دەبێت، راهێنەر پێی راگەیاندووم، سەرکێشی بکەم و هەوڵی زیاتر بدەم، دەبێت شایستەی ئەو متمانەیە بم و ئارامیش بگرم". هازارد لە بارەی زێدانی راهێنەریەوە وتی:"ئێمە هەموومان لە زێدانەوە شت فێر دەبین، هەمو راهێنەرەکان شتیان فێر کردووم". لە بارەی دریسی ژمارە 7وتی:"میژووی ژمارە 7لەو یانەیە باش دەزانم، هیچ شکم لە تواناکانی خۆم نییە و زۆریش متمانەم بە خۆم هەیە، بۆیە دەبێت تواناکانی خۆم بسەلێنم و ئەوپەڕی ئاستم لە یارییەکاندا پێشکەش بکەم". لە بارەی بەدەستهێنانی نازناوی لیگا وچامپیۆنس لیگیش وتی:"هەمو میژووی ریال و پەیوەندی بە چامپیۆنس لیگەوە دەزانن، بەڵام لە مەدریدا، ئێمە چاومان لە بەدەستهێنانی هەمو نازناوەکانە".

رەمزی میرەکانی

ماگوایەر حەزدەکات ببێتە کاپتنی مان یونایتد

هاری ماگوایەر دەرگریکاری یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی حەزدەکات رۆژێ لە رۆژان ببێتە کاپتنی یانەی مانچستەر یونایتد، لەهەمان کاتیش هیواخوازە یانەکەی بگەڕێتەوە ئاستی راستەقینەی خۆی.

ماگوایەر دەڵێت: ئەوەی زۆر مەبەستمە باشتر کردنی ئاستی یانەکەمە، هەروەها شێوازی رابەرایەتی کردن و قسەکردنم لەناو یاریگادا هەیە و زۆر حەزدەکەم رۆژێ لە رۆژان ببمە کاپتنی ئەو یانەیە، هەروەها گوتی: بەڵام ئەوەی زۆر بەلامەوە گرنگە ئەوەیە کە باردۆخی تیپەکەم جێگیر بێتەوە و ئاستی راستەقینەشی بگەڕێتەوە.

ئەتلەتیکۆ رازی نییە جامی سوپەری ئیسپانی لە سعودیە بەڕێوەببێت



پێشنیار کرابوو کە جامی سوپەری ئیسپانی بۆ تۆپی پێ لە کانونی دووەمی ساڵی 2020 بە سیستەمە تازەکەی لە سعودیە بەڕێوەببچێت، بەڵام هەرزوو ئەمە لەلایەن کلیمنتی فیلاڤێردی بەڕێوەبەری یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید ڕەتکرایەوە.

کلیمنتی دەڵێت: تیپەکەمان پێی باشترە یاریەکە لە وڵاتێک ئەنجام بدرێت کە ریز لە مافی مرۆڤ و ڕەوشت هەڵوێستەکان بگرێت، ئێمە ئاگادارین سعودیە بەدەست کێشەوە دەناڵێنێت، بەتایبەتیش ئەوەی پەیوەستە بە چەتەوە، بۆیە باش نییە لەجامی سوپەری ئیسپانی لەوێ یاری بکەین، هەروەها گوتی: پێویستە تا کۆتایی چاوەڕێ بکەین کە بزانین لە کوێ بڕیار دەدرێت ئەو یاریە بکرێت.

جێی باسە بەسیستمی تازەکەی ئەم پاڵەوانێتییە، بەرشلۆنە و ڤالانسیا پاڵەوانانی جام و خولی ئیسپانین، هەروەها ئەتلەتیکۆ مەدرید خاوەنی پلە دووی لالیگا و ریال مەدریدیش خاونی پلە سێیەم بەشداری دەکەن، شێوازی یاریکردنەکەش بەشێوەی گروپ نارِوا.

رۆنالّدۆ بیر لە وازهێنان دەکاتەوە

کریستسانۆ رۆنالّدۆی پورتوگالی دانی بەوەدانا کە بیر لە دوارۆژی خۆی هەدەکاتەوە لەدەرەوەی یاریگاکانی تۆپی پێ و ئاماژەی بۆ ئەوەدا لەوانەیە لەکاتیکی زووەوا واز لەیاریکردن بهێنێت.

رۆنالدۆ لە لیدوانیکیدا بۆ سایتی سپۆرت بایبل رایگەیاند کە ئێستا چێژ لە یاریکردن دەبینێت، هەروەها ئەو چێژیش بەوانە بەخشیوە کە سەیری دەکەن، بەڵام ئەوەی دووپات کردەوە کە چەند ساڵێکە بیر لە ژیانی دەرەوەی یاریگا دەکاتەوە، بەڵام ئەو یاریزانە تەمەن 34ساڵە ئاماژەی بۆ ئەوەنەکردووە کە چ کاتێک هەڵدەبژێرێت کاتێک واز لە یاریکردن دێنێت.

ئەو سایتە لەپەراویزی لێدوانەکەی رۆنالّدۆ ئاماژەی بۆ ئەوەکردووە کە رەنگە دوای وازهێنانبچێتە نیودونیای بازرگانی بەتایبەتیش لەبواری ڕێکلام و بازرگانی گەڵ و یەلی وەرزشییەوە.



بۆچی کلۆپ لە مانی تورەبوو؟



بۆ یەکەمین جار سادیۆ مانی سەنیگالی و یاریزانی یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی باس لە کێشەکەی دەکات کە لەگەڵ محەمەد سەلاحی هاوڕێی، کاتێک مانی لە یارییەکەیان بەرامبەر بیرنلی هێنرایە دەرەوە، زۆر تورەبوو، کلۆپی راهێنەریش بۆیە دەریکرد چونکە مانی هیچ تۆپێکی نەدەدایە سەلاح.

مانی لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەگەریدا لە سالزبۆرگ گوتی: لە تۆپی پێدا ئەو شتانە روودەدەن، من دەمویست زیاتر گۆل تۆمار بکەین، هیچ شتێکی تر رووی نەدابوو، لەوانەیە لەگەڵ سەلاح یەکتریمان نەبینیایە، بۆیە شتیکی ئەنقەست نەبوو، دواجار من و سەلاح هەر خاوڕێین.

هێرناندێز: زیادەڕۆیی لە نرخی گواستنەوەی یاریزانداندا دەکرێت



لۆکاس هێرناندێز کە بووەتە بەنرخترین بەرگریکار لە میژووی یانەی بایرن میونشن پێی وایە ئەو بڕە پارە زۆرەی لە بازاری گواستنەوەدا بە یاریزانان دەدرێت زیاد لەپێویست سەردەڕۆیی تێدایە و هیچ شیاو نییە ئەو پارە زۆرە بە یاریزانان دەدرێت.

ئەو یاریزانە فەرەنسیە دەڵێت: ئەو پارە زۆرەی بە یاریزانان دەدرێت کاریگەری نەرێنی بۆ سەر خوودی ئەو یاریزانەوە دەبێت، هەوڕەها دەڵێت: بەمدواییە بەشێوەیەکی گەورە زیادەڕۆیی لە بەهای یاریزانان کراوە و هیچ پیویست ناکات نرخی یاریزانان لە بازارەکانی گواستنەوەدا بگاتە ئەو ئاستە.

هەڵوێستی پێشەنگانی 5 خولە گەورەکەی ئەورووپا



بەتێپەربوونی چەند یارییەکی پینج خولە گەورەکەی ئەورووپا، رکابەری لەسەر پێشەنگی خولەکان تادێت پەردەدسێنێت و و هەندێ یانە بەبێ ئەوەی خاڵێکی لەدەستدابێت پێشەنگی خولی وڵاتەکەی گرتووە، ئەمەی خوارەوەش هەڵوێستی یانەکانی ئەو 5خولە گەورەی ئەورووپایە:

لیڤەرپوول: پێشەنگی خولی ئینگلیزی گرتووە بە 21خاڵ لە 7یاریدا، واتە کۆی خاڵەکانی ئەو 7جەولەی بردۆتەوە.

ریال مەدرید: پێشەنگی خولەی ئیسپانی گرتووە بە 15خاڵ لە حەوت جەولەدا کە چوار یاری بردۆتەوە و سێ یاریش بەرامبەر بووە.

ئینتەر میلان: خاوەنی 18خاڵە و پێشەنگی خولی ئیتالی گرتووە بەبێ دۆڕان کە هەر 6 یاری بردۆتەوە.

بایرن میونشن: ئەم وەرزە مەینەتی زۆری بینی، بە 14خاڵ پێشەنگی خولی ئەڵمانی گرتووە، کە بریتی بووە لە 4بردنەوە و دوو بەرامبەر بوون.

پاریس سان جێرمان: پێشەنگی خولی فەرەنسای گرتووە بە 18خاڵ لە 8یارییدا کە 6 یاریی بردۆتەوە و دوو یاریشی دۆڕاندووە

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیلی:
reklam@xebat.net
بەشی تاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Thu, 3. Oct. 2019 No: (5841)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

خۆشەوی هیرانی
«مەتەڵی عیشق» بڵاوەکاتەوە



توانا زرار:
هونەرمەندی گۆرانیبێژ خۆشەوی هیرانی سەبارەت بەدواین کاری هونەری خۆی بە ڕۆژنامەی خەباتی ڕایگەیاند، لەئێستادا سەرقاڵی بەرهەمێکی نوێیە. ئەویش گۆرانیەکە بەناوی (مەتەڵی عیشق) کە لە تێکستی شاعیر (یوسفی حەمە ڕەشید)ە و ئاوازی خۆیەتی، کاری میوزیک و ئەرێنجی لەلایەن (ئەحمەد حاجتمەند) بۆ ئەنجام دراوە و لە ستۆدیۆی (لایف) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تۆمارکراوە. هەروەها کاری وێنەگرتنی بەرهەمە تازەکەی خۆشەوی هیرانی لەلایەن دەرهێنەر (ناسر حەیدەری) وێنەی بۆ گیراوە کە لەچەند ڕۆژی داهاتوو وەک ڤیدیۆ کلیپ لەمیدیاکان بڵاودەبێتەوە.
خۆشەوی هیرانی بۆکارە تازەکەی گوتیشی ئەم بەرهەمەم جیاوازە لەگەڵ کارەکانی پێشوم کارم تیاداکردووە و شێوازی گۆرانیەکە پۆپ میوزیکەو یەکێک دەبێت لەباشترین کارەکانم.. شایانی باسە هونەرمەند خۆشەوی هیرانی لە ساڵی 2003یەکەم گۆرانی خۆی بڵاوکردەوە و لەئێستادا خاوەنی دوو ئەلبوومی گۆرانیە و لەمساڵیشدا چەند گۆرانیەکی بەشێوازی سینگڵ تراک بلاوکردەوە کە لەلایەن جەماوەرەوە پێشوازییەکی باشی لێکرا.

سوودەکانی هەنجیر

توانا زرار


ئەم وەرزەی ساڵ هەنجیر بوونی هەیە.بەیەکێک لە خواردنە بە تام پڕ لەزەتەکان هەژمار دەکرێت و خەڵکانێکی زۆر حەز بە خواردنی دەکەن.هەنجیر بۆ چارەسەرکردنی قەبزی بە تایبەتی بۆ ئافرەتانی سکپڕ سوودی هەیە .دەبێت چوار هەنجیری وشک لە ناو ئاو نەرم بکرێتەوە لە یەک کوپی ئاو تا کاتی ئێوارەان ئینجا بەیانیان بیخۆیتەوە لەگەڵ خواردنەوەی ئاوی گیراوەکە پێش نانی بەیانیان.هەروەها کولاوی گەڵای داری هەنجیر باشە بۆ ڕێکخستنی ڕێژەی خووی مانگانەی ئافرەتان و باشە بۆ چارەسەرکردنی کۆکە.لەگەڵ ئەوەشدا باشە بۆ غەرغەرەی ناو دەم دژ بە هەوکردنی میکرۆبی ددان و پووک سودی هەیە.گیراوەی هەنجیری ووشک باشە بۆ زیادکردنی ڕێژەی میز. ڕێژەی شیر لە دایک زیاد دەکات.جگە لەوەش بۆ چارەسەرکردن و خاوبوونی ریخۆڵە سودی هەیە. هەنجیر باشە بۆ بەهێزکردنی مندالْ وهەرزەکار و وەرزشکار و مرۆڤی لاواز.شیری هەنجیر لەگەڵ گیراوەی گەڵای داری هەنجیر وەکو مەڵهەم بەکاردێت بۆ کەمکردنی ئازاری مایەسیری پێش نووستن و لەکاتی بەیانیان. هەروەها وەکو مەڵهەم بۆ چارەسەرکردنی زیبکەی دەم وچاو و نەخۆشییەکانی گەرۆ و صەدەف سودی هەیە.باشیشە بۆ کێشەکانی هەرسکردن و ناتەواوی سووری مانگانە .





داده.. تازەترین بەرهەمی دینایە

وریشە عومەر: خانمە هونەرمەندی گۆرانیبێژ دینا تازەترین گۆرانی خۆی بڵاوەکاتەوە بەشێوەی ڤیدیۆ کلیپی ئەم گۆرانییەی دینا ناوی دادەیە و وەک بەرهەمەکانی پێشووتر لەلایەن هونەرمەند و ئاوازدانەر هەڵکەوت زاهیر ئامادەکراوە.داده بەشێوازێکی جیاواز و بۆیەکەمجارە کارێکی لەم شێوەیە بۆ منداڵ کرابێت کەباس لەخۆشەویستی نێوانیان بکات لەگەڵ خوشکی لەخۆی گەورەتردا و بەستایلێکی نوێ کاری بۆکراوە.دیانا یەکێکە لە خانمە هونەرمەندانەی لەم چەند ساڵەی دوایدا وەک زۆرێک لە خانمە هونەرمەندە کانی دیکە لەسەر دەستی هەڵکەوت زاهیر هاتە نێو کاری هونەری و لە ڕێگەی جوانی و بەرهەمەکانی بەچەند بەرهەمێکی کەم ناوبانگی دەرکرد. لە ئێستاشدا خاوەن چەند بەرهەمێکی دیارو بەرچاوە.



فۆتۆگرافەر (جیهانگیر گەردی):
ئاستی وێنەگرانی فوتوگراف لە کوردستان تارادەیەک پێشکەوتووە باشی بە خۆیەوە بینیووە
وێنەگری فۆتۆگراف، تارادەیەک ئاسانترە لە کاری وێنەگری ڤیدیۆیی

هەڵپەیژین/ کامەران حاجی ئەلیاس

کاری هونەری فۆتۆگرافی پێویستی بەسەلیقەو توانستی باش هەیە ، هونەرمەندی فۆتۆگراف دەبێ شارەزایەکی باشی هەبێت بۆ ئەوەی بتوانی لەڕێگەی زوومی کامیراکەی سەرنجی بینەر بۆخۆی ڕابکێشێت فۆتۆگراف، (جیهانگیر گەردی) عەیامێکە لە وبواردا کار دەکات بەمەبەستی ئاشنا بوون بە چۆنیەتی هەڵبژاردنی ئەم هونەرە بە چەند پرسیارێک بەسەرمان کردەوە.

کورتەیەک لە ژیانی هونەری خۆت؟
ناوی تەواوم (جیهانگیر ئیبراهیم حەمد)ە ناسراوم بە(جیهانگیر گەردی) ساڵی 1963 لەپیرە هەولێرێ لەدایک بوومە ،دەستپێکی کاری وێنە گریم بۆ ساڵی 1979 دەگەڕێتەوە بە هۆی کوڕی پلکم خوالێخوشبێت (جلال خدر) خاوەنی وێنەگری ئەتلەس لە هەولێر دەستی پێکرد لەسەر دەستی ئەو فێری ئەلف و بێی وێنەگری بووم هەروەها کاک (شێرزاد گەردی) برا گەورەم هاوکاری باشم بووە.

بەشداری چەند پیشانگای هاوبەشت کردوە؟
تائێستا بە شداریم لە (22) پیشانگەی هاوبەشم کردوە لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان.

کۆمەڵەی وێنە گرانی کوردستان تاچەند پالپشتی هونەرمەندانی فۆتۆگراف دەکات؟
ئەوەی راستی بێت کۆمەڵەی وێنە گرانی کوردستان هاوکارو پالپشتی زۆربەی وێنەگرانی فۆتوگرافەرە بەبێ جیاوزی ئنجا چ لە ڕووی کردنەوەی خول بێت و یاخود هاوکاری مادەی و مە عنەوی بە پێی توانا و ئەو دەسەلاتەی هەیانە ، بۆ بڕەودان بە بواری فۆتۆگرافی تائێستا بە دە یان خولی بۆ ئارەزوو مەندانی فۆتگرافەران کردۆتەوە.

ئاستی هونەری فۆتۆگراف لە کوردستان چۆن دەبینی؟
ئاستی وێنەگرانی فوتوگراف لە کوردستان تارادەیەک پێشکەوتووە باشی بە خۆیەوە بینیووە ،بەتایبەتی لە ڕووی تەنکیکی هونەری بەڵگەش بۆ قسەکانم بوونی چەندین گروپ و کومەڵەو ڕێکخراوی هونەری فۆتۆگرافە چالاکی بەردەوامە لە بوارەکانی سیمینار و کردنەوەی پیشانگەی هاوبەش بەشداری گەنجان ولاوان لەسەرجەم پیشانگاکان چ لە کوردستان بێت یان لەدەرەوەی کوردستان بێت.

ئەو بابەتە چین، کە تۆ وێنەیان دەگریت؟
ئەو بوارەی من خۆمی تێدا دەبینم زیاتر وێنەی سروشتین وە ئەو گرتانەی کە لە ناکاو دەیانبینم و پێم جوانن و پێی سەرسام وێنەیان دەگرم ... لەلایەکی تریش من پەیوەندیەکی زور باشم هەیە لەگەڵ هەموو ئەو هونەرمەندانەی لەبواری جیاجیا کار دەکەن بۆ ئەو رشیف کردنی کارە کانیان زۆربەیان ئەو کارە بەمن دەسپێرن ، بۆیە ئیستا وێنەی زۆربەی وێنەی هونەرمەندان و لە گەڵ کارە هونەرییەکانیان لەلای من پارێزراون.

جیاوازی لە نێوان وێنەگرتنی فۆتۆی و ڤیدیۆدا چیە؟
جیاوازیەکەی زۆر کەمە کامیرەمانی ڤیدیۆ دەبێت هەمان هە ست و نە ستی کامیرە مانی فۆتۆی هەبێت، وە دە بێت زانیاری لە سەر شێوەی گرتنی هونەری فۆتۆ هەبێت لە هەمان کاتدا هەندێ زانیاری جیاواز و زیاتری هە بێت ، وە ک ئەوەی چۆن کامیرای لەسەرشانی جێگیر دەکات وە چۆن جوولەی پانلێفت و پانراێت جێبەجێ دەکات.. بە واتەی جوڵەی کامیرا بۆ لای راست و چەپ وە چۆن گرتەی نمایشی دەگرێت چونکە وێنەگرتنەکە جوولەی تیدایە بۆیە پێویستە بزانێت چۆن تۆماری دەکات جیاوازی نێوان فۆتۆ و ڤیدیۆ لە بواری کارکردن یاخود لە بواری هونەریەکەی دە بێت وێنەگری ڤیدیۆ باگراوندێکی فۆتۆیشی هەبێت بیت چونکە هەرگرتە یەک کە لە سەرە تا دەست پێدەکات دە بێت بزانیت چۆن دارشتنەوەکەی دەکات وەکو کۆمپۆزشنەکەی بزانیت. بۆ نموونە لە هاوسەنگی و رە نگ و شارەزایی هە بێت لە سەر لینزەکان (هاوێنە) بۆ نموونە لینزی گۆشەکراوە کەی و بۆچی بە کاردێت وە تەلی فۆتۆ کەی بەکار دێنیت بە مانای ئەوەی چۆن گۆشەکان تێسیر لەدیمە نەکان دە کات.. بۆ نموونە گرتەی کلۆزو میدیەم و عام.. ئەوانە هەمووی لە بنەماکانی سەرەکی وێنەگرتنی فۆتۆگرافە بۆیە ئەگەر فۆتۆگراف ئەو زانیاریانەی نەبێت لەکارەکەی سەرکەوتوو نابێت واتە کارەکەی پوخت نابێت... وێنەگری فۆتۆگراف تارادەیەک ئاسانترە لە کاری وێنەگری ڤیدیۆیی.

رووناکی و سێبەر رۆڵیکی سەرەکی لە وێنە دەبینێت ئێوە چۆن دەڕوانە ئەم دوو فاکتەرە؟
بێگومان رووناکی و سیبەر هەردووکیان رۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لەبەرجە ستەکردنی وێنە کە بەتایبە تی گرتەی هونەری یاخود وێنەی نمایشی شانۆیی یاخود سینەمایی، چونکە ئەگەر لە هەر وێنەیەکی هونەری هەستت بە سێبەر و رووناکی نەکرد ئەوا هیچ چێژ لە وێنەکە نابینیت و وێنەیەکی وشک و سارد دەبێت ، بەڵام بە بوونی سێبەرو رووناکی لە هەر گرتەیەکی هونەری ئەوا زیاتر چێژ لە بینینی دەکەیت و ئارمیەیەک دەبەخشێتە هەست و میشکی بینەر .. ئینجا چ لە کاری فۆتۆیی بیت، یاخود لە گرتەی دیەنێکی ڤیدیۆیی بێت.



یەکێک لە وێنەکانی فۆتۆگرافەر جیهانگیر گەردی